ناوی کتێب:

# کورد، پێویستیی بەیەک زمانی نووسینی نیشتمانیی هەیە

نووسینی:

هەندرێن و کامیار سابیر

ناوەڕۆکی ئەم کتێبە:

ئەمە چوار وتار و توێژینەوەی کورتە، لەساڵی 2008 دا بەیەکەوە لەسەر زمانی کوردیی و بایەخی بەستانەردکردنی زمانی کوردیی نووسیومانە. وتاری یەکەم، دەکرێ بڵێین، وتارێکی شیکاریی و کولتوورییە لەسەر هەلومەرجی نووسینی کوردیی، بەڵام وتار و توێژینەوەکانی تر، راستەوخۆ لەسەر ستاندەردایزی زمانی کوردیی لە کوردستانی باشووردا ( کوردستانی عێراق) دەکۆڵێتەوە. بەپێویستمانزانی کە بەشێوەی کتێبێک کۆیانبکەینەوەو بەچاپیان بگەیەنین.

دیارە پێشتر ئەم کتێبە لە دەسگای چاپ و پەخشی سەردەم بەژمارەی سپاردنی 1829ی ساڵی 2009( سلێمانیی-کوردستان) بڵاو بووەتەوە، بەڵام پاش لێقرتاندنێکی زۆری بابەتەکانی، ئەوەیش بۆ ئەو دۆخە دەگەڕێتەوە کە رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان پارتیی و یەکێتیی چەند رێگرە لە ئازادیی رادەربڕین و دامودەسگاکانی ئەو دوو حیزبە چۆن بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکانیان بەکاری دەهێنن. سەرەڕای ئەو لێقرتاندنانەش(لەم کۆپییەدا دامانناونەتەوە)، سوپاسی بەڕێزان شێرزاد حەسەن و ئازاد بەرزنجیی دەکەین بۆ هاوکارییەکانیان لە چاپکردنی کتێبەکەدا. هاوکات سوپاسی " باران" دەکەین کە دیزایینی بەرگی کتێبەکەی کێشا.

بابەتەکانی ئەم کتێبە:

1. نەبوونی ژۆرناڵی ئەکادیمیی کوردیی: ئەدگاری رۆژنامەنووسیی و رۆماننووسیی
2. زمانی کوردیی لە نێوان ئایدیۆلۆژیا و زمانناسییدا
3. کورد، پێویستیی بەیەک زمانی نووسینی نیشتمانیی هەیە
4. زمانی ستاندەردی کوردیی لە نێوان گەندەڵیی دەسەڵات و زاراوەپەرستییدا

( ١ )

## (( نەبوونی ژۆرناڵی ئەکادیمیی کوردیی: ئەدگاری رۆژنامەنووسیی و رۆماننووسیی))

ئەم نووسینە، دەکرێ لەیەک کاتدا بگوترێ، پرۆژەیەکە بۆ ژۆرناڵی ئەکادیمیی کوردیی، وتارێکی مەودا فراوانە و کێماسییەکانی تێکستی کوردیی شرۆڤە دەکات. تەنانەت دەکرێ بشگوترێ توێژینەوەیەکی کورتە لەسەر تێکستی کوردیی، ئاستی ژۆرناڵی ئەکادیمیی کوردیی و گوتاری رۆشنبیریی کورد کە لە منگەمنگ و مەنەلۆگ پڕاوپڕە.

باسەکە بەسەر دوو تەوەرەی سەرەکییدا دابەش بووە:
یەکەم- نەبوونی ژۆرناڵی کوردیی
دووەم- مێنتاڵی رۆژنامەنووسیی و رۆماننووسیی لە تێکستی کوردییدا.

بابەتەکە هەوڵدەدات، تێکهەڵێکێشیی و لینکێکی بەهێز لەنێوان بایەخنەدان بە ژۆرناڵی کوردیی لەلایەک و سەرکردنە سەر نووسین بە مێنتاڵی رۆژنامەوانیی و رۆماننووسیی بدۆزێتەوە و دەست بخاتە سەر کەموکوڕییەکان و چارەسەرییەکانی ئەو شێرپەنجەیەی لە ئەدگاری رۆژنامەنووسیی و رۆماننووسیی خوێنەرێکی زۆر و نووسەرانێکی بەرچاودا بوونیان هەیە. بنبڕکردنی ئەم تەنگژەیە و کارەساتی بێ تێکستییەش لە بنیاتنانی چەندین ژۆرناڵی تەواو ئەکادیمیی و ستاندەرد و پێرفێکتدا بەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکانی رۆژئاوا دەبینێتەوە.

هەرکەس بەتێڕوانینێکی ورد و ئەکادیمییانەوە لە تێکستی کوردیی و چاپەمەنیی کوردیی ورد ببێتەوە، هەست دەکات لە بواری لێکۆڵینەوە و راقەی ئەکادیمیی بە تایبەتیی و رۆژنامەوانییشدا بە گشتی، بۆشاییەکی گەورە لە چاپەمەنیی کوردییدا هەیە. ئەو بۆشاییە بە بڕوای ئەم نووسینە،"ژۆرناڵە" و بەدروستییش ژۆرناڵی ئەکادیمییە. هاوکات ئەم باسە پێیوایە، ئەوەی هەتا ئێستا لە ئەدەبی کوردیی و تێکستی کوردییدا دەگوترێ و دەگوترێتەوە، دەنووسرێ و دەنووسرێتەوە، لەچەشنی گۆڤار، کۆوار، بڵاوکراوەی هەفتانە، مانگانە، وەرزییانە....تاد، هەموویان لە خانەی (کاتەگۆری) ئەو بڵاوکراوەیەدا دەخولێنەوە کە بە ئینگلیزیی Magazine ی پێ دەگوترێ.

نەبوونی ژۆرناڵی پرۆفێشناڵ و ئەکادیمیی لە ئەدەبی کوردیی و دەقی کوردیی و کێڵگەکانی پەروەردە و زانست و لێکۆڵینەوەکاندا دەردێکی ئەوەندە کوشندە و درێژخایەنە، پێویستی بەچارەسەرییەکی زۆر ورد و بەپەلە هەیە. دیارە مەبەست لەو ژۆرناڵە ئەکادیمییە، تەرزە گۆڤارێک، بڵاوکراوەیەکی زنجیرەیی مانگانە یان وەرزییە کە دەستەیەک نووسەر یان لێکۆڵەر و پسپۆڕ لە بواری ئەدەبیی، کۆمەڵناسیی، زانستی سیاسیی، ئابووریی، هزریی، ئەنسرۆپۆلۆجی، سوسیۆلۆجی، زانست و تەکنەلۆژیا و ... تاد سەرپەرشتیی بکەن. بەڕێوەبەرانی ئەو چەشنە ژۆرناڵە ئەکادیمییە بە شێوەیەکی ئەکادیمیی لە هەر ژمارەیەکدا بابەتێک لە شێوەی تەوەرەدا "سێماتیک-Thematic"هەڵدەبژێرن و راڤە و توێژینەوەکانی خۆیان و نووسەرانی ئەو بوارانە بڵاودەکەنەوە. دیارە لە رۆژئاوادا هەر یەکە لە ئینستیتیوشنەکان و زانستگاکان و کۆلێژەکان لای کەم ژۆرناڵێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

بۆیە مەرج نییە ئەو بابەتانەی کە لەو چەشنە ژۆرناڵە ئەکادیمییانەدا بڵاودەبنەوە، خودی نووسەرەکانیان، وەک ئەوەی لەکوردستان باوە، نووسەری هەموو بوارەکان بن، بەڵکو ئەوانە تەنێ لە بواری بابەتەکەی خۆیاندا توێژینەوەی خۆیان پێشکەش دەکەن. هاوکاتیش ژۆرناڵێکی ئەکادیمیی، بریتیی نییە لەو بڵاوکراوەیەی کە هەر لە بابەتی فۆلکلۆر، هونەر، ئەستێرەناسییەوە تا دەگاتە نوکتە و فەلسەفەی تێدا بڵاوبکرێنەوە، بەڵکو ئەو ژۆرناڵە ئەکادیمییە، هەر ژمارە یان زنجیرەیەکی لە روانگە تیۆرییەکانەوە چەند بابەتێکی دیاریکراو و تەوەرەیەکی تایبەت شییدەکاتەوە.

بەهۆی نەبوونی ئەو چەشنە ژۆرناڵە و پسپۆریی لەو ئاقارەدا، خەریکە هەموو بوارەکانی چاپەمەنیی کورد شێوە زمانی رۆژنامەوانیی وەربگرن. هەر بۆیە ئەمرۆ بۆ خوێنەر ئاسان نییە کە وتارێکی رۆژنامەوانیی و تیۆریی لێک جودا بکاتەوە. بەمجۆرە نائامادەیی ئەو بوارە ئەکادیمییە و باڵادەستبوونی ئەو زمانە رۆژنامەوانییە لە ژیانی رۆشنبیریی کوردییدا، خەریکە بەتەواویی، نەریتی پەروەردەیەکی نالەبار بەرهەمدەهێنێ.

ئەگەر کار وابڕوات بەپێی ئەو مێنتاڵە رۆژنامەوانییە بێ، ئەو نەوە خوێنەرەی داهاتووی کورد، دەبێتە خوێنەری رووکەش و جەڵەبیی. هاوکاتیش نووسەرگەلێکی رۆژنامەنووس-پەروەردە دەسازێنێ. شایەنی باسە، دوای رووخانی رژێمی بەعس، ئەو بۆشاییە لە بواری چاپەمەنیی کوردییدا فراوانتر بووەتەوە. چونکە لەگەڵ هاتنە ئارای مۆدەی بەناو "رێکخراوە مەدەنیی"یەکانەوە، دیاردەی رۆژنامە دەرکردن و ئەو زمانە رۆژنامەوانییە بە هەرمێنتر بوون.

هەروەک دەبینین، ئەم رۆژگارە هەر چەند هاورێییەک گردەبنەوە و رۆژنامەیەکی هەفتانە یان گۆڤارێک دەردەکەن. ئەو دیاردەیە گەیشتووەتە ئاستێک کە هەموو نووسینی کوردیی لە زمانی رۆژنامەوانییدا کورتبکرێتەوە؛ نووسەر ناچار بووە کۆی بابەتە فەلسەفەیی، ئەدەبیی، جڤاکیی، زانستیی و هزرییەکان ... تاد لە چوارچێوەی ئەو زمانە رۆژنامەوانییەدا بنووسێ.

لە ئاکامی ئەمەشدا ئاستی خوێنەر و تێگەیشتن رووکەشێنراوە؛ چونکە ئەو زمانە رۆژنامەوانییە ناتوانێ ئەودیوی رووداوەکان کە جڤاکی کوردیی گەمارۆداوە، دیاردە و پرسیارە سەختەکان هەڵکۆڵێ و راڤەیان بکات.

راستە لێرەو لەوێ، لە رابردوو و ئێستایشدا هەندێک گۆڤار هەوڵیان داوە گرینگیی بە ئەکادیمیبوون بدەن، بەڵام نەیانتوانیوە نەریتی ژۆرناڵی ئەکادیمیی و نووسینی ئەکادیمیی لە ژیانی رۆشنبیریی کوردییدا بەرهەمبهێنن. پرۆفێشناڵترین ژۆرناڵی ئەکادیمیی کوردیی تا هەنووکە دەکرێ بگوترێ "رەهەند" و "سەردەمی نوێ" بووە. بەڵام بە کرایتێریای ژۆرناڵە پرۆفێشناڵەکانی رۆژئاوا، دەکرێ بڵێین هەردووکیان لەئاستێکی زۆر زۆر بەرایی و نزمدا بوونە، تەنێ بە گوێرەی ئەدەب و تێکستی کوردیی لەئاستێکی باشدا بوونە. چونکە خودی "رەهەند و سەردەمی نوێ"، تژین لە وتاری بێ رێفرێنس و توێژینەوەی بەناو ئەکادیمیی بەڵام بەناوەڕۆک وێران، وەرگێڕانی بابەتی بیانیی، بەبێ ئەوەی خوێنەر ببرێتەوە سەر سەرچاوە سەرەکییەکە، یاخود ئاماژەیەک بە دەقە ئۆریجناڵەکە بدرێ، ئایا لە ئاسمانەوە هاتە خوارێ، لەزەوییەوە هەڵقوڵا، یان لە ژۆرناڵێکی بێ ناوونیشانەوە وەرگێڕدراوە.

سەبارەت بە رۆڵی زانکۆ و ئینستیتیوتە ئەکادیمییەکان، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە، ئەم هەموو زانکۆ ناو زل و ناوەڕۆک خاپوورەی کوردستان، بیر لە دانانی چەند ژۆرناڵێکی ئەکادیمیی سەردەمییانە بکەنەوە؟ ئەگەر بەئینگلیزییش ناتوانن، خۆ دەتوانن بەکوردیی دەستی بۆ بەرن. بەبڕوای ئەم نووسینە، هەموو ئەو گۆڤارانەی لەهەنووکەدا زانکۆکان دەریان دەکەن، هەموو شتێکن، بەس ژۆرناڵی ئەکادیمیی نیین. هاوکات ئەم نووسینە جەخت لەسەر ژۆناڵی کوردیی دەکاتەوە، ئەو پرسیارانە دەورووژێنی کە لەڕووی فیزیکیی و سایکۆلۆژییەوە پەیوەستە بە توانا و سەلیقەی نووسەر و توێژەری کوردەوە. ئایا شەرم نییە بۆ چل-میلیۆن کورد، خاوەنی تاکە یەک ژۆرناڵێکی ستاندەرد و پرۆفێشناڵ، بەگوێرەی پێوانە ئەکادیمیی و زانستییەکانی دنیا نەبێ.

مێنتاڵ و ئەدگاری رۆژنامەگەریی، مێنتاڵێکە بەسەر هزری زۆربەی نووسەر و لێکۆڵەرەوەکانی کورددا زاڵە. هەر ئەم مێنتاڵی رۆژنامەگەرییەیە، کە بڕستی داهێنان لەزۆرکەس دەبڕێ. سەختە ستوونووسێک و کۆمێنتارێک و ژۆرنالیستێک و نووسەرێک و ئەکادیمیستێکی کورد لە پانتایی تێکستەکانیاندا لێک جوێ بکرێنەوە، چونکە هەموویان ئەو مێنتاڵە بێ بەهرەیە زاڵە بەسەریاندا، یان زۆربەمان بۆ رۆژنامە دەنووسین و بۆ بابەتی رۆژنامە دەخوێنینەوەو بەنرخی رۆژیش دەخوێنینەوە و دەنووسین.

رۆژنامەنووس، وەک نیسک وایە، بەرویشتی بۆ نییە، بەڵام لەرۆژئاوادا، ئەم نیسک بوونە، پەیامێکی پیرۆز و رەواو رەوان دەگەیەنێ. لە هەڵوێستێکدا دژایەتی یان لایەنگریی حکومەت دەکات، لە بۆچوونێکدا دژایەتیی یان لایەنگریی ئۆپۆزیسیۆن دەکات و لەهەندێ شتی تریشدا بەپێی دۆخەکە دژایەتیی هەردووکیان دەکات و بەرژەوەندیی گشتیی دەخاتە سەروو هەموو

شتێکەوە. لەهەموویشی گرینگتر، زۆرترین رۆژنامەنووسانی رۆژئاوا، مەرایی بۆ دەسەڵات ناکەن و ئایدۆلۆژییانە رووداوەکان لێک نادەنەوە. لەمانەش گرینگتر، زۆربەیان هەوڵدەدەن، تەنێ لە بوارێکدا، کاربکەن و خۆیان ساغبکەنەوە، زۆربەشیان پسپۆرن لە بوارەکەی خۆیاندا.

ئەم لۆژیک و مێنتاڵی رۆژنامەنووسییەی کوردستان، هەموو بوارەکانی رووپۆش کردووە. لەیەک کاتدا، رۆژنامەنووسە، کۆمێنتارە، شیکەرەوەی سیاسییە، نووسەری وتاری فیکرییە، لەهەموویشی سەیرتر، بە خوێندنەوەی چوار کتێبی دەستی سێ و چوار، خۆی لێ دەبێتە ئەکادیمیی و ئەکادیمستانە! وتاری سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی دەنووسێ و لەپڕێکیشدا بەڕۆماننووس خۆی دەناسێنێ.

زۆربەی نووسین و توێژینەوەکانی ناو گۆڤارەکانی کوردستان و رۆژنامەکانی کوردستان، چ لە چوارچێوەی شیکردنەوەو لێکدانەوەدا بێت، یاخود لە چوارچێوەی بەڵگەهێنانەوە و ئارگیومێنت بەیەکدادانددا بێت، زۆر بەکەمیی دەستنیشانی سەرچاوەو ژێدەرەکانیان تێدا دەبینرێ. کاتێکیش دەکرێن زۆر نا ئەکادیمییانە و ناسەردەمییانە دەکرێن. بەواتایەکی تر بەکەموکوڕیی و شەقوشڕیی دەکرێن.

لەسەر فەلسەفە دەدوێ، بەڕەشکە تێکست هەڵدەڕێژێ، کەچیی کاکی نووسەر، خاتوونی نووسەر، خوێنەر ناباتەوە سەر هیچ ژێدەرێک، لەسەر سوسیۆلۆجی، کولتوور، ئەدەب، کۆمپیوتەر.....تاد بەئارەزووی خۆی رستەو پارەگراف و پەڕە لێک هەڵدەدورێ، گیانت بێتە دەرەوە، سەرچاوەیەکت پێ ناڵێت. ئەمە هەر کەمتەرخەمیی و نەزانیی نییە، ئەمە تراژیدیایەکە دەبێ بەپەلە سنووری بۆ دابنرێ، چونکە ئەمە بەرەڵایی و بێ مۆراڵییە لەنووسینی سەردەم و ئەکادیمییدا.

بەکورتیی و بەکوردیی، زۆرینەی رەهای ئەو تێکستانەی لە ئەدەبی کوردیی ئێستادا دەنووسرێن بەپێی ستاندەردە ئەکادیمییەکان، دزیی و چەتەیی و راوڕووتی تێکستی کەسانی ترن و بەناوی خۆیانەوە دەینووسن. ئەم تراژیدیای نووسینی بێ لەگوین( ریفرێنس)ە[1] دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ. بەبڕوای ئەم نووسینە، کەوتنە سەرپێی ژۆرناڵێکی سەربەخۆی کولتووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، ستاندەرد بە پێوەری ئەکادیمیی، دەتوانێ گوزرێکی گەورە لەم بەرەڵایی نووسینی بێ ریفرێنسە بدات و ئاستی ئاگایی خوێنەری کوردیش بەرەو خەمڵین ببات.

---

[1] سەبارەت بە دەستەواژەی "لەگوین" مەسعود محەمەد لە پەراوێزی کتێبەکەی "لە پەرۆشەکانی ژیان"دا، بەمجۆرە شرۆڤەی کردووە: "وشەی "لەگوین" بەرامبەر "مرجع" دێت. دارشتنەکەی کۆنە و وەک وشەی "لەبار". لاپەرە: 201.

زۆر لەوانەی شییکردنەوەو لێکدانەوەیان لەسەر ئەنفال کردووە، چ بە نووسین یان مشتومڕ، دیبەیت و سێمینار، ئاماژە بە دەربڕینێکی کلێشەیی دەدەن، گوایە ئەنفال "دۆکیومێنت نەکراوە"! لەو دەردەسەرییە، دۆکیومێنت نەکراوە! ناپرسن ئەرێ میکانیزمی ئەم دۆکیۆمێنتکردنە چییە؟ ناچن بەشوێن ئەوەدا وێڵ بن ئایا چۆن دەکرێ ئەنفال، کاری جدیی لەسەر بکرێ؟ هەندێکیان بیشیزانن، کاریان پێی نییە. ئەم نووسینە لەوبڕوایەدا تا ئەنفال لە تراژیدیایەکی واقیعییەوە نەگوازرێتەوە بۆ تێکستی واقیعیی و ئەکادیمیی( بەتایبەتییش بە زمانە رۆژئاواییەکان) ، پرۆسەی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال لەئاستی جیهانییدا لە ئەفسانەی هەندێ هەرزەکار و پانکوردیستی سیاسیی ( بەتایبەت ئەوانەی هەندەران) زیاتر هەنگاوێکی جدیی نانێ.

کوا ئەو تێکستانەی کورد لەسەر ئەنفال نووسیویەتی؟ بەزمانە بیانییەکان نا، کە ئەوەندە کەمن، مرۆڤ لەڕووی نایات باسیان بکات. مەبەست لە تێکستی کوردییە، کوا ئەو وتار و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییانەی دەیان و سەتان (سەدان) سەرچاوەی لۆکاڵیی و بیانیی کردبێ بەزەخیرەی لێکۆڵینەوەکەی؟ لای کەم رووی ئەوەیان هەبێ و شایانی ئەوەبن بۆ زمانە بیانییەکان وەربگێڕدرێن.

هۆڵۆکۆستی جوولەکە، هەر لۆبیی جووەکان و سەرمایەدارە رۆژئاواییەکان و دەسەڵاتە جۆراوجۆرە بەهێزەکان، بەم شوێنەی ئێستایان نەگەیاندووە. وەرە ژۆرناڵیک لەم دنیایەدا بدۆزەوە، بەتایبەت لە ( ئەورووپا و ئەمێریکا و کانەداو ئوسترالیا و ژاپۆن و هۆنگ کۆنگ و کۆریای باشوور و ئەفریکای باشوور ) کە بابەتی هۆڵۆکۆست ناو بەناو نەبووبێ بە باسی گەرم گوڕیان و دەیان و سەتان و هەزاران توێژەنەوەی لەسەر هۆلۆکۆست تێدا بڵاونەکرابێتەوە (لە دەستپێکردنی ژۆرناڵەکەوە تا هەنووکە). ئەم هێزەی هۆلۆکۆست هەیەتی هێزی تێکستی بەهێزە، هێزی هەزاران کتێبی دانسقەو ئەکادیمییە، هێزی دەیان و سەتان هەزار توێژینەوەو وتاری پڕلەداتاو ئەکادیمییە.

هەر لە گووگڵدا بنووسی Holocaust pdf، چاوت ژان دەکات، ئەوەندە سەتان لینکت بۆ دەکرێتەوە ئەوانیش بەسەر سەتان و هەزارانی تردا دەکرێنەوە. بەکورتییەکەی ئەنفال بە توێژینەوەو تێکستی ئەکادیمیی، بەدۆکیومێنت دەکرێ نەک بەدرۆی دەسەڵاتی سیاسیی و وڕێنەی سیاسیی حیزبییەکان و وتاری ئاگراویی ( ئەویش بەکوردیی ) و خۆڵەقوڕنانی پانکوردیست و نەتەوەپەرستەکانی کورد. راستە بڕیاری سیاسیی، هێز و قورسایی خۆی هەیە، بەڵام، بڕیاری سیاسییش لە خەرمانەی تێکستی بەهێزەوە، پاڵپشتیی و هێز کۆدەکاتەوە.

## نووسینی رۆمان و خەڕەکی نووسەرانی کورد:

دەردێکی تری لاساییکردنەوەو کۆپیکردن ئەوەیە، زۆر لەنووسەرانی کورد روو دەکەنە نووسینی رۆمان! رۆمان راستە ئەدەبێکی بەرز و تێکستێکی قورس و پڕ لەداتاو ئارگیومێنتی جۆراوجۆرە. بەڵام بۆ سەردەمی ئێستا رۆمان چارەسەری بێ تێکستیی کورد ناکات. زۆر لەوانەی خوویان داوەتە رۆمان- نووسین، بۆ خۆدزینەوەیە لە ئەرکێکی قورستتر. لە رۆماندا نووسەر ئازادە بەئارەزووی خۆی تەراتێن بەدەقەکان و زانیارییەکان و لێکدانەوەکان بکات، بەڵام نووسینی کتێبێکی ئەکادیمیی، کەتوێژینەوە بکات لەسەر بابەتێکی دیارییکراو، سەتان جار لە رۆمان سەختترە.

ئەم مێنتاڵی بەرزەفڕییەی رۆماننووسین لەناو کورددا، وەک ئەو سەردەمەیە کە پێنج دەیە لەمەوبەر Ian Watt لە هەڵکشانی ژانری رۆماندا وردەکارییەکانی روونکردبووەوە. ئەو پێیوابوو، رۆمان بەشێوەکی ئاسۆیی و شاقوولیی و تۆڕیی، رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ تاک و کۆمەڵ و فانتەسییدا دەکات( Reeves,2000 ). بەڵام ئەم مێنتاڵە هێشتا زۆر بەرایی لای نووسەرو خوێنەری کورد لە قۆناغی گغوگاڵ گغ'وگاڵ"دایە. راستە رۆمان تا هەنووکەش هێزو توانای خۆی لەدەست نەداوە، وەک ئەدەبێکی بڵند چاولێدەکرێت، یان وەک Daniel Schwarz لەسەر بالاکردنی رۆمان دەڵێ" ناچارت دەکات بکەویتە ژێر ئارگیومێنتەکانییەوە، سەرچاوەیەکیشە بۆ چێژوەرگرتن"( Schwarz,1982,p.72 ).

دیارە سەیرکردنی بابەتی ئەدەبیی بە گشتیی و رۆمانیش بە تایبەتیی وەک سەرچاوەیەک بۆ هزراندن و تێگەیشتن لە ئەزموونەکانی ژیانی مرۆڤ، پەیوەندی بە پۆستکۆلۆنیالیزم و پۆستمۆدێرنیزمەوە هەیە کە لە شەستەکان بەدواوە، دوای دارمانی ئایدیۆلۆژییەکان، ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزم، فاشیزم، کۆمۆنیزم و ... تاد لە جیهانی فەلسەفەدا هاتنە ئاراوە. بەمجۆرە دوای رمانی سیستمی هزرە ئایدیۆلۆژییەکان، چەشنە بۆشایی و گەڕەلاوژەیەکی هزریی سەریهەڵدا. لەو بۆشاییەوە پرسیارگەلێک لە دایکبوون: گەلۆ زانین ( knowledge ) چییە؟ زانست چییە...؟ ئەو پرسیارانە پردگەلێکی بۆ تێگەیشتن لە زانین دروستکرد. ئەو تێگەیشتنەش زانستی وەک بوارێکی جولاو دەبینی. هەر بۆیە لە بواری فەلسەفەدا هزرڤانانی وەک:

Maurice Blanchot, Julia Kristeva, Gilles Deleuze , Jacques Derrida, Michel Foucault, Jean-François Lyotard and Martha Nussbaum

و ئەوانیتر کە لە روانگەی پرسیاری فەلسەفییەوە توێژینەوەیان لەسەر بوارگەلێکی جیاوازی کولتووریی، ئەدەبیی و هونەری ئەنجامداوە.

ئەو توێژینەوانە پێوەندیی و تێکەلاوییان لە نێوان ئەدەب و هونەر و فەلسەفەدا بە هەڕمێنکرد. هاوکاتیش گومانکردن لەوەی کە تاکە بوارێکی زانستیی ناتوانێ لە روانگەی خۆیەوە وەلامی زانستیی تەواو بداتەوە، زەمینەی بۆ ئەوە خۆشکرد کە سەرنجدان لە فرە رەهەندیی-فرە تیۆریی ئەدەب ببێتە بابەتێکی سەرنجراکێش. بۆ نموونە لێکۆڵینەوەکانی

Kafka: Toward a Minor, لەسەر فرانز کافکا Félix Guattari و Gilles Deleuze "Literature"کافکا: بەرەو ئەدەبی کەمینە"، پێوەندییەکانی نێوان زمانی باڵا و زمانی نەویی، ئەدەبی باڵا و ئەدەبی لاوەکیی، سروشتی سیاسیی ئەو جۆرە ئەدەبانەو کۆلێکتیڤبوون و بەها روونگۆکان و enunciative ئایدێنتیتیی ئەدەبییان شرۆڤەکرد. (1986 Deleuze and Guattari, ). لێکۆڵینەوەی ژولیا کریستیڤا" شۆرش لە زمانی شیعرییدا Revolution in Poetic Language" وەک پرۆفێسەرێکی زمانەوانیی، شۆرشێکی گەورەی کولتووریی لە سیمۆتیک و سیمبۆڵییدا بەرپاکردو داهێنانێکی ئەوەندە گەورەی لەزمان و رەخنەی مۆدێرندا هێنایە کایەوە، کاری کردە سەر تەواوی میتۆدی رەخنەگریی لەسەرتاسەری جیهاندا( Kresteva,1984). هەر ئەم زمانەش راستەوخۆ کاردانەوەی بەسەر تەواوی رەخنەو تێکستەکانی ئەو سەردەمەوە هەبوو.

لە کوردستان، رۆمان خەریکە دەبێتە گاڵتەی منداڵان، لە رەزاگرانیی شیعری بێکەڵک نزیک بووەتەوە. کار وا بڕوات، ژمارەی رۆماننووسەکان لە شاعیرەکان زۆرتر دەبن، هەرچی هەڵدەستێ رۆمان دەنووسێ یان وەریدەگێڕێ. لە ئاکامی ئەو بە هەرمێنبوونەی رۆماندا، خەریکە وەک چۆن لەپێشدا شیعر کرابوو بە سوارچاک و ئارکایڤی (ئەرشیفی) مێژوو، فەلسەفە، کۆمەڵناسیی، خەباتگێڕیی و ... تاد، هەموو نووسەرانی کورد، یان هەر کەسێک رۆژێک بە رێکەوت، شیعرێک یاخود وتارێکی رۆژنەماوانیی نووسیبێ، ببێتە رۆماننووس! ئەوانەی رۆمانی زۆر چاکیش دەنووسن، ئەجێندا سەرەکییەکان، چێکردنی شاکارێک نییە بۆ کتێبخانەی کوردیی، بەڵکو مشتوماڵکردنی ئارەزوومەندانەی هەموو ئەو ئایدیا جیاوازانەیە کەلێرە و لەوێ هێناویانن، بەمولکی خۆیان بەخوێنەری فەل و جەڵەبیی دەفرۆشنەوە. زۆربەیان دزێکی شەرعیین و بەناشەرعییانە بەسەر خوێنەری داماوی کورددا، ساغ دەکرێنەوە.

تێکستی کوردیی ئەم دە-پانزە ساڵە، لەشکرێک خوێنەری بەرهەم هێناوە، هەمیشە بەدوای کاریزمایەکدا دەگەڕێ بیپەرستێنێ، سەرچاوەی ئەم بەڵایە، نووسەرانی پلەیجەریست ( تێکست-دز) و لاساییکەرەوەن. کاتێک نووسەر دەستی سێ و چوار سەرچاوەی خوێندنەوەکەی بێت و فێڵیش لەخوێنەر بکات، ئەی خوێنەر ئاستی قەبڵاندنەکەی بەپێی ستاندەردی نووسینی ئەکادیمیی لەکوێدا دەبێ؟ کۆمیدیا ئەوەیە، کەسێک خاوەنی رۆشنبیرییەکی گەندەڵ بێ ئامۆژگارییت بکا کە تۆ دڵسۆزی کورد نیت! زمانت زبرە! و چاوت هیچ نابینێ!.... بە پێچەوانەوە، ئەو هەموو کات و پارەیە بۆ رۆمان وەرگێڕان خەرج دەکرێ، جێگەی راوەستانە لەسەری و پێویستی بە شرۆڤەکردنێکی هەمەلایەنە هەیە. ئەو هەموو کتێب و نووسینە بێ سەرچاوەو تێکستە فەلسەفییە خاڵییانە لەهەر ئارگیومێنتێکی فیکریی و مەعریفیی و ئەکادیمیی، تراژیدیایە.

ئەو ئاوێزانبوونەی نووسەر و خوێنەری کورد بە رۆمانەوە، توێژینەوەیەکی توێژەری مێژووی هزر لە زانکۆی ئۆپسالا-سوێد، "هەننا ئۆستهۆلم" بە یاد دەهێنێتەوە، کە لێرەدا رەنگە بە

هۆی کتومت لێکچوونی بابەتەکەی ئەو خاتوونە ئەکادیمییە لەگەڵ ئەو دیاردەی بە مۆدەبوونەی رۆمان لە ناو نووسەرو خوێنەری کورددا، ئاماژەکردن بەو وتارە ناچاری تێهزرینمان بکات.
هەننا ئۆستهۆلم لە لێکۆینەوەکەیدا، کە بەزمانی سوێدیی بەمجۆرەیە:
SYNDAFLODEN FRÅN TRYCKPRESSARNA-Skräpkulturens” tidlösa farlighet” "
، دەکرێ بە کوردیی ببێتە : " لافاوی غەزەب لە مەکینەی چاپەمەنییەکانەوە- مەترسیی هەتاهەتایی"کولتووری زبڵ". ئەو لە لێکۆڵینەوەیەکەیدا، کە ناکرێ لێرەدا بە هۆی مەبەستی دیاریکراوی ئەم نووسینەوە کۆی بیرۆکەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بە خوێنەری کورد بناسرێن، لێ لەوێدا نووسەر بە کورتیی باسی ئەوە دەکا، کە لە کۆتایی سەتەی حەڤدە و سەرەتای سەتەی هەژدەدا، رەخنە و سکالایەکی بەرین بە دژی مۆدەی ئاوێزان بوون بە خوێندنەوەی لە رادەبەدەری رۆمان و رۆماننوسین لە رۆژنامەکاندا بەرزکرانەوە. لەوێدا "خوێندنەوەی رۆمان بە لەرز و تا، شتێتگیرییەکی کوێرانە و برسییەتی دەچوو" (Östholm,2000:14).

ئەو رەوشە گەیشتە ئاستێک کە گەنجان، ژیانی واقیعی خۆیان و کۆمەڵگە فەرامۆشبکەن و لە خەیەڵپلاوییدا وێڵ و سەرگەردان بن. ئەڵبەتە وەک ئەو پێماندەڵێ، کە ئێستا بە شێک لەو بەڵگانە باویان نەماوە، لێ زۆر توێژەر و خوێنەری ئەمڕۆ لەگەڵ بەشێکی زۆری ئەو بەڵگانەی ئەو سەردەمە هاوڕان. چونکە ئەمڕۆ لە رۆژئاوادا (دیارە توێژینەوەکەی هەننا ئۆستهۆلم زیاتر لەسەر رەوشی رۆشنبیریی سوێدە) کۆمەڵگە و رەخنەگران" لە بەرامبەر بە هەڕمێنبوونی ماسمێدیا-فیلم، تیڤی، رۆژنامە زنجیرەییەکان، فیلمە توند و تیژەکانی ڤیدیۆ و گەمە رۆبۆتییەکانی کۆمپیوتەر" (ibid) تووشی هەمان نیگەرانیی و تووڕەیی بوونەتەوە. دواجار هەننا ئۆستهۆلم ئەو دیاردەی ئاوێزانبوونەی خەڵک، بە کەناڵ و بەشە جیاوازەکانی تەکنیک و ماسمێدیا، بە دووبارەبوونەوەی سەتەی هەژدە دەناسێنێ.

لەو روانگەیەوە، وەک گوتمان، دەکرێ بڵێین، کە ئەو دیاردەی عەشقە، رۆمان و بە رۆژنامەکردنەی رۆشنبیریی ئەمڕۆی کورد، وەک رەنگدانەوەیەک لەو شیعراندنە سەیر بکەین، کە لە سەتەی رابردوودا هەموو پرسیارە سەختەکان و وەڵامە قورسەکانی گەلی کوردی لێ بار کرابوو.

شایەنی وتنە، ئەمڕۆ هەر وڵاتێکی رۆژئاوا بگریت، چەندین شێوە رۆمانی تێدا هەیە. لە نێوان ئەوانەدا جۆری "ساینس فیکشن- Science fiction "، ئەو جۆرە رۆمانانەی کە چیرۆکی بێتامی دروستکراون، خەڵک لەناو میتۆر و سەر کەنار و پاسەکاندا دەیانخوێننەوە، زۆر بازاڕیان گەرمە. کەچیی خوێنەری رۆمانی لێکدانەوە فەلسەفییەکان و ژیانی کۆمەلایەتیی زۆر سنووردارە. زۆربەی ئەوانەی رۆمانەکانیان پڕفرۆشن، رەنگە ئاستی رۆشنبیرییان زۆر نزم بێت، بەجۆرێک نەتوانن وتارێکی سەنگینی رۆژنامەوانیش بنووسن. بەڵام ئەمڕۆ لە کوردستاندا، رۆماننووسین بۆتە هونەری هونەرەکان. کار گەیشتووە بەشوێنێک خراپترین خووی رۆژئاوا وەردەگرین و باشترینەکانیشیان هەرگیز وەرناگرین.

رۆمـانی کـوردیی بەشـێوەیەکی گشـتیی( جگـە لەچـەنـد دانـەیـەک)، وێـڕای کاریگـەریی زۆری شـێوازی "ریـالیزمی جادووگـەریی"یـش بەسـەر رۆمـانـی ئـەمڕۆی کوردییـدا، کـەچیی هێشـتا بەدواکەوتووترین و پاشکۆترین شێوە، بەخراپترین ستایڵ لەهەوڵی لاساییکردنەوەی کەسانی وەک عـەتـەل عـەدنـان Etel Adnan، ژنە رۆماننووسی عەرەبی ئەمێریکاییدایە کە پێشتر بـە فڕانسـیی دەینووسـی. بـەدەربڕینێکی تـر، زۆر رۆماننووسـی کـورد هـەیـە، وەک عـەدنان، پێیانوایە، بە شرۆڤەکردنی فێمێنیزم، ئەدەبی ئێسنیکیی، ئەدەبی هەمەچێزە ( versatile ) ، شاعیربوون ، هونەرمەندبوون ، شێوەکاربوون لـە قۆنـاغی پۆست کۆڵۆنیالیزمدا، لـە ئـەدەبی رۆمانـدا شـرۆڤەی تـەواوی دەردە کۆمەڵایەتییـەکانی کۆمەڵگـەی کـوردیی دەکـەن ( Ludescher,2004 ) . هەر ئەم بێدەربەستییەی ئەدەبی کوردیی و مێنتاڵی رۆماننووسەکانی کـوردە، کـە فراوانتـرین و گرینگتـرین کێڵگـەی نووسـینیان( بـواری فیکریـی و مەعریفیـی و ئـەکادیمیی ) فەرامۆشـکردووەو سـەری خۆیـان بـۆ فانتەسـییکردن و شرۆڤەسـازیی و ئەندێشەسازیی لەرۆمانـدا، هـەڵگرتووە. دەتـوانرێ بگـوترێ بەڕەشـکە لـەم جـۆرە رۆمانانـە، تواناو قورسایی و کاریگەریی یەک چاپتەری کتێبێکی فیکریی و ئەکادیمییان نییە.

## بۆچیی ژۆرنالْ پێداوییستییەکی هەنووکەیی و ئەکادیمییە؟

نـەبوونی ژۆرنـاڵێکی تـەواو پرۆفێشـناڵ و زینـدوو ، کـە توێژینـەوەو پشکنینی ورد( scrutiny ) لەسـەر بابـەتی جـۆراو جـۆری نـوێ بکـات، هاوکـات رەخنـەی ورد و ئـەکادیمیی لـە لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر بگرێ( لەچەشنی پێداچوونـەوەی کتێب بـەچاوێکی رەخنەگرانـەوە، هەڵسەنگانی توێژینەوەی ناو ژۆرناڵ،...تاد ) هەر کێماسیی نییـە، بـەڵکو هەستپێنەکردن و تەوەزەلیی و بێدەربەستییشە.

خوێندن بـە ستایڵی ئـەکادیمیی مـەرج نییـە نووسـەر و توێژەرەوەی بـاش و دانسقە بەرهـەم بهێنێ. دنیا پڕیەتی لە پرۆفێسەر و دۆکتـەر و خوێندکاری ماستـەر، هەمووشـیان لـە کارگـەی زانکـۆ باشـەکانی دنیـاوە بەرهـەم هـاتوون، کـەچیی بەشـی زۆریـان 100% بێبەرهـەمن، چ لەبوارەکەی خۆیاندا و چ لـە بـواری تایبـەتی ژیـان و کـارکردنی خۆیشیاندا. لەکوردستـانیش، زۆر لـەم دۆکتـەرو خـاوەن ماسـتەرانە هـەن، یـەک دێـڕ زانینیـان، بـە تـێڵاش لێهـەڵناوەرێ. بەپێچەوانەشەوە، زۆر سکۆلار و بیرمەندی گەورە هەن، دووپێیان نەچووە بە هیچ زانکۆیەکدا، بەڵام بە شێوازی سەردەم و ئەکادیمییانـە، گرینگییـان بـە توێژینـەوەکانیان داوە . هاوکـات خوێندن بە ستایڵی ئەکادیمیی مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئـەوەی نووسـەری زۆربڵـێ و بـوغرای پـێ کـۆت بکـەیت و فێـری ئـەوەی بکـەی چۆن زانسـتییانەو سـەردەمییانەو ئەکادیمییانـە، کنە(research) کاریی دەکرێ و چۆن ئەکادیمییانە و ستاندەردانە سەرچاوەی جیاواز جیاواز بـەکار دەهێنـرێ و ئـەدەب و تێکستـی پێشـووتر بەکاردەهێنرێتـەوە ( Literature review ) و چۆن ریفرێنسەکان دەنووسرێنەوە و ستایڵ و ستراکتۆری نووسین چۆن دادەڕێژرێ.

کورد بەسەتان کتێبنووسی هەیە، تێیاندا هەیە، چەندین کتێبی نووسیوە، کەچیی بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیان بەهیچ سەرچاوەیەک نەکردووە. ئاخر تەنانەت ئەگەر لەسەر گەڕەکی تەیراوا، چیای نەکەرۆز، پردی دەلال...تاد توێژینەوەیەکی کورت، یان وتارێکی تێروپڕ و تژیی لە زانیاریی بنووسرێ، دەبێ دەیان سەرچاوە لەبەردەستدا هەبێ بۆ ئەوەی باسەکە، تێروتەسەل بێت. ئەو نووسەرانەی کتێبی بێ سەرچاوە دەنووسن، خوێنەر بە گێل و گەمژە تێدەگەن، بەڵام لە راستییدا گێل و گەمژەی راستەقینە ئەوانەن کە کتێبی بێ سەرچاوە دەخوێننەوە. ئاخر ئەو جەڵەبەیە لەخوێنەری کورد، بوونە بەدەرویشی ئەم نووسەر و ئەو رۆماننووس ......تاد چونکە کاتێ کتێبی فرۆفیشاڵ دەنووسن بەناوی خۆیانەوە، جا یان بیروبۆچوون و ئارگیومێنتەکانی ( ئەگەر تێیاندا هەبێ ) ناوی دزراون و ئەتککراون، یاخود کابرای نووسەر وەک مەلایەکی دوانزە عیلم، دەیداتە بەری و پێیوایە کۆمەڵێ فەقێی کەڕوالْ دەیخوێننەوە.

بۆیە تا ئێستا ئەم مێنتاڵی مەلابوونە لەناو زۆرێک لە رۆشنبیرو نووسەر و تەنانەت خۆ بەسکۆلارزان و ئەکادیمسیتەکانیشدا هەیە. لای ئەوان، نووسەر لە کولتووری ئایین و ئەفسانەی زۆرزانییەوە هاتووەو نووسەربوونی( مەلابوونی) خۆی وەک کاریزمایەکی خوتبەدەر بەکار دەهێنێ و خوێنەریش وەک کەڕەواڵە چاولێدەکات. بەداخەوە بەشێکی زۆری خوێنەری کورد تا هەنووکەش جگە لەزمانی خۆماڵیی، هیچ زمانێکی تر نازانن. لەکاتێکدا، کەسێک بەخۆی بڵێ خوێنەری جدیی و شارەزا، ئەگەر لە کوێرە دێیەکی کوردستانیش بێت، زۆر پێویستیی بەوە هەیە کە زمانێکی بیانیی،بەتایبەتیی ئینگلیزیی فێر ببێ. ئەم زمانزانینە، بۆ خوێنەر چەکێکی ئەوەندە بەهێزە ، دەماری نووسەری پێ دەناسرێتەوە. خوێنەر بە ئاسانیی دەزانێ نووسەر چیی لەبارداو چیی لەهەگبەیدایە؟

ناکرێ لەسەردەمی گڵۆباڵیزەییشندا، بەخۆت بڵێی خوێنەری جدیی و نووسەر و رۆماننووس، کەچیی لە ئینگلیزییشدا هارەی لەبرەی نەکەیتەوە. چۆن بۆ هەموو خوێندکارێکی ئەم دنیایە پێویستە بناغە سەرەکییەکانی کۆمپیوتەرو زمانی ئینگلیزیی بزانن، بەهەمان شێوەش هەموو خوێنەرێکی وریا پێویستی بەوە هەیە، سەرەتەقێیەک لەگەڵ ئینگلیزییدا بکات؟ ئەگەر لەسەر بەردی رەقیش بێت دەبێ زمانی ئینگلیزیی کەمێک بزانێ. چونکە کاتێ خوێنەری کورد، هەر چاوی لەوە بێ، نووسەرەکانی بواری هزرو زانین، کتێبی بێ سەرچاوە، توێژینەوەی ساختەو بۆچوونی دزراوی کەسانی بیانیی بەناوی خۆیانەوە بنووسن و ئەوانیش بیخوێننەوە، ئەوکاتە چەندین جەڵەب خوێنەری کورد پەیدا دەبن، مێگەلێک خوێنەری فەل و دەفبەدەست پەیدا دەبن کە جگە لەسەر لەقاندن ، هیچ رەخنەیەک ناتوانن بەرهەم بهێنن.

هەر بۆیە بیرکردنەوە لە دەرکردنی ژۆرناڵ و بڵاوکراوەی ئەکادیمیی، بە تایبەتیی لە زانستگاکان، کۆلێژەکان، کۆمپانیا و دەسگای چاپ وپەخشە تەواو سەربەخۆکاندا، رەنگە جۆرێک لە گەڕانەوەی رێز و بەها و مۆراڵ بۆ کایەی نووسین بێت. ئەمەش زەمینە

خۆشدەکا، کە خوێنەران  و نووسەرانێک لە بوارە جیاوازەکاندا پەروەردە بکرێن، کە رشتەی خۆیان  بێت و ببنە پسپۆر تێیدا. تەنێ لەم ئاقارەوە دەکرێ، دەروازەی نوێ و ستایڵی نووسینی ئەکادیمیی بە خوێنەری فەل و چەپڵەلێدەرانی ئەو نووسەرانەی گوایە تانوپۆی ئەدەبی کوردییان  قۆرغکردووە ئاشنا بکرێ. هاوکات پردێکی متمانە لە  نێوان خوێنەرو نووسەردا پەیدا دەکات و  چیتر خوێنەری کورد خۆشباوەڕ نابێ، بەڵکو گرینگە خوێنەر لەهەموو شتێک بەگومان بێت. گومان هەبوون لەنووسەر، ئاستی ئاگایی خوێنەر  دەردەخات.

زۆرێک لەو نووسەرانەی کورد، لەسەر بەعس، بەعسیزم ، جینۆساید، ئەنفال، ناسیۆنالیزم، لیبرالیزم، پۆست مۆدێرنیزم، تیۆرییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکان، سایکۆلۆژی، ئەنسرۆپۆلۆجی، سۆسیۆلۆجی و لەسەروو هەمووشیانەوە لەسەر فەلسەفەو قوتابخانە فیکرییەکانی فەلسەفە و زمانناسیی دەقسێن، دەنووسن، بەرەشکە داتای جۆراو جۆر بەڕاست و چەپدا، سەروو خواردا پەرت و بڵاو دەکەن، کەچیی نە لەناو تێکستەکەدا ئاماژە بە کەس دەدەن و نە ریفرێنسێکیش دادەنێن. لەنووسیندا ئەم ئەدگارانە.... بەرەڵاییە، دزییە، چەتەییە، بێ مۆراڵییە، درۆودەلەسەو کەشوفشە. پێویستە تاڵاوی ریسوایی و تاککەوتنەوە و شەرمەزاریی بدرێتەوە بەچاوی ئەم نووسەرانەدا، دەبێ رابگیرێن و کۆتایی بەم جۆرە مۆراڵەی نووسین بهێنرێ. تەنێ شتێکیش ئەو هێزەی هەبێ ئەم بەرەڵایی و بوغراییەی ئەمانە  رابگرێ، نووسین بەستایڵی ئەکادیمییە.

بەداخەوە زانکۆکانی کوردستان، هەر سەیری چۆنایەتیی وێبسایتەکانیان دەکەی، بۆنی ناوەڕۆکەکانیانت پێدەگات. ئافەرین پێنج زانکۆ لەکوردستانی باشووردا( نەک باشووری کوردستان)  واتە زانکۆکانی دهۆک، کوردستان،سەلاحەدین،کۆیە، سلێمانیی، بەهەرپێنجیان ژۆرناڵیکی ئەکادیمییان نییە،  تا مرۆڤ رووی بێت بەژۆرناڵ ناوزەدیان بکات. کاتێ زۆربەی لینکی  بڵاوکراوەکان(  publication ) ی زانکۆ باڵا بەرزەکانی کوردستان کلیک دەکەیت، بە کۆنترین تەکنیکی منداڵانە، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ خاکەنازێکیان داناوە و نووسراوە لەژێر کارکردندایە. ئیتر مرۆڤ نەک قەڵس دەبێ لەم بێدەربەستییەی زانکۆکان، بەڵکو، ئومێدێکیشی پێیان نامێنێ.

ئەو کۆمپانیا و دەسگای چاپ و بڵاوکردنەوانەی کە بە سەربەخۆ  خۆیان دەناسێنن، ئەو سەرمایەدارانەی کورد کە سەرمایەکانیان لەو هەموو گەندەڵیی و دزییەی کوردستاندا، بەدەست تێکەڵکردن لەگەڵ سیاسییە گەندەڵەکاندا پێکەوە ناوەو  چاکەیەک لەدەستیان دەبێتەوە، یاخود ئەگەر نموونەی دەست ودڵفراوانیی و ئەدەبدۆستیی وەک عەلی بۆسکانیی لەکوردا مابێ، ئەو ویژدان زیندووانەی لەناو سیاسییەکانی کورددا ماون و دەستیان دەڕوات و دەتوانن کارێک بکەن، ئەو نووسەر و توێژەرو ئەکادیمست و سکۆلارانەی لە غەمی کولتووریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیی ئەم کاتەگۆرییەدان، پێویستە بیریکی ورد و تیژ لەم بێ ژۆرناڵییەی کورد بکەنەوە.

زۆر زۆر لــەدواوەین، ســەتان رۆژنامــە و گۆڤــاری رەنگــاورەنگی پــڕ لەبریسـکەو وێنــەی سەرنجڕاکێش ، هەزاران وتاری کەچ و باوبڕی رۆژگار، سـەتان کتێبـی بـێ ریفرێنس، دەیان سەتەلایتی بێکەڵکی کوردیی ، ناکەنە یەک توێژینەوەی وردو ئەکادیمییانە، کە نووسەرەکەی جورئـەت بکـات، کـە لای کـەم دەیـان سـەرچاوەی بیـانیی بـەکارهێنابێ. کـورد پێویسـتە بـە گرینگییەوە بیر لە تێکستی فیکریی و ئەکادیمیی بکاتەوە. دواخستنی ئـەم هـەنگاوە، زیـانی زۆر گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

## دەسەڵات و نووسینی نائەکادیمیی – Power and non-academic writing

دەسەڵات بەهەموو جۆرەکانییەوە( بەدەسەڵاتی گەندەڵی کوردیی) شەوە، سەرچاوەی قاتیی( scarce ) ە لە بواری نووسینی ئەکادیمییدا. سەرنجێکی سەرپێیی لەو هەموو گۆڤارە حیزبیی و نیمچە حیزبیی و بەناو سەربەخۆیانەی کوردستان بدرێ ، مرۆڤ تێدەگات، دەسـەڵات لـە کوێدا وەستاوە. ئەم هەڵسوکەوتەی دەسەڵات لەمەڕ نووسینی ئەکادیمییدا، دەردێکی درمە بە سەر تەواوی ئەدەبی کوردیی دوای راپەڕینەوە بوونی هەیە. دەسەڵات تا ئـەو جێگـەیە رێزی نووسینی ئەکادیمیی دەگرێ، کە رەخنـە لـەتانوپۆی دەسـەڵات بـەهیچ شێوەیەک نـەگیرێ. بۆ ئەوەی ئەم دەرفەتە کەمبکاتەوە، هەر لەسەرچاوەوە، کۆمەک و خزمەت بـەو هـەوڵانـە ناکـات کە نووسینی ئەکادیمیی دەنووسن.

بە بۆچوونی Heim، ئەم هەموو سەرە ناکۆکە لەمەنجەڵێکدا ناکوڵێن، چونکە کاتێ دوو سەر بەیەکدا دێن، دەبـێ رێگـە بـۆ سـەری سێیەم بکرێتـەوە (Heim,1993,p.78 ). بۆیـە هـەمیشـە سکۆلارە ئازاد و نووسەرە سەربەستەکان لە هێجەمۆنی(هەژموون) دەسەڵات دووردەکەونەوەو سەری خۆیان و قەڵەمی خۆیان ئازاد دەکەن . هاوکات بەپێی دایەلێکتیکـەکانی dialectical باختین بێ ،ئەم پێوەندییەی نێوان دەسەڵات و نووسینی ئەکادیمیی......لەسەر سرووشتی ئەو تێکهەڵکێشانە دەژین، کە لەنێوان قەوارەو کاتدا بەریەک دەکەون( Cross,1990 ). قـەوارەی سیاسیی دەسـەڵات هـیچ بـاکێکی بـە پرۆژەی نووسینی ئـەکادیمیی نییـە، ئـەگـەر کاتـەکـەی و شوێنەکەی لەگەڵ ویستی دەسەڵاتدا بەریەکبکەون.

ئەگـەر سـەرنـج بـدرێ، هـەردوو حیزبـی دەسـەڵاتدار لـە کوردسـتانی باشووردا، هـەر کاتێـک تووشی تـەنگژەی سیاسیی و ریسوابوونی گەندەڵییـەکان بـووبێتن، بـۆ ئـەوەی پاساو بـۆ ئـەو تەنگژانەیان بهێننەوە، یان کاتێک لە ئاستی سیاسەتی ناوەکیی و دەرەکییدا تووشی شکست و دەسـتـەوەسـتـانیی دەبـن ، پـەنا بـۆ ئـەو نووسـەر و ئەکادیمییانـە دەبـەن کـە کوشـتـەی بەرژەوەندیی و نازی دەسەڵاتن، تا بە هۆی شۆرەتەکانیانەوە نـەک بەرپرسیاریی و بڕشت و کاکڵەی زانینە ئەکادیمییەکانیانەوە، ئەو سیاسەتە شکستهێنەرانەیان بۆ پەردەپۆش بکەن و بۆیـان بڕازێننـەوە. لێرەوە رەنگـە یـەکێک لـەو چاوگانـەی کـە رەوایـەتی بەخشـیووە بـەو دووزلحیزبە کە لەو سیاسـەتە گەندەڵکارە ناقۆڵا و قومارکردنـەکانیان بـە دۆزی کـەرکوک و

مافەکانی دیکەی کوردەوە بەردەوام بن، هەڵوێستە هەلپەرستەکانی ئەو چەشنە نووسەر و ئەکادیمییانەن.

## چاپەمەنیی ئەکادیمیی

یەکێک لەهەرە کرایتێریا سەرەکییەکانی هەر بابەتێکی ئەکادیمیی، ستراکتۆری نووسین و رەهەندی فیکریی و ئارگیومێنتەکانی ناویەتی..... لەمەش گرینگتر، ئایا چەند ئەو توێژینەوەیە ویڵ بووە بەدوای سەرچاوەی پێوەندیدار بەباتەکەوە لەرووی چەندایەتیی و چۆنایەتییەوە(Cantor,1993) . لە ژۆرنالێکی خاوەن کریدتی رۆژئاواییدا، ئەگەر توێژینەوەیەک بنێری بۆ بڵاوبکردنەوە، راستە پرۆفایل گرینگە، بەلام ناپرسن تۆ کێی و چەند نووسینت لە پێشدا هەبووە.

پێش هەموو شتێ، تەنانەت هەر دوای خوێندنەوەی سەردێڕی بابەتەکە، دەچن سەیری ئەو سەرچاوانە دەکەن کە بەکارت هێناوە، زۆریی ژمارەکانیشیان، بەتایبەت کتێب و ژۆرناڵ، بایەخی گرینگی هەیە، ، ئەوسا دێن بەدوای هەندێ سەرچاوەو لینکی ئارگیومێنتەکان و لێوەرگرتنەکاندا دەگەڕێن، بەتایبەت ئەگەر گومانێکیان لا دروست ببێ، ئەم پرۆسێسانەش لەلایەن کەسانی تایبەت و پرۆفێشناڵەوە بەڕێوە دەچن و بەدانسقەش بەدوای پلەیجەریزمدا دەگەڕێن، نەک وەک هەندێ لە گۆڤارە سکراپەکانی(Scrape ) کوردستان، ناوی زل و ناسیاویی و ماستاوچییەتیی و دەموچاویان لە ناوەڕۆکی بابەتێکی دەوڵەمەندو زیندوو بەلاوە گرینگتر بێت.

بەهێزیی هەر وتار و توێژینەوەو کتێبێک، لە بەهێزیی ئارگیومێنتەکان و زانیارییەکانی ناویدایە، لە بەهێزیی پانوپۆڕیی و پەلۆپۆفراوانیی داتا جۆراوجۆرەکانیدایە، چونکە کۆکردنەوەو مشتومالکردنی زانیاریی هەمەجۆر لەدەیان و سەتان سەرچاوەی ترەوە، هێز دەدات بە ناوەڕۆکی باسەکە و ستایلی ئەکادیمیی پێ دەبەخشێ. چ بەهێزترین ژۆرناڵی دنیا، بەپێی ئاستی سکۆلاریی و ئەکادیمیی، ئەو ژۆرنالانەن کە وتارو لێکۆڵینەوەکانیان، پشت بەسەرچاوە و پەراوێزی ئاماژەپێکراو ( Referred Journal ) دەبەستن ( ibid ). ئەگەر ئەم کرایتێریایانە لەگەڵ ستایل و کاتەگۆری گۆڤارەکانی کوردستان و زۆرێک لەکتێبەکانی کتێبخانەی کوردییدا بەراورد بکرێن، گومانی تێدانییە، زۆرینەی دەقەکانیان کاوێژکردنەوەی زانیاریی و بۆچوونی کەسانی ترە ، سەتان و دەیان ساڵە وتراون. کەچیی نووسەری قارەمانی کورد، بەناوی خۆیەوەو بەستایلی خۆماڵیی دەیتەقێنێتەوە.

لەکۆی کایەی کولتووریی ئەم بابەتەشدا، هەروەک ئێدوارد سەعید لە Orientalism دا، لەسەر مەوداکانی رۆژهەڵاتیی و رۆژئاوایی سەرنجی دەداتێ، "مەسەلەکە ئەکادیمیی نییە، ئەوەندەی رووناکبیرییە" (Said,1978:27). بەدەربڕینێکی تر، گرفتەکە هەر میکانیزمی ئەکادیمیبوون نییە، بەڵکو کورد ئەوەندە رۆشنبیری وردو مۆدێرن و شارەزای

نییە، تا زەخیرەی بابەتی ئەکادیمیی بۆ ژۆرناڵێکی ئەکادیمیی بەپێی ستاندەردە نێودەوڵەتیی و سکۆلارییەکان ئامادە بکات، بەڵکو لە باری کولتووریی و فیکرییەوە ئێمە هێشتا زۆر وێرانین.

ئەم هاوکێشەیە خەریکە بەتەواوی بگۆڕێ. کورد لە ئاستی دنیادا بە سەتان کەسی هەیە خەریکی توێژینەوەو خوێندنی ئەکادیمیین، هەرچەندە دەبووایە کورد نەک تەنێ یەک دانە، بەڵکو لەهەر بوارێکی زانستە مرۆیی و سیاسیی و کولتووریی و زانستیی و تەکنیکیی و پزیشکییەکاندا دەیان ژۆرناڵی پرۆفێشناڵی هەبووایە. هەر ئێستا چەندین ئەکادیمیست و سکۆلارو خوێندکاری کورد لەزانکۆکانی رۆژئاوادا بەزمانە بیانییەکان وتارو لێکۆڵینەوەی سیاسیی و کولتووریی و زمانەوانیی ......تاد لە ژۆرناڵە رۆژئاواییەکاندا دەنووسن. وەلێ گرفتی سەرەکییان ئەوەیە، ئەگەر هەمان بابەت بکەن بەکوردیی، ژۆرناڵێکی پرۆفێشناڵ و ئەکادیمیی لەکوردستاندا نییە تا بۆی بنێرن.

هێشتا نەچووە بچێ ، دیارە ئەو گرفتە هەر تەنیا ئەو بڵاوکراوانەی سەر کاغەز( فۆرماتی رەق) ، وەک گۆڤار و چاپەمەنییەکانی دیکە ناگرێتەوە کە لە کوردستاندا دەردەچن، بەڵکو ماڵپەرە کوردییەکانی سەر ئینتەرنێتیش دەگرێتەوە. بۆیە دەکرێ هەندێ لەو ماڵپەڕانەی کە رێزێکیان بۆخۆیان هێشتووەتەوەو لەبنەوە سەر بە دەسەڵات نین، بیر لە بە ئەکادیمییکردنی شێوازی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان بکەنەوە. بۆ ئەمەش دەکرێ سوود لەو سایتانە ببینن کە بە زمانە رۆژئاواییەکان دەوەشێنرێن. لەمەش گرینگتر، دەکرێ یەکەمین ژۆرناڵی پرۆفێشناڵ و ئەکادیمیی کورد بە پێی ستاندەردەکانی هەنووکە، ژۆناڵێکی ئیلیکترۆنیی( Electronic Journal ) بێت.

---

## بۆچیی ریفرێنس گرینگییەکی بێئەندازەی هەیە.

هەر نووسینێک، بەتایبەت ئەگەر بڕیارە بابەتێکی فیکریی، سیاسیی، کولتووریی، کۆمەڵایەتیی ....تاد بێت ، پشتی بەسەرچاوەی گرینگ و پێوەندییدار نەبەست، بەتایبەتییش سەرچاوەی رەچەڵەک و سەرەکیی نەک دەستی سێ و چوار، ئەو بابەتە شتێکی گرینگ ناورووژێنێ، ئارگیومێنتێکی جدیی ناهەژێنێ، چونکە بیری مرۆڤ دیارییکراوە، توانای یەک کەس ناتوانێ لە نووسیندا کۆدەکانی تێگەیشتن بۆ خوێنەری وریا بکاتەوە، مەگەر ئەمە لەتوانای نووسەرە دوانزە عیلمەکانی کوردستاندا هەبێ. لەهەمووێشی گرینگتر ئەوە دەگەیەنێ، کە نووسەر خۆی ماندوو دەکات و بۆچوونی زۆر کەسی لەو بوارەدا خوێندووەتەوەو لەگەڵ هەلومەرج و ئامانجی بابەتەکەی خۆیدا تێکەڵیان دەکات و بابەتەکەی پێ دەوڵەمەند دەکات.

ئەوانەی ڕێفرێنس نانووسن و بە مێنتاڵی مەلا شییکاری هەموو هاوکێشەو پێودانگ و ئەگەرو گریمانەکان و ئاڵتەرناتیڤەکان (ئۆڵتێرنەتیڤەکان) دەکەن، لە دوو دۆخ بەدەر نییە. یان خوێنەریان پێ گێل و نەدانە و پێیانوایە چۆنیان بوێ دەیڕەتێنن، هاوکاتیش خۆیان پێ زاناو دانایە، یاخود خۆیان کێماسییان هەیە و گێلن، هەست بەگێلیی خۆیشیان ناکەن. هەر بەم گێلییەشەوە خۆیان لێ دەبێتە کەسێکی مەزن و بەتوانا، داستانی ئەفسانەی گەورەیی و بلیمەتیی و زۆرزانیی لەمێشکی خۆیاندا چێدەکەن و بەخوێنەری جەڵەبیی دەفرۆشنەوە.

بەواتایەکی تر، کاتێ نووسەر بە دیسکۆرسی مەلا، داتاو زانین پەخش دەکات، ئاماژەش بەهیچ سەرچاوەو نووسینێکی تر نادات، ئەو کارە پلەیجەریزمە( plagiarism )، پلەیجەریزمیش بەواتای دزین و بەتاڵانبردنی ماڵی خەڵکە، نووسەر بەنەزانیی و گێلیی لەسەر خۆی تۆماری دەکات. ئەم چەتەیی و ڕاوڕووتە لە بواری ئەکادیمییدا پێی دەگوترێ " گوناهی ئەکادیمیی - academic offence "(Stubbings & Brine, 2003, p.21-22) .

چۆن لە کوردستاندا، لەسەر ئەو هەموو دزیی و گەندەڵییەی هەیە، تەنانەت بەرپرسێک لەسەر کار لانەبراوە؟ لەکاتێکدا، گەندەڵیی هەموو سنوورێکی لۆژیکیی تێپەڕاندووەو بووەتە شێرپەنجەیەک سەرتاپای کۆمەڵگەی ئیفلیج کردووە. بەهەمان میتۆدی بەرەڵاییش، تا ئێستا هیچ نووسەرێ، ئەکادیمستێ، لێکۆڵەرەوەیەک لەگوڵ کالتری پێنەوتراوە لەسەر ئەو هەموو دزیی و چەتەییەی دەیکەن، لەسەر ئەو هەموو کتێب نووسینەی، بۆ نمەکیش ریفرێنسێکی تێدا نانووسن،لەسەر ئەو هەموو وتار و لێکۆڵینەوەو بەدواچوونانەی بەناوی بلیمەتەکانی کوردەوە دەکرێ ... کەچیی بۆ دەرمانیش سەرچاوە دەرەکییەکان باس ناکەن، لە باشترین دۆخدا ئەگەر ئاماژەیشی پێ بدەن، زۆر بەکەموکوڕیی و نائەکادیمیی ونازانستییانە سەرچاوەکان دەنووسنەوە، هەندێکیان هەر بوونیشیان نییە، یان هەر نادۆزرێنەوە.

مێژوونووسی سکۆتلاندیی James Alexander Mackay کاتێ بیبلۆگرافییەکەی لەسەر Alexander Graham Bell نووسی، لە ساڵی 1998دا ناچار بوو هەمووی لەبازاڕ بکشێنێتەوە، چونکە لەئەنجامی ئەوەی کە دەرکەوت پلەیجەریستە، ریسوا بوو[2]. هەروەها پرۆفێسەرێک لە ئەفریکای باشوور بەناوی Marks Chabedi تێزی دۆکتراکەی لە زانکۆی فلۆریداوە دزیبوو، کاتێ پێیزانرا، پۆستی پرۆفێسەریان لێسەندەوەو لە کارەکەیشی دەریانکرد[3].

[2] http://query.nytimes.com/gst/fullpage.html?res=9B04E0DB1F3CF932A1575AC0A96F958260
Ralph Blumenthal (September 26). Familiarity Stops the Presse. *The New York Times.*
[3] http://chronicle.com/free/v50/i43/43c00101.htm
Kim Lanegran (July 2, 2004). Fending Off a Plagiarist. The Chronicle of Higher Education.

## پوختەی باسەکەو چارەسەرییەکی بەپەلە.

تێکست و ئەدەب و نووسینی کوردیی لەقەیرانێکی قووڵی فیکریی و کولتووریی و ئەکادیمییدایە. خوێنەرێکی زۆر بەشێوەی مێگەل پەیدابوونە و بوونەتە دەروێشی کتێبنووسانی بێ ریفرێنس و کۆمەڵی نووسەری پلەیجەریست، لەهەمان کاتیشدا زۆرێک لەم نووسەرانە، کەس ناوێرێ یان ناتوانێ رەخنەیان لێبگرێ و پێیان بڵێ پێتان خوار داناوە، لەکاتێکدا ئەگەر تێکستی کوردییان دەوڵەمەندیش کردووە، بەڵام وێرانیشیان کردووە.

بەکورتییەکەی فۆبیایەکی گەورە هەیە لەنێو خوێنەری جەڵەبییدا کە نابێ دەستیان بۆ ببردرێ و رەخنەیان لێ بگیردرێ. ئەو فۆبیایەش لە فۆبیای حیزبیی دەچێ، کە تۆی هاوولاتیی یان نووسەر نەک هەر نابێ رەخنە لە گەندەڵیی و گرفتەکانی سەرۆک و بەرپرسەکان بگریت، بەڵکو دەبێ هەمیشە وەک هێمایەکی پیرۆز باسیان بکەیت. خوویەکی تری خراپ لە ناو نووسەری کورد و خوێنەری کورددا پەیدابووە، ئەویش رەدووکەوتنە ، رەدووی رۆمان کەوتنە. فاکتەری سەرەکیی ئەم رەدووکەوتنە، فانتەسییکردنێکی ئازادانە و خۆدزینەوەیە لە ستایڵی ئەکادیمیی نووسین. چونکە رۆمان بێ ریفرێنسە، ئیتر حەزیان بە نووسینی بێ ریفرێنسە.

بۆ ئەوەی تێکستی کوردیی بەهێز بکەین، لای کەم چەندین ژۆرناڵ پێویستە، بە ئاستێکی بەرز، وتارو توێژینەوەی ئەکادیمیی لەسەر بابەتە فیکریی کولتووریی، سیاسیی و تەنانەت زانستییەکانیش بڵاوبکەنەوە. دەبێ زانکۆکان، هەندێ نووسەری پسپۆر، سکۆلار، دەوڵەمەندی ویژدان زیندوو، دەسگا و کۆمپانیای چاپ و پەخشی سەربەخۆ، بەم کارە هەڵسن و بیرێکی وردو دروست لەم بێ ژۆرناڵییەی کورد بکرێتەوەو سنوورێکی بۆ دابنرێ و بەهاو مۆراڵ بۆ تێکستی ئەکادیمیی بگێڕدرێتەوە. غەمی ئەم نووسینە نە بێ بەهاکردنی دەقی ئەدەبیی، رۆمان و رۆژنامەوانییە و نە کردنی نووسینی ئەکادیمییشە بە پێوەرێکی پیرۆز، بەڵکو غەمی دەستپێوەگرتنی بەهای نووسینی ئەدەبیی و ئەکادیمییە وەک خۆیان.

هاوکاتیش ئەم نووسینە پێیوایە کە بەشێک لە لەرزۆکیی نووسینی ئەکادیمیی لە نووسینی کوردییدا، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمیی و کەهێڵ (**پاسیف - passive**) ی ئەکادیمییەکانی کورد. چونکە زۆرینەی ئەکادیمییەکانی کورد، تاک و تەرایان نەبێت، تەنیا لە ئاستی سەر زارەکیی و منگە منگدا لە نەبوونی نووسینی ئەکادیمیی دەدوێن، کەچی لە ئاستی کردەییدا هەمیشە بە بیانووی بێکاتیی، خۆیان لەو ئەرکە ئەکادیمییانە دەدزنەوە. هەروەها ئەو باسە پێیوایە ئەو ئاراستە رۆشنبیرییە کوردییەی کە خەریکە هەموو سەنگی زمان، هزرکردن و لێکدانەوەی پرسیارە ئاڵۆزەکانی ژیانی کورد لە رۆژنامەوانیی و رۆماندا کۆدەکاتەوە، جێگەی مەترسییە.

## Bibliography


1. Cantor, A, J. (1993). *A Guide to Academic Writing*, Westport, CT, Praeger.
2. Cross, G. (1990). *A Bahktin exploration of factors affecting the collaborative writing of an executive letter of an annual report*, Research in the Teaching of English, *24*( 2), 173-202.
3. Deleuze, G. and Guattari, F. (1986). *Kafka: Toward a Minor Literature* (Theory and History of Literature, Vol 30), Translated by Dana Polan, forwarded by Réda Bensmaïa, University of Minnesota Press, Minneapolis and London.
4. Heim M. (1993). *The metaphysics of virtual reality*. New York: Oxford University Press.
5. Krestiva, J. (1984). *Revolution in Poetic Language*, New York, Colombia University Press.
6. Ludescher, T. (2003), Etel Adnan: Critical Essays on the Arab-American Writer and Artist, Journal of MELUS. Volume: 28. Issue: 4, P.229.
7. Östholm, Hanna.(2000), *SYNDAFLODEN FRÅN TRYCKPRESSARNA-Skräpkulturens" tidlösa farlighet",* Tidskriften "Tvärsnitt",NR 2. S. 14_27.
8. Reeves, M. (2000), *Telling the Tale of the Rise of the Novel,* Journal of CLIO, Volume: 30. Issue: 1,p.25
9. Said, E. (1978). *Orientalism*, New York: Vintage.
10. Schwarz, D.(1982, *The Importance of Ian Watt's The Rise of the Novel*, , The Journal of Narrative Technique 12.2
11. Stubbings, R. & Brine, A. (2003). *Plagiarism and the role of the library, CILIP Update*. 2(12) pp.21-23.

## ( ٢ )

## (( زمانی کوردیی له نێوان ئایدیۆلۆژیا و زمانناسییدا))

یەکێک لەو هۆکارە بنەڕەتییانەی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا چارەنووسی سیاسیی و پرسە رۆشنبیرییەکانی کوردی لەئاراستەیەکی خاکەسار، لەرزۆک و سەرگێژدا هێشتووەتەوە، نائامادەیی هزر و بیرە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە لەرزۆکیی هەڵوێستەکانی خودی دەمڕاستە سیاسیی و رۆشنبیرییەکانی کوردن. ئەڵبەتە مەبەست لە نائامادەیی هزرو بیر، زاڵبوونی قسەی رووتە کە ئاراستەیەکی ئامانجداری نییە. هەر بۆیە قسەکردنی رووت، بەپێچەوانەی ئاخاوتنی خاوەن بیرۆکە، هەڵگری هیچ زانین"ئێپستیم- episteme"ێک نییە.

بەکورتیی، وەک پلاتۆ لەکتێبی "کۆمار"دا باسیدەکات، جیاوازیی ئاخاوتنی زانین "ئێپستیم" و قسەکردنی رووت لەوەدایە، کە ئاخاوتنێکی ئێپستیمیی لەواقیع و شارەزایی یان لەبیرۆکە باڵاکاندا بەرجەستە دەبێتەوە، کەچیی قسەی رووت لە دووپاتکرنەوەی قسەی گوتراو و زانراوەکان، یان هەبوو و نەبووەکاندا دەخولێتەوە. وێڕای ئەمەش، قسەی رووت و ئاخاوتنی "ئێپستیم"یی ئاراستەیان بەرەو دوو رەهەندی جیاوازە: ئاخاوتنی زانینیی دەکرێ تەنیا باس لەژیانێکی راستەقینە و هزر بکات، کەئاوەز "لۆگۆس- logos " بەرهەمهێنەری ئەو تەرزە زانیارییە بێت . بەڵام قسەی رووت، بێ هزر و بیرۆکە باس لەشتێکی هەستیی و نادیار دەکات، کەبەرهەمی ژیان وئاوەزی مرۆڤی بە ئاگا نییە.

مەبەست لەو پۆلێنکردنەی نێوان "قسەی رووت" و "ئاخاوتنی ئێپستیمی"ی ئەوەیە، کە زۆرینەی ئەو هات و هاوارەی چ لەژێر پاشگری "زمانناس" ، "پسپۆڕ" یان "پرۆفێسەر" دا یان لەهەمبەر ئەو نووسەرانەی کەلەژێر ئاوەزی حیزبیی ، دەڤەرپەرستیی، ئایدیۆلۆژیی، رۆحی ملکەچیی، چاوەڕوانی داوەتکاریی یاخود لە گۆشەی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانەوە سەنگەریان لە بابەتی ستاندەردکردنی زمانی کوردیی گرتووە، لەقسەی رووت ، زانینی گوتراو و بێ ئاراستە یان کوێخاخوازیی زیاتر، هەڵگری هیچ پەرۆشخۆرییەکی تر نەبوون و نیین. ئەو رەفتارەش لەبەلاڕێدابردن و خەپاندنی ئاراستەی ئەو گفتوگۆیەی لەسەر زمانی ستاندەرد و چارەنووسەکەی دەکرێ هیچ ئەنجامگیرییەکی خاوەن داتا بەرهەم ناهێنێت.

پەرۆشخۆریی ئێمە لەو دیدەوە هەڵقوولابوو، کە کورد هەنووکە لەبەشێک لەوڵاتەکەیدا هەلێکی زێڕینی بۆ رەخساوە، دەتوانێ لە رێگای ستاندەردکردنی زمانەکەیەوە کەلێنێکی گەورە لەکێشە ناوەکییەکانی خۆی چارەسەر بکات. لێرەوە، مەبەستی هەموو ئەوانەی وەک ئێمە لەسەر ستاندەردایزی زمانی کوردیی بیر دەکەنەوە، ئەوەبوو، کەئەگەر لەو رەوشەدا

کورد، بەهۆی دۆخی نالەباری نێودەوڵەتیی و ئاڵۆزییە دەرەکییەکانی ترەوە، نەتوانێت چارەنووسی سەرەوریی نەتەوایەتیی خۆی، رزگاربوونی لە بندەستیی و پاشکۆیی خۆی لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان، حکومەت و نەتەوە باڵادەستەکان یەکلابکاتەوە، بەڵام دەتوانێ زمانەکەی ساغبکاتەوە.

بەواتایەکی تر، لە کوردستانی عێراقدا دەتوانێت بەستاندەردکردنی ئەو زمانە خەملیوەی خۆی، کە جیاواز لەدایەلێکتەکەکانی تر، لەبەر هۆکردگەلێکی کولتووریی، مێژوویی، سیاسیی، رۆشنبیریی و جڤاکیی خەملاندوویەتی نەک هۆکردی "رەسەن" و "نارەسەن"ی ئەو دایەلێکتە، بەشێک لەکێماسییە ناوەکییەکانیی و ئاییندەی پەرتەوازەیی گوتاری رۆشنبیریی و کولتووریی و سیاسییەکەی چارەسەر بکات. دیارە، لەلای ئێمە، زمانی کوردیی رۆڵێکی سەرەکیی دەبینێ لەکۆکردنەوەی ویستی کوردیی، سیمبۆلیزم و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی و رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەرگەی کە هەمیشە لەسەر زمانی کوردیی، هەڕەشەیەکی سەرەکیی بووە. چونکە ئەوە زمانە کە مێژوو، یادەوەریی وکولتووری کورد دەپارێزێ و کۆی دەکاتەوە. هەر بۆیە مانەوەی زمانی کوردیی بەو دۆخە لێکترازاوەیەوە، مانەوەی مێژوو، یادەوەریی یان بوونی کوردە لەو رەوشە لێکترازاوەدا.

گوتمان نرخاندنی ئەو دایەلێکتە و کردنی بە زمانی ستاندەرد لە کوردستانی باشووردا، وەک د. حەسەنپوور دەخوازێ بەو بەهانەیەوە ئەجێندا ئایدیۆلۆژییەکەیمان بەسەردا ساغبکاتەوە، لە روانگەی "رەسەن" و "نارەسەن"ییەوە نییە، بەڵکو کتومت لە روانگەی ئەو فاکتەرە رۆشنبیریی، مێژوویی و کولتووریی وجڤاکییەی ئەو بەشەی کوردستانەوەیە کە بواری بۆ فراژان و رسکانی ئەو دایەلێکتە رەخساندووە. لە بیرمان نەچێت، د. حەسەنپوور بە پاڵپشتی ئەزموونی "جووتستاندەرد"ی نەروێژەوە داوا دەکا "کرمانجیی" و ئەوەی ئەو بەئەجێندای ئایدیۆلۆژییەوە پێی دەڵێ "سۆرانیی" ببنە دوو دایەلێکتی ستاندەرد لە کوردستانی باشووردا، کەچی ئەو ئاگای لەوە نییە کە لایەنگرانی "" نیونۆرشک- نینۆرسک-Nynorsk"ە لە روانگەی "رەسەن"ییەوە دەهزرێن نەک، وەک روانگە ئایدیۆلۆژییەکەی د. حەسەنپوور!.... زماناس و ئاخێوەرانی "نیونۆرشکە"، وێڕای ئەوەی کە زیاتر سەر بە گوندەکانن، پێیانوایە دایەلێکتەکەیان لە "بۆکمالی" "رەسەنترە"! گەلۆ د. حەسەنپوور ئاگای لەو هاودژیی "پارادۆکس"ییەی خۆی هەیە؟

ئێمە پێشتر لە وتاری "کورد، پێویستیی بەیەک زمانی نووسینی نیشتمانیی هەیە" . گوتمان بۆ ئەوەی نووسەران لەئاستێکی ئاوەزیی و راشناڵیستدا لەمەڕ گرینگیی و جیاوازییەکانی نێوان زمانێکی پرێستیژ و ستاندەرد لەلایەک و دایەلێکت و بنزاراوە لەلایەکی تر، بەئاکامێک بگەن، دەبێ بەپشتبەستن بەبەڵگەو شێوازێکی لۆژیکیی و گفتوگۆیەکی کراوە لەنێوان لایەنگرانی خوێندن بەبادینانیی و لایەنگرانی بەفەرمییکردنی زمانێکی ستاندەردی کوردیی، تێگەیشتن ساز بکەن. ئەگەر هەر لایەک توانی بەبەڵگەو ئارگیومێنتی لۆژیکانە، بۆچوونی لایەنی بەرامبەر پووچەڵ بکاتەوە، پێویستە لایەنەکەی تر ئەوە

بپەژرێنێ. ئامانجی ئێمە ئەوەبوو، لەرێگەی ئەو چەشنە گفتوگۆیانەوە زمانی کوردیی بەرەو فراژان، شکۆمەندیی و ستاندەردبوون گاف بهاوێژێت. لێ وێدەچێ، بەهۆی ئەو رەوشە دارِماو و ئەو مرۆڤە تەڵەکەباز و مینا مێشەی تاکی کوردەوە، کەسیاسەتی گەندەڵیی حیزب بەرهەمهێنەریەتی، بەهۆکردی زۆرەوە، هەڵگری شۆرەتی مجگێزخۆشە، کەچیی لەرەچەڵەکدا گاڤێک لەکولتووری ئێڵ و هۆز و "قسەی رووت" دانەبڕاوە، هەموو ئەمانەش پێمان دەڵێ ئەم پرۆژەیە شتێکی سەخت دەبێت. بۆیە مەیسەرکردنی ئەو جۆرە دانوستاندن و گفتوگۆیە چاوەڕوانکراوە، سانا نابێت.

لەو دیدەوە، ئاستەنگی دانوستاندن، لاوازیی دیاردەی رێکخراوەیی، نەبوونی کاری هەرەوەزیی و مشتومڕی بەڵگەدار لەپێناو تێگەیشتن لەپرسێکی چارەنووسساز، خەسڵەتێکی بەرچاوی مرۆی کورد بەگشتیی و بەتایبەتییش توێژی سیاسیی و نووسەرانی ئێمەیە. ئەمەش بەشێکی پێوەندیی بەلەرزۆکیی و نائامادەیی و جەهلەوە هەیە کەلەسەر شرۆڤەکردنی زمانی کوردیی و ستاندەردبوونی ئەم زمانە لەئارادایە. بەمجۆرە هەمیشە بزاڤی سیاسیی، رێکخراوە سەربەخۆ و چالاکییە هاوبەشە رۆشنبیرییەکانی کوردیی، لەنیوەی رێگەدا قەتیسماون یان تووشی پەرتبوون و شەڕی خۆکوژیی بوونە یاخود هەرەسیان هێناوە.

بەشەکەی تریشی، لە بە خۆبەزلزانیی و لووتبەرزیی و نەخوێندنەوەی رای بەرامبەرەوە سەرچاوە دەگرێ. بەکورتیی، بەهۆی ئەو لێکترازانە ناوەکیی و بیرکردنەوە کوردییە سەرپێیانە و قسەکردنە رووتانەوە، کورد هەمیشە لەنیوەی رێگەدا لێی قەوماوە و حەپەساوە؛ ئاراستەکان نەیاتوانیوە ئامانجەکانیان بپێکن. کەواتە کۆی کێشە نەتەوایەتیی و جڤاکییەکانمان، بندەستیی، ئاستەنگیی و نەبوونی زمانی ستاندەرد، گەندەڵیی و کۆی سەرگەردانییەکانمان، بەهۆکردی دەرەکیی، هەڵوێستی بەدی زلهێزەکان و دوژمنە ملهوڕەکانمانەوە گرێداوە. لەڕاستییشدا، خۆرەی سەرەکیی و جەهلی تەزێنەر هەر خۆمانین.

بەمجۆرە پرسی زمانی ستاندەرد یەکێکە لەو بابەتە بەرهەستانەی کە چەندین ساڵە لەئارادایە و نێوەندی رۆشنبیریی کوردیی سەرقاڵکردووە، کەچیی کێشەکە ئەوەیە، لەبری ئەوەی کەئەوانەی خۆیان بەدەمڕاستی زمانناسیی و چارەنووسی زمانی کوردیی دەزانن لەئاستی ئاخاوتنێکی زانیییەوە ئاراستەی ئەو گفتوگۆیانە بەرەو ئامانجێکی رووناک بەرجەستە بکەنەوە، وەلێ بەقسەکردنی بەڕاداندراو، بەرتەک-ئاکار، هاندەری ئایدیۆلۆژیی، حیزبیی یان بەرژەوەندیی خودییەوە ئاراستەی ئەو گفتوگۆیانەیان سەرگەردانکردووە. راستە بابەتی زمانی ستاندەرد و زمانی فەرمیی کوردیی زۆری لەسەر نووسراو گوترا، هەروەک هەنووکەش لەسەری دەگوترێ و دەنووسرێ. هەرچەندە پرسێکی دوورو درێژە، دەیان ساڵە دەورووژێنرێ، بەڵام لەمێژووی کورددا بەئەندازەی ئەم چەند مانگەی پێشوو ئارگیومێنت و دژە ئارگیومێنتی بەرهەم نەهێناوە.

هیچ کاتێ بەئەندازەی ئەم ماوەیە، زۆرترین ئەکادیمست و نووسەر و رووناکبیری کورد، باسوخواسیان لەسەر نەکردووە. لەسەروبەندی کەمپەیینی ئەم بابەتەدا، ئاماژە کرا بەوەی سەتان زماناس و زمانەوان و شارەزایانی زمانی کوردیی لەکوردستان و لەتاراوگە هەن، کەپێویستە کەمپەیینەکە بەهیی خۆیان بزانن. ئەو ترسە لەکارێکتەرو ستراکتۆری تاکی کورد، لەوێوە سەرچاوەی گرتبوو، کەئەگەر پەلکێشی نەکەی بۆ سەر خوان، ئیتر چاڵت بۆ هەڵدەکەنێ. لەکاتێکدا بابەتێکی گرینگی وەک زمانی ستاندەرد، دەکرێ هەموو کەس لە ئاستیدا هەست بەبەرپرسیارییەتی بکات، کەچیی زۆر کەس، بەس بۆ ناوهێنان و سنگ دەرپەڕاندن و دڵدانەوەی حیزب و دەسەڵات و میلیشیایەک، ئامادەن هەموو کارێکی نەگونجاو بکەن و بەتەواویی دژایەتیی بابەتەکەو بۆچوونەکە بکەن.

بۆیە کەسێک بخوازێ بەوردیی سەرنج لەنووسین وبەرتەکدانەوەی ئەوانە بدات، لەوە تێدەگا کەمەبەستی ئەوانە ئەوەندەی هەڵگری مەیلی چاڵهەکەندن، دەڤەرپەرستیی یان خواستی خۆ بەکوێخازانین و حیزبپەرستییە، هێندە مەبەستی پەرۆشخۆریی بۆ زاراوەکانی تر، بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد، خودی چارەنووس و بەهای زمانی کوردیی نییە. زۆرێک لەو "زمانزان و زماناس"انە، بەسوودوەرگرتن لەشۆرەتەکانیان، بەهۆی پێشگری "د" و "پرۆفێسەر"ە کانیانەوە، ئەزموونی زمانە جیاوازەکانی جیهان و پرۆسەی بەستاندەردبوون و فەرمییکردنیان بەشێوەیەکی چەواشەکارانە یان نیوەچڵیی بەخوێنەری کورد فرۆشتووەتەوە. راستییەکەی لەمێژووی کورددا هەمیشە ئەو چەشنە دەمڕاستانەی کوردن کە رەوتی کاروانی بزاڤی رزگارییخوازی کورد و ویستە رۆشنبیرییەکانی کوردیی بەهەڵەت و نشێودا دەبەن. هەنووکە غەمی ئەو پسپۆڕ و دۆکتەرانە ئەوەیە کەهەمیشە کوێخای بواری رۆشنبیریی، زمانەوانیی و سیاسیی کورد بن.

بۆیە ئەگەر هەر نووسەرێکی تر پەرۆشانە کار بۆ چارەنووسی زمان و پرسە رۆشنبیریی و سیاسییەکان بکات، ئەوان لەپێناو مەیلی مانەوەی ئەبەدیی و هەمیشەیی خۆیاندا، وەک کوێخا قوتدەبنەوە. بەشێکیش لەو نووسەرە قسەنووسانەی بادینان و بگرە بەناو پسپۆڕەکانی تریش، چونکە تا ئێستا وابەستەی دایەلێکت، خێڵ، دەڤەر و حیزبەکان و میلیشیاکانیانن نەک وابەستەی زمانی ستاندەرد و نەتەوە و ئایدێنتیتیی کوردیی، هەموویان سەنگەریان لەو پێشنیارانەی ئەو 53 نووسەرە گرتووەو بەهەموو شێوەیەک، سەرو خوار، راستییەکان چەواشەدەکەن و زانینی ساختە دەرخواردی خوێنەر دەدەن. بۆ نموونە، هەندێک لەو "زمانزان و زماناس"انە باسی ئەوە دەکەن کەلەسوێددا مافی خوێندن بەهەموو دایەلێکتەکان دراوە ، لەکەنەداو لەنەرویژ دوو زمانی ستاندەرد هەیە یاخود لەسویسرا چوار زمانی جیاواز هەیە، کەچیی راستییەکەی ئەو جۆرە باسانە لەئەزموونی ئەو زمانانە، هەموویان چەواشەکارانەن.

لەسوێددا منداڵ مافی خۆیەتی هەفتەی سەعاتێک بەزمانی دایکی بخوێنێت، لێ کورد، وەک ئەو پاشەگەردانییەی لەکوردستاندا هەیە، لە سوێدیش زمانی کوردییان بەسەر دوو

دایەلێکتدا دابەشکرد. بۆیە ئێستا لەسوێد و زۆر وڵاتی تردا زمانی کوردیی بەدوو زمان پێناسە دەکرێت. ئەمەش لەزۆر ڕەهەندەوە کاریگەرییەکی نەگەتیڤی بەسەر ناسنامەی نەتەوایەتیی و زمانی کوردییدا هەیە. دەوڵەتی سوێدیش بەهۆی ئەو لاملییەی کەلەهەمبەر ئاخێوەرانی زاراوەی سەروو و بنزاراوەی بادینییەوە هەیە ناچار بوو ئەو مافە بۆ دوو زاراوە دەستەبەر بکات. هاوکاتیش ئەو کرمانجە هێژایانە وەک خەپاندنێک باسی ئەوە ناکەن، کەبۆچیی گەلێک لەزارۆکەکانیان لەبری کرمانجیی، تورکیی دەخوێنن! ئەگەر ڕاستییەکە ئەوەبێ، بۆ نموونە لەسوێددا گوایە منداڵ مافی ئەوەی هەیە بەزمانی دایک، دایەلێکت بخوێنێت، ئەدی بۆچیی منداڵانی عەرەب و فارس و تورک ، بگرە ئاشووریی - سریانیی بەزاراوەو بنزاراوەکانی فارسیی و عەرەبیی و تورکیی و ئاشووریی ناخوێنن؟

هەروەک بوونی دوو زمانی ستاندەرد لەنەروێژ، پێوەندیی بەپرسی نەتەوایەتیی، ڕەسەنایەتیی زمانی نەروێژیی و مێژووی بندەستبوونی نەروێژ لەلایەن دانیمارکەوە هەیە، کەبەشێک لەئاخێوەر و زمانناسەکانی " نیونۆرشک" پێی هەڵساون. ئەڵبەت ئەو ڕوانگەیە سەرچاوەکەی بۆ ڕوانگەی ناسیۆنالیزمی نەروێژیی دەگەڕێتەوە نەک دایەلێکت و دەڤەرپەرستیی، کەئەوانە پێیانوابوو ئەو زمانە فەرمییەی کەدوای ئازادبوونی نەروێژ لەبندەستی دەسەڵاتی دانیمارکدا، کرا بەزمانی ستاندەردی دانیمارکیی، زمانێکی ڕەسەنی نەروێژیی نییە، لەزمانی دانیمارکییەوە نزیکە یان وابەستەی دانیمارکییە. وێڕای ئەمەش، بەشێک لەو پسپۆڕانە لەزاراوە و بنزاراوەپەرستییدا، خۆشیرینکەرانە لەژێر دەمامکی "ئازادیخوازیی"ە وە باسی "جووتستاندەرد" یی یان مافی خوێندن بەزارەوەکانی کوردیی دەکەن و داخوازییانامەی بەستاندەردایزی زمانی کوردیی بە"شۆڤینیی"، "ناسیۆنالیستیی" و "سەپاندن" ناودێر دەکەن.

بۆچیی باسی ئەوە ناکەن کە بۆ نموونە لەسوێددا سەرتاپای زمانی خوێندن، کولتووریی و سیاسیی و نووسینی ئەکادیمیی بەزمانێکی ستاندەردە. دیارە ئاساییە کەسێک ڕۆمانێک دەنووسێ، پاڵەوانێکی ناو ڕۆمانەکەی بەشێوەزاری ناوچەکەی خۆیەوە خۆی دەربڕبڕێت یان دەستەواژەو پەیڤی تایبەت بە بنزارەوەکەی خۆی بەکار بهێنێت یان شاعیرێک زاراوەکەی خۆی لەشیعردا بچنێتەوە یان سترانبێژێک بەزاراوەکەی خۆی بچڕێت، بەڵام ناکرێ لێکۆڵینەوەیەکی هزریی، وتارێکی سیاسیی یان ڕەخنەیەکی ئەدەبیی و چامەیەکی ئێستێتیکیی بەزاراوەو بنزاراوەکەی خۆی پێشکەش بەزانستگا بکا یان لەگۆڤارێکی ئەکادیمییدا بڵاوی بکاتەوە. هەروەک لەزمانی عەرەبیی و فارسیی و ئینگلیزیی و ... تاد هەمان شت بوونیان هەیە.

لەمەڕ کەنەداشەوە، بوونی دوو زمانی فەرمیی پێوەندیی بەبوونی دوو زمان، ئینگلیزیی و فەرەنسییەوە هەیە نەک دوو دایەلێکت، لە سویسراش، چوار نەتەوەی جیاواز لەڕووی ئێسنیکییەوە پێکهاتەی سەرەکیی خەڵکی سویسرا پێک دەهێنن، بۆیە زۆر ئاساییەو مافی خۆیشیانە کە چوار زمانی سەرەکییان هەبێ نەک وەک هەندێ کەس باسی دەکەن و

بەدایەلێکت دەیناسێنن. بەکورتیی دیاردەیەکی باڵکێشە، بۆچیی ئەوانەی دژی ئەو داخوازیینامەیەی 53 کەسەن، بۆ سەپاندنی قسەکانیان تەنێ یەخەی ئەزموونە دەراویتە نائاسایی و زۆر تایبەتییەکانیان گرتووە، لەکاتێکدا ئەو ئەزموونانە مەرج نییە نموونەی سەرکەوتوویی بن، بگرە پاشخانی زۆربەی ئەو ئەزموونانەش لە هیی کوردیی ناچن؟

لەوەش بترازێین، کۆمەڵێک لەنووسەرانی بادینان، هەرچەند زۆرینەیان غەمخۆری زمان و زمانناسیی نیین، بەبێ ئەوەی خۆیان بە تێگەیشتن لەناوەڕۆک و مەبەستی ئەو داخوازیینامەیە ماندوو بکەن، کەچیی دەستیانکرد بەخۆڕنینەوەو تۆمەتبارکردنی واژۆکارانی . ئەو زاراوەچیی ، دەڤەرپەرپەست و وابەستە حیزبییانە هەر بەوەندە نەوەستان کەدژی زمانی ستاندەردن، بەڵکو واژۆکارانی ئەو داخوازییناماەیان بە"فاشیی"، " سەدامیی"، "سۆرانییەکان" و ... تاد تۆمەتبار کرد. دیارە ئەو چەشنە قسانەش، قسەی زانراو و گوتراون، هەڵگری هیچ ئارگیومێنت و بیرۆکەیەک نیین. حیزبی کوردیی دەمێکە سەرقاڵە بە گوتنەوەی ئەو قسەحازر بەدەستانە بەرامبەر ئەو تاک و کەسایەتیی و هێزانەی کەرەخنەیان لێدەگرن. ئەم جوێنە جوانانە، لەکاتێکدا بەواژۆکارانی ستاندەردایزی زمانی کوردیی دەڵێن، خۆیان لەپاڵ حکومەت و دەسەڵاتێکەوە چوارمشقیی پاڵیان لێداوەتەوە، جگە لە گەندەڵیی هیچ بەرهەمێکی تریان نییە. لەپاڵ دەسەڵات و حکومەتێکەوە دەیکەن، کە تژییە لە کۆنەبەعسیی، جاش، فایلدار و دەیان دەعبای ئەکادیمییە بەعسییەکان.

چۆن زۆرینەی ڕەهای کورد، خۆی بەسیاسیی و دیپلۆماسیی و شارەزا لەبواری سیاسییدا دەزانێ! بەهەمان شێوەش لەسەر مەسەلەی زمان، زۆر کەس هاتنە وەڵام، کەدەبووایە بەو پاشخانەی کەهەیانە هەرگیز ڕوویان نەیهێنایە باسی زمانی ستاندەردی کوردیی بکەن. ئایا قەت بووە لەپرسێکی نیشتمانیی و ئاساییشیی نەتەوەییدا، جاش و نۆکەر و بەکرێگیراو ببن بەدەم سپیی و سەرکردەو ڕابەڕ، لەناو کورددا نەبێت؟ ئەوەنییە زۆرێک لەسەرکردەکانی کورد ئەم ڕیکۆردە پڕ لەشانازییەیان هەیەو هەنووکەش تاقە پیاوی مەیدانن. لەبواری زمانیشدا، ئەوەنییە تەحسین شاوەیسەکان دەبنە دەمڕاست و زمانزانی کورد. ئاخر تەحسین شاوەیسی ئۆریجناڵ ( بەمانا مۆنۆلۆگییەکەی) شەریفانە! جاشێتیی( جاشییەتیی) خۆی دەکردو کەشوفشی کوردایەتیی نەدەکرد( ئەگەر کردبێتێشی، بەپاڵپشتی حیزبێکەوە دەیکرد).

کەچیی چەکمەبۆرێکی پسپۆر لەبواری ناوزڕاندندا ( بەمانا دیجیتاڵەکەی) لەبواری فایلدروستکردندا بۆ نەیارانی خۆی، خۆی لێمان کردووەتە زمانزان! بەڕاست ئەوانەی فایلیان هەبوو لەناو حیزبەکانی کوردستاندا، چەند ڕیسواو سووک و چرووکن، بەڵام هەرگیز جورئەت ناکەن بچن فایلێکی بەعسییانە بۆ نەیارێکی خۆیان دروست بکەن و هێڵاشێک بۆ خۆیان پەیدا بکەن. ئاخر قەت بووە، فایلساز و ڕاپۆرتنووس و جاشی دەسەڵاتی سیاسیی ببن بەزمانزان ( دوور بێ و ئەهریمەن گوێی کەڕ بێ، زمانناسیی هەر نا) ، نەمردین ئەوەشمان لەناو کورددا بینی.

خەڕەکی زمانی ستاندەردی کوردیی، زۆرکەسی هێنایە جۆش و خرۆش، هەندێ لەو کوردانەی کوردستانی رۆژهەڵات، مرۆڤ نازانێ چۆن تەریق نابنەوە، کەئەو هەموو پاساوە نالۆژیکانە دەهێننەوە بۆ درێژەدان بەگەڕەلاوژەی دایەلێکتەکان، بەڵام زۆرینەی رەهایان بۆ پشیی پشییەکی دەسەڵاتی کوردیی لەکوردستانی باشوور دەیکەن و چاوەڕێی پاداشتن لەبەرامبەر مەئمووریيەتەکەیاندا وەربیگرن. زۆر لەمانەش لێیان ناگیردرێ ( مانگەشەو سەر لەئێوارە دیارە). کاتێکیش د.حەسەنپوور تێزێکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی کۆن دەورووژێنێتەوە بۆ ئەجێندای ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی خۆی ، پۆل پۆل لەکۆمۆنیستە کلاسیکییەکان و نەتەوەپەرستەکان و پانکوردیستەکان پێوەی پەیوەست دەبن. ئەم تێکەولێکەیە، لەبیروبۆچوونی سیاسیی و ئایدیۆلۆژیی جیاواز جیاواز لەژێر چەتری "جووتستاندەردیی" زمانی کوردییدا، جگە لەسەرگەردانیی و ساویلەکەیی شتێکی تری بەشوێنەوە نییە. ئەم هەموو چەواشەکاریی و خۆڵکردنە چاوەوە، ئاماژەیەکی زەقە بەمێنتاڵیتییەکی رەشی قەترانیی، کەنووزەی هیچ ئومێدێکی گەشی تێدا نەماوە.

ئێمە دڵنیاین، خوێنەری ئاگا، باش دەزانێ ، دەسەڵاتی کوردیی و حکومەتی هەرێم، چۆن لەبنەوە دنەی دەیان کەس دەدەن و پارە هەڵدەڕێژن بۆ ئەوەی بنکۆڵی ئەو بۆچوونە ستاندەردە بکەن، کە داوای زمانی یەکگرتووی ئەدەب و نووسین، زمانی ستاندەردی کوردیی لە کوردستانی عێراقدا دەکەن. پەککەوتەی وا ڕاست بووەو دژایەتیی پێشنیاری ستاندەردایزی زمانی کوردیی دەکات، دە ساڵیشە کەس نەک دێڕێکی لێ نەبینووە، بەڵکو نوکتەیەکیشی لێ نەبیستووە. بەڵام چونکە گەندەڵیی هەموو کونوقوژبنێکی گرتووەتەوە، لۆردەکانی حیزب و دەسەڵاتی کوردییش لەکوردستانی باشوور، پارەو ژیانی خەڵکیان بەدەستە، ئیتر هاندانی ئەم زمانناسە کوردانە، لێرەو لەوێ، زۆر ئاسانە.

هەندێک لەم زمانناسە ئایدیۆلۆژیستانە، زمانزانە دەمار رەپەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، ئەوە بە ئارگیومێنت و نموونە هێنانەوە دەرخواردی زۆرکەس دەدەن، گوایە زمانی ئینگلیزیی زمانێکی فرەستاندەردە! هەندێ جیاوازیی زۆر کەم لەنێوان ئینگلیزیی بریتانیی و ئەمێریکیی و ئوسترالیی ...تاد هەیە، کە لە راستییدا، لەچەند وشەو دەربڕینێک تێپەڕ ناکەن. تەواوی دامودەسگا ئەکادیمیی و زانستییەکان، لە بریتانیا، ئەمێریکا، کانەدا(کەنەدا)، ئوسترالیا، هیندستان و ئەفریکای باشوور بەیەک زمانی ستاندەردی ئینتەرناسیۆنالیی دەنووسن. ئەو جیاوازییە کەمانەی هەیە بە ئینگلیزیی ستاندەردی هەرێمەکان (Regional standards of English ) ناسراوە، نەک بە زمانی ستاندەردی جیاواز. ئەو ستاندەردەی ناوچەکانیش بەم چەشنەی خوارەوە دەکرێ پۆلێن بکرێن:

1. بریتانیی و ئایرلەندا
2. ئەمێریکایی
3. کەنەیدیان( کەنەدایی)
4. ئوسترالیایی، نیوزیلەندیی و پاسیفیکی باشوور
5. کارەبیین Caribbean .

6. خۆرئاوا، رۆژهەڵات و باشووری ئەفریکا
7. باشووری ئاسیا
8. رۆژهەڵاتی ئاسیا

بەم پێودانگە جیۆگرافیی و سیاسیی و زمانەوانییانە بێ، زمانی ستانده‌ردی ئینگلیزیی، ئەو فۆرمە زمانەیە کە لە نووسیندا ( نەک لە ئاخافتندا ) بەکاردەهێنرێ. لەهەر شوێنێکی ئەم دنیایە بەکاربهێنرێ، نزیکەی هەمان فۆرم و ستایڵ و گراماتیکی هەیە( بەکەمێک جیاوازیی زۆر بچووکەوە). کەواتە بەپێچەوانەی ئەوانەی پێیانوایە، زمانی ئینگلیزیی فرە ستانده‌ردە، بەڵکو زمانی ئینگلیزیی یەک ستانده‌ردی جیهانیی هەیە.

ئەگەر ئەمیری حەسەنپوور رەخنەی لێنەگیردرایەو پێی نەگوترایە، ئەو زمانەی وتارەکەی لەسەر جووتستانده‌ردیی پێ نووسیبوو، لەزمانی ئەکادیمیستێک نەدەچوو، هەرگیز ئەویش ئێستا نەدەهات، تۆڵەی خۆی تەنێ بەوە بکاتەوە کە ستانده‌رایز نادروستەو ستانده‌ردایز( ستانداردایز) دروستە. ئەمە لەلایەک ئەوە دەگەیەنێ، کارێکتەری مرۆڤی کورد ئەگەر پاڵە بێت یان پرۆفێسەر، هەر بەرەخنە قەڵس دەبێ . بەڵام ئەمیری حەسەنپوور دەبێ ئەوە بزانێ، ئەو رەخنەیە بوو، وایلێکرد کە زمانی نووسینی وتاری" کێشەکانی زمانی رەسمیی کوردی" لەگەڵ زمانی نووسینی وتارەکەی لەسەر جووتستانده‌ردیی ئاسمان و رێسمانی جودا بێت. ئەگەر خۆی زۆرتر پێوە خەریک کردووە، یان کەسێکی شارەزا بۆی پێداچووەتەوە، شتێکی باشی کردووە. بەڵام نەدەبووایە وەک زمانناسێک بێت رەخنەی گراماتیکیی و فۆنەتیکیی بگرێ، ئەوە کاری فایلساز و قەڵەمفرۆشەکانی دەسەڵاتی کوردییە، نەک کاری کەسێک کە خۆی بە زمانناس بناسێنێت.

هەرچەندە لە زۆر کۆڕوکۆمەڵی کرمانجییەکاندا، وشەی ستانده‌رد بە "ستانده‌ر- یان ستاندار" دەنووسن، بەواتایەکی تر "د" ی کۆتایی قووت دەدەن، لەزۆر وشەی تریشدا ئەم کارە دەکەن، وەک مردن و خواردن( مرن و خوارن)..........تاد. ئاخر بەڕاستیی کەی ئەوە رەخنەیە، لەسەر ناوەڕۆکی پێشنیارێک، بە وشەیەکەوە بیگریت، ئەگەر وایە، خۆ د. حەسەنپوور لەهەموو کەس باشتر دەزانێ، کە function فەنکشن دروستە، نەک وەک ئەوەی ئەو دەینووسێ فانکشن، چونکە بە فۆنەتیکی ئینگلیزیی بە fŭngk'shən دەخوێندرێتەوە. ئەگەر بەم پێودانگە بێت، "پارلمان" ەکەی ئەویش هەر نادروستە، چونکە لە زمان و فۆنەتیکی ئینگلیزییدا، دەقاودەق بە پارلیمێنت parliament دەنووسرێ و دەخوێنرێتەوە.

هەرچەندە ئێمە پێمانوایە، دەنگەکانی "ا" و "ە" لەزمانی کوردییدا زۆر لێکەوە نزیکن، بۆ نموونە پارلەرمان و پەرلەمان، کانەدا و کەنەدا ............تاد. بەهەمان شێوەش ئێمە "ستانده‌رد"مان "stăn'dərd" پێ دروستترە لەستاندارد، چونکە لە فۆنەتیکی ئینگلیزییدا، لەپێشەوە دەنگەکە درێژ دەبێتەوەو لەدواوە کورت دەبێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە وەک کوڕێکی خوێنگەرمی کوردستانی رۆژهەڵات، بە ستەندارد( ؟) دەینووسێ. ئەم شۆق ڕاوەشانەی

ئەو زمانزانە دەمار ئەستوورە! تەنێ بۆ ئەوەیە، کە بڵێ "ستەندارد" ەکەی ئەو دروستەو " ستاندەرد" هەڵەیە. هاوکات "دایەلێکت"مان لە "دیالێکت" پێ دروستترە، چونکە ئەگەر بڕیارە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریبگرین، پێویستە بەهەمان فۆنەتیک و داڕشتنیش بخوێندرێتەوەو بنووسرێتەوە.

هەموو ئەم گرفتانە ئەگەر ئەکادیمیایەکی کوردیی سەربەخۆ هەبێ، نەک وەک ئەو ئەکادیمیایەی کوردستان کە سەرۆکی هەرێم و حیزب و دەسەڵاتی کوردیی بەهەمان مێنتاڵیتیی حیزبی بەعسەوە دەستی تێوەردەدەن، ئەوە ئەم گرفتە سادانە زۆر بەسانایی یەکلایی دەکرێنەوە. لێرەوە دەبوو هەندێ زمانزان و زماننناسی کورد لەو کەلی شەیتانە بێنە خوارێ و ددان بەوەدا بنێن کە ئەوە نەبوونی ویستی ستاندەردکردنی زمانی کوردییە کە وایکردووە کێشەی رێنووس، پاشەگەردانیی لە چەمک و رێزمان ئاڵۆزتر بکات. بەڵام تا ئەو کاتەی نێوەند و ئینستیتیوتێکی سەربەخۆ و ئازاد ، کۆمەڵێ رێسای زمانەوانیی دادەنێ، هەموو بیرکردنەوە و داهێنانێک، داهێنان و بیرکردنەوەی تاکەکانە و کەسیش بۆی نییە بەکەسیتر بڵێ "من راستم و تۆ هەڵەیت". هەر بۆیە دەکرێ ستاندەردکردنی زمانی کوردیی ئەو پاشاگەردانییە بنەبڕ بکات. بەڵام لەهەموو کاتێکدا، رەخنە رۆحی تێکست زیاتر دەورووژێنێ، ناوداری دەکات و بەپێچەوانە بێناوی ناکات. وێڕای هەموو ئەمانەش، ئارگیومێنت و ستاندەرد دروستن، نەک ئەرگیومێنت و ستەندارد! چونکە ئەمانە بە رێسای زمانەوانیی داڕێژراون، کاکی کوردی خوێنگەرم بۆی نییە بەئارەزووی خۆی فۆنەتیک و داڕشتنەکەی بگۆڕێت.

زۆربەی کات رەخنەگرتن، لای کورد بەترسەوە دەردەبڕدرێ، هەمیشە لەناو چەپکە گوڵدا دەیپێچنەوەو بەزمانی گوڵەوە دەیوەشێنن، بۆ ئەوەی کەسی بەرامبەر زامدار نەکات و دڵی نەڕەنجێنێت. هەر ئەمەشە وایکردووە بەشی زۆری رەخنەی کوردیی ماستاوگرتنەوە بێت و زۆرینەی رەخنەگرانیش ماستاوچیی بن. بەدڵنیاییەوە زۆرێک بە ئێمە دەڵێن، رەخنەکانمان زبر و رەقن، توند و برینداركەرن، ئازاربەخش و بەردڵگرن. کەچیی ئەوانەی رەخنەکانی ئێمە بە رەخنەی زبر و رەق دەزانن، هەمان تۆمەت نادەنە پاڵ ئەو هەموو نەڕەنەڕەی کە زۆرێک لەو نووسەرە دەڤەرپەرستانەی بادینان و پیاوەکانی دەسەڵات و کوردە وابەستەکانی دەسەڵات لە کوردستانی رۆژهەڵات هەڵیانڕشت، لە کاتێکدا زۆرینەیان فڕیان بەزانستی زمان و زماننناسییەوە نییە. بەڵێ ئێمە پێمانوایە، ئەگەر کورد رەخنەگری بێچاوڕوو، ئازا و بوێری هەبووایە، هەرگیز پرۆفێسەرێکی زمانەوانیی لەچەشنی جەمال نەبەز ئەوەندەی هەڵەوپەڵە( هەڵیت و پەڵیت) نەدەدا بەسەریەکدا و دەرخواردی ئەو گەلە بێ ئایدێنتیتییەی نەدەدا.

ئەو وتارێکی پڕ لەحەماسەت و خۆڕنیینەوەو شین و شەپۆڕاویی لەرۆژنامەی "رۆژنامە" ژمارەکانی 251 و 252 دا نووسیوە، سەرلەبەری بۆچوونەکانی پێشووتری خۆی بنکۆڵ دەکات. وێڕای ئەوەی ئێمە دڵنیاین بەسەتان کەس زیکری بۆ دەکەن و بەپێغەمبەری "کوردایەتیی"

دادەنێن، بەڵام ئێمەش ئازادین، لەوەی بڵێین ئەم پیاوە هیچی نوێی لەسەر زمان پێ نەماوە. هەر ئەو وتارەی" لە براکوژیی گیانییەوە بۆ براکوژیی زمانی" ئەو ئەکادیمیستە، سەرلەبەری بۆچوون و نووسینەکانی پێشووی خۆی بەدرۆ دەخاتەوە. هەڵوێست و دیدی زمانەوانیی سالانی زووتری خۆی بەبادا دەدات و رۆڵی کوێخایەکی قسەرۆیشتوو دەگێڕێ بۆ ساغکردنەوەی زمانی کوردیی، کە ئەو بەستوویەتییەوە بەو خەونە نەزۆکەی کە " کوردستانی گەورە"ی وەک هێلکەی پاککراو بۆ ئامادە بکەن.

ئەو پرۆفیسەرەی کورد، کە بەوە رایهێناوین هەموو شتێکی لە پەنجاکانەوە گوتووە، لەوە تێناگا کە نەتەوەی یەکگرتوو، زمانی یەکگرتوو بەشێکی بە نەخشە و پلان دەخەملێنرێت و بەشێکی بە هۆکردی کولتووریی، مێژوویی، سیاسیی و پێشقەچوونی ئابووریی و رۆڵی دەسەلات و ئیرادەوە بەرهەمدێت. لەو روانگەیەوە دەکرێ لە رێگای ستاندەردکردنی زمانەوە ئەو هەڵە و پەڵەی رێنووس و پاشاگەردانییەی زمانی کوردیی چارەسەر بکرێت. لێ ئەگەر گوێ لە ئامۆژگارییەکانی پرۆفیسەر جەمال نەبەز و دۆکتەر ئەمیر حەسەن پوور بگرین ئەوە دەبێت هەر بەو قسە لەکردە بەدەرانە بژین و زمانی ستاندەردی کوردییش بەشێوە فەرمییەکەی هەرگیز کەس نایبینێ. ئەوەیشی زمانی کوردیی و کێشە سیاسییەکانی لەو قەتیسمانەدا دەهێڵنەوە، قسەی بێکردە و خۆ بە کوێخازانینی ئەو پسپۆڕانەیە، کە حەز دەکەن کوێخای هەموو کیشەکانی کورد بن و لە خۆیشیان زیاتر کەسی تر مافی نەبێت دەمڕاست بێت.

لەنێو دژە ئارگیومێنتەکانی لەهەمبەر ستاندەردایزی زمانی کوردیی، لەکوردستانی باشووردا بەدرەنگەوە هاتووەتە پێشەوە ، وتارەکەی جەمال نەبەزە، کەتەنێ خودی خۆی نەبێ کەس سەری لێدەرناکات. لەلایەک دژایەتیی سەرلەبەری ئەو پرۆژەیەی زمانی ستاندەردی کوردیی دەکات ، کەچیی لەچەند پارەگرافی دواتردا دۆودۆشاو تێکەڵ دەکاتەوەو دژایەتیی دۆکترینی دووستاندەردیی دەکات، جارێکیتر لایەنگریی لەئەجێندای هاوبەشی کەمپەیینەکە دەکاتەوە. د.نەبەز زۆر بێپەروا، زۆر خوێنساردانەو زۆر غەمساردانە، بنکۆڵی بیروبۆچوونی دەیان ئەکادیمست و پسپۆری زمانی کوردیی دەکات، هاوکاتیش بەوە رایهێناوین کەئەو لەپەنجاکانەوە باسی هەموو بابەتێکی کردووە، بۆیە لەو وتارەشدا زۆر شانازیی بەڕابردووی نووسینەکانی خۆی لەسەر زمانی ستاندەرد و زمانی یەکگرتووی کوردیی دەکات. بەڵام ئەم پرۆفیسەرەی زمانی کوردیی، زاتی ئەوەناکات ، کەخۆی ساغبکاتەوەو بەڕەوانیی و روونیی، پاڵپشتیی لەبۆچوونەکانی پێشووتری خۆی بکات، تازەبەتازە دێت سیاسەتی باوی ( نەشیش بسووتێ و نەکەباب) پێڕۆ دەکات. بۆ ئەوەی گومان بخاتە سەر کەمپەیینەکە، بیانووی کوردستانی گەورەو زمانی یەکگرتوو بۆ هەموو نەتەوەی کورد! و بۆ پانکوردیزمەکەی خۆی دەهێنێتەوە.

لەکاتێکدا، منداڵێکی وریاش، داواکاریی کەمپەیینەکە تێدەگات، کەتەنێ جەختیان لەسەر هەرێمێکی دیفاکتۆی سیاسیی و جیۆگرافیی کردووەتەوە کەبەهەرێمی کوردستانی عێراق ناسراوە. شایەنی باسە پرۆفێسەر نەبەز لەوتارێکیدا، "تۆمەتی نارەواو بوختان؛ لەپشت پەرژینی پەسندانەوە"، کەلەهەفتەنامەی "میدیا"، ژمارە317 دا بڵاوکراوەتەوە، سەبارەت بەنەتەوەیەکی یەکگرتوو، وەک چۆن داوامان لێدەکا تا هەموو پارچەکانی تری کوردستان رزگار دەبن ئەوکات باسی زمانی ستاندەردی کوردیی بکەین، بەهەمان شێوەش پێمان دەڵێ، تا کێشەی چینایەتیی لەجڤاکی کوردییدا کۆتایی نەیات، کورد یەکگرتوو نابێت. پرۆفێسەر نەبەز لەو وتارەدا بەدەق دەبێژێ: "نەتەوەیەکی یەکگرتوو کاتێک دروست دەبێ کەجیاوازی چینایەتیی تێدا نەمێنێ". ئەڵبەت نە نموونەی نەتەوەیەکی فانتەسیی لەو چەشنەی د. نەبەز باسیدەکا لەهیچ گۆشەیەکی ئەو جیهانەدا هەیەو نەسروشتی مرۆڤ و سیستمی ئابووریی و جڤاکییش بوار بۆ سازبوونی ئەو نەتەوە ئەفسانەییە خۆشدەکات.

لێ د. نەبەز لە وتارە بەراداندراوەکەیدا، کەنازانین ئەو بەراداندانەش بەشێکە لە"پسپۆر"ییەکەی خۆی! کە پەسنی سەرۆکی هەرێم دەدا، گوایە شەڕی براکوژیی بەچەوت زانیوە، لێ بۆچیی قسەیەکیشی لەوە نەکردووە، کەلەژێر سایەی حکومەتی ئەو سەرۆکەدا، لەماوەی ئەو حەڤدەساڵەدا بەگشتیی و بەتایبەتییش دوای رمانی رژێمی بەعس، پێڕێک لەهەڵەپاس و بەرپرسانی حیزبەکەی کتوپڕ بوونە بازرگان. بەمەش ئاستی چینایەتیی لەجڤاکی کوردییدا سەت هێندەی "پەنجاکان"ی د. نەبەز قەبەتر بوو؟ هاوکاتیش، لەکاتێکدا کەپرۆفێسەر نەبەز خۆی لەئەڵمانیا، لە یەکێک لەوڵاتە سەرمایەدارییە زلەکانی رۆژئاوا دەژیت، ئاگای لەوە نییە کەئەو جیاوازییە چینایەتییەی ئەمرۆ بوونی هەیە لەهەموو سەردەمانێک زیاتر لەئارادایە. . تۆ بڵێی پرۆفێسەر جەمال نەبەز لەوە نەهزرێ کە ئەو شتانەی دەیبێژێ تەنیا سەرچیغێک لەو کوردایەتییە رووتەیە کە دەڵێ: "برا لە پشت برا بێ، مەگەر قەزا لە لای خودا بێت" نەک ئاخاوتنێکی هزریی؟ راستییەکەی، ئەو کوردایەتییەش هەڵگری هیچ گوتارێکی هزریی نییە، بەڵکو تەنێ گوتنەوەی قسەی گوتراوە.

د.نەبەز بە پەنجا ساڵ تەمەنی نووسینی خۆیەوە لەسەر زمانی کوردیی یەکگرتوو، خاوەنی یەک تاقە دۆکترینی داتابەخش نییە کەمرۆڤ بیکات بەبناغەو ئارگیومێنتێکی ئەکادیمیی و زمانەوانیی. ئەم پیاوە قاڵەوەبووە لەناو کوردایەتیی و پانکوردیزمدا، پێیوایە بابەتی زمانی ستاندەردی کوردییش، هەر مەسەلە سیاسییە رووتوقووتەکانە، تا ئامۆژگاریی بۆ ئاغایان بارزانیی و تاڵەبانیی بنێرێ. هەموو مرۆڤێک لەسەردەمێکدا لەلووتکەدا دەبێ و دواتر لێدەکەوێ و کەسانی شارەزاتر و بەتواناتر و گەنجی چاوکراوەتر دێنە پێشەوە. ئەم پرۆفێسەرەی دۆکترینی کوردایەتیی، تەنانەت نازانێ ئارگیومێنتی ئەکادیمیی و زمانەوانییش چییە! دەچێ بۆ لەکەدارکردنی ئەو ئارگیومێنتانەی لەسەر زمانی کوردیی

کراون، بەتوانجێکی ئاکار خێڵەکیی، بەدەربڕینگەلێکیٚ زۆر نائەکادیمیی و نازانستیی، بەئەندێشەی خۆی، هێڵە بەو وتار و توێژینەوانە دەکات لەسەر ئەم مەسەلەیە نووسراون.

ئایا، بەڕاستیی د.نەبەز حیکایەت و ریوایەت دەگێڕێتەوە یان لەسەر تەوەرەیەکی زۆر گرینگی کولتووریی وەک زمان، بەداتای زمانناسیی و زانستی زمانی سەردەم دەنووسیٚ؟ ئەی لەو مالۆیرانییە، پرۆفیسەرێکی زمانەوان، تازەبەتازە دێت، گاڵتەی بەوە دێت کەوشەی ئارگیومێنت( دیارە ئەو بەچەوتیی بە" ئەرگیومەنت" دەینووسیٚ) هێنراوەتە ناو زمانی کوردییەوە. لەو بەزم و بازاڕەی لەم سەردەمەدا، کەهەندیٚ سکۆلار خەریکە ناوی پۆست گڵۆباڵیزەییشنی لێدەنێن، تازەبەتازە د.جەمال بەگۆچانی کوردایەتیی و کەواوسەڵتەی پانکوردیزمەوە، باس لە" ئەفسانەی زمانی کوردیی پەتیی" دەکات. لەم کۆمیدیایەش بگەڕێین و بیر لەهەڵچوونێکی پانکوردیستانەو کەمشارەزایی ئەم پرۆفیسەرە تەمەن هەڵکشاوە بکەینەوە، مۆلەق دەبین. د.نەبەز، پێیوایە تێخزانی قسەی هەندیٚ ئەورووپایی بۆ ناو وتار و توێژینەوە، بۆ ئەوەیە" پێمان بسەلمێنیٚ کەکوڕە باشەکە خوێندەواریی ئەوروپایی هەیە" . جا بەس ئەوەندە بەسە، ئێمەش بەد.نەبەز و پانکوردیستەکان بڵێین، ئەم دەربڕینەتان، ئەوەندەی عەشایەریی و بێئاگاییە لەزانستی زمان و گەشەی زمانەوانیی لەدوورو نزیکەوە ناچێتە چوار چێوەی ئارگیومێنتێکی نە رووخێنەر و نە بنیاتنەرەوە. ئەوە جگە لەبەرهەمی جەهلی کوردایەتیی ناو شاخ و ئەشکەوت زیاتر، هیچ ئارگیومێنتێکی ئەکادیمیی تێدا نییە.

بەپێچەوانەوە، قسە دەرکردن لەگیرفانی خۆمان و خۆهەڵدان و خۆهەڵنان و قسەجەڕاندن، شەرمە، خۆبەزلزانیی و خۆبەپسپۆرزان و مامۆستای هەموو شتیٚ کێماسییە، نەک خوێندنەوەی پانوپۆڕ و بەهێزکردنی ئارگیومێنتەکان بەئارگیومێنتی کەسانی تر. دزینی بۆچوونی خەڵک ریسواییە، کاتیٚ ناویان نەهێنین و بەبۆچوونی خۆمان بەخوێنەری کوردی بفرۆشینەوە. کۆپیکردنی بیروڕای کەسانی تر شەرمەزارییە کاتیٚ بە دەربڕینی خۆمان بینووسینەوە.

یەکێک لە پێوەر و کرایتێریا سەرەکییەکانی هەر نووسین و توێژینەوەیەکی ئەکادیمیی، رەگداکوتانی ئارگیومێنتەکانییەتی لەناو بۆچوونی نووسەرو سکۆلارو ئەکادیمستە شارەزاکانی ئەو بوارەدا. کاتێک د.نەبەز لەم بوارەدا تاقەتی نەماوەو دەرکی پێناکات، باشترە بێدەنگ بیٚ، ئەوێک کەقسەی نوێتری پێنەماوەو سەردەمی بەسەرچووە، لاملیی دادی نادات و نووسینە نوێکانی جگە لەچەندین جار دووبارەکردنەوە، یەک تێز و یەک داتای نوێی بۆ ناخرێتە سەر. ئەوە د.جەمال نەبەزە بەگۆترەکاریی و بەهەوای پەنجاکان و شەستەکانی سەتەی رابردووی کوردستان و عێراق، لەسەر پرسێکی چارەنووسساز وکولتووریی وەک زمان کەوتووەتە شوێنێکەوە، کەس ئێرەیی پیٚ نابات. لەوەش گەڕێین، ئەم پانکوردیستە، ناسیۆنالیزم و کوردایەتیی سۆمای چاوی بەتەواویی داهێناوەو توانای بینینی هەنووکەو سەردەمی نوێی نییە.

لەهەمووی عەنتیکەتر، هێنانە ناوەوەی ناوی سەرۆک بارزانییە کە لەدوورو نزیکەوە پێوەندیی بەباسەکەوە نییە، گوایە سەرۆکی هەرێم، شەڕی براکوژیی بەکوردکوژیی ناساندووە( مەگەر دۆکترینێکی نوێی داهێناوە!). بەڵام چونکە لەوەتەی دوو گوێچکەی د.جەمال نەبەز رووارە، هەمیشە دڵسۆزی ماڵی بارزانیی بووە، لەو وتارەشیدا، لەدوا پەرەگرافدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بەسەرکردووەتەوەو یەک دەست چەپڵەی جوانی بەزمانێکی ناستاندەرد بۆ لێداوە. لەکاتێکدا ئەمە کاری ئەو نییەو لێی کەم دەکاتەوە، نەک پێی گەورەببێ. ئەمە لەترشوخوێکردن و مزرکردنی خواردنێکی نادیار بەو لاوە، مەگەر هەر د.نەبەز و خودای خۆی بزانێ چ مەبەستێکی لەپشتەوەیە.

بەڕاست مرۆڤ کەپێی نەمێنێ و تەمەنی بەساڵدا بچێ، هیچ کێماسییەکی تێدایە؟ یاخود وەک یاسر عەرەفاتی یاد بەخێر و پەندە کوردییە خۆماڵییەکە( تامردن، کردن) ، بەدارشەقیش بڕۆین، هەر دەبێ قسەمان هەبێ. دیارە قسە هەبوون، باشیش و خراپیش دەگوترێ. لەمەش کارەساتتر ئەوەیە بە" تەکلیف" وتارێک بنووسی، جگە لەدووبارەکردنەوەی بۆچوونەکانی پێشووتر، یەک تۆزقاڵ زانیاریی نوێ و مەعریفەو فیکرو زانستی زمانەوانیی تێدا نەبێ. تەکلیفێک، لەلایەن ئەوانەوە کراوە لێی، کەئینتیمای ناوچەکەیان و دایەلێکتەکەیان، لەسەروو هەموو بەهایەکی ترەوە دادەنێن، ئەوانێک کەشۆڤینیزمی ناوچەیی و دەمارگیریی بنزاراوەیی چاویانی سواغ داوە، ئینتیمایان بۆ بنزاراوەکەی خۆیان لەسەروو هەموو ئینتیمایەکی ترەوە دادەنێن و د.نەبەزیش دوای ئەم هەڵایە کەوتووە.

بەم پێودانگانە بێ، رەواییدان بە تەخشانکردن و پەخشانکردنی زمانی کوردیی بەسەر دایەلێکتەکاندا، لەدیدی د.نەبەزەوە لەگرینگیی زمانی ستاندەرد و یەکگرتووی کوردیی لەهەنووکەدا بەپێویستتر دەزانێ. لەکاتێکدا پانکوردیستێکی وەک ئەو، دەبووایە، غەمی یەکێتیی نەتەوەیی گەلێکی بێچارەی وەک کوردی هەبووایە، کەلەکوردستانی عێراقدا، بەردی بناغەی چەمکی دەوڵەت و نەتەوەی رۆناوە، کەچیی کەوتووەتە لاواندنەوەی سەرجەم زاراوە کوردییەکان و لەدەوری هەموویان دەگەڕێ. بەڵام ناوێرێ بڵێ لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا کامە زمانی ستاندەردە، یان لای کەم کامە بناغەکەیەتی. ئەم بۆچوونەیشی لەسەر حیسابی زمانی ستاندەردی کوردیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، پێکورەیی دەکات.

دۆو دۆشاو تێکەڵکردنەکانی پرۆفیسەر نەبەز:

- ئەو پێیوایە، ئەو پرۆژەیە، بۆ سەپاندنی زمانی ستاندەردی کوردییە بەسەر نەتەوەی کورددا. بەڕاستیی ئەمە هەر بەدحاڵییبوون نییە، ئەمە چەواشەکارییەکی زۆر پڕ لەپێچ و پەنایە. بەپێچەوانەوە، پرۆژەکە جەختی لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق" تەنێ" کردووەتەوە، کەبەشێک لەنەتەوەی کورد و هەندێ ئێسنیکی تریش لەم هەرێمەدا دەژین.
- کاتێک جەمال نەبەز ئاگای لەهیچ نییە، بەهەمان مێنتاڵیتیی هەندێ سەرکردەی کورد، کەخۆیان بەتاقە شاسواری شۆڕشگێڕیی دەناسێنن، ئەمیش خۆی

بەتاقە زمانەوان و زماناسی کورد دەناسێنێ کەلە پەنجا ساڵی رابردوودا، کەسیتر شتێکی نەخستووەتە سەر هەلوور بلوورەکانی ئەو، ئایا ئەمە قسەی رووتە، یان بیرکردنەوەیەکی ساغڵەم و زانستیی و ئەکادیمییە، یاخود کوێخایەتییە!

- تورک و فارس، زمانی ستاندەردیان نییە! ئایا ئەمەچیرۆکی شەولەبان و ئایشەگوێ درێژە، یان بیرکردنەوەی ئەکادیمیستێک! و زمانەوان و پسپۆرێکی کوردە.
- ئەو زمانەی جەمال نەبەز لەسەر زمانی ستاندەرد پێی دەنووسێ، زمانێکە هیچ فیکرو مەعریفە و داتایەکی زمانەوانیی و زماناسیی تێدا نییە، رووتورەجاڵەو لەباشترین دۆخدا لەزمانی نووسەرێکی خەیاڵیی دەچێ.
- پرۆفێسەری پانکوردیستەکان، توێژینەوەی ئەکادیمیی و زمانەوانیی بەتێئاخنینی قسەی ئەورووپایی دەچوێنێ! ئاخر بەراستیی ئەوە کام زانکۆیە، ئەم پلە فەخرییە، ئەم پلە ئەفسووناوییەی داوە بەم غەمخۆرە زمانزانە! کەئەوەندە ساڵە لەرۆژئاوایە، کەچیی توانجێک بەکار دەهێنێ، لەهیی هەر کەسێک بچێ لەسکۆلارێک و پیاوێکی شارەزا ناچێ کەلەئەڵمانیادا تەمەنێکی باشی بەسەر بردبێ.
- ئەوانەی لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی بەدەنگ هاتوون پێیان دەڵێ" هەی قوڕ بەسەر کورد کەئەمانە خوێندەوارەکانیان بن" ئێمەش دەڵێین هەی هەش بەسەر کورد کەئەمانە پرۆفێسەرە زمانزان و زماناسەکانی بن.

خۆشترین و بەتامترین نوکتەی د.جەمال نەبەز ئەوەیە، کە بەپێشنیاری ٥٣ کەسەکە دەڵێ" تکانامە"! هەرکەسێ ئەوەی دەنووسی، ئەم دۆستە زمانزان و سیاسیی و کوێخای کوردایەتیی و پانکوردیزمە، نەدەبوو شتی وا بنووسێت. لەسەرەتای سەرهەڵدانی "مەلایی و جەلالیی" وە لەشەستەکانی سەتەی رابردووەوە، تا هەنووکە کە پتر لە چل دانە ساڵی رەبەق دەکات، ئەم دۆستە خەریکی پاڕانەوەو تکا نووسین و نوشتەی کوردایەتیی و کوردپەرورەییە بۆ ئەوەی ئەم دوو باڵەی بزوتنەوەی کوردایەتیی پەڕوباڵی یەکتر نەخۆن. ناوبەناویش بەلای لایەکیاندا زیاتر شکاوەتەوە.

کەچیی لە چل ساڵی رەبەقدا، تاکە یەکجار چییە گوێیان لێ نەگرتووە، لە کاتی شەڕی نێوخۆشدا لەنێوان "پدک و ینک" دا، کارو کاسبیی ئەم زمانزانە هەر تکانامە بووە. ئەو بەئەندازەی هەموو تەمەنی ئێمە خەریکی وەعز نووسین و تکاوەعز بووە، چونکە کەسیش باسی ناکات، هەمیشە خۆی ناوبەناو بیرمان دەهێنێتەوە، گوایە لە فلان ساڵ و فیسار وەرزدا، چامەیەکی تکانامەی پڕ لە ئێستێتیکای نووسیوە. لەکاتێکدا، پێشنیاری ٥٣ کەسەکە، بەپێچەوانەی تکانامەکانی ئەوەوە، بۆ کۆشک وتەلارەکانی میرەکانی دەسەڵات دەستیی نەکردووە. بەڵکو زۆر مۆدێرنانەو زۆر ئازادانەو زۆر بێ منەتانە، لە بەربڵاوترین رۆژنامەو هەفتەنامە ئازادەکانی کوردستاندا وەشێنراون. بەدڵنیاییەوە ئەگەر بایۆگرافی و بیبلیۆگرافی ( biography, bibliography) ئەم تێکۆشەرە پانکوردیستە بنووسرێتەوە، بێگومان " تکانامە" کانی

سەنگینترین و گەشترین گۆشە لە کۆی کۆنتێکست و نووسینەکانی ئەودا دەدرەخشێنن.

سەرئەنجام، لەهەلومەرجی سیاسیی و جیۆگرافیی کوردستانی عێراقدا، پێویستە زمانی ستاندەردی کوردیی ساغبکرێتەوە، ئەم ساغبوونەوەیە بە پێی کرایتێریای زمانناسیی و کولتووریی هەموو قۆناغەکانی کاملبوون و گەشەکردنی بڕیوە، دەبێ ئینتیمای دایەلێکتپەرستیی و ناوچەگەریی بەلادا بخرێ و کوردی هەموو کوردستانی باشوور خاوەنی یەک نۆرمی نووسینی ئەکادیمیی ببن. ئەو نۆرمە نووسینەش لەهەنووکەدا زمانێکی تەواو پرێستیژە، لینگوا فرانکایەکی پانوپۆڕەو زمانی ئەدەب و تێکستی بالای کوردییە. لەپاڵ زمانی ستاندەردو پرێستیژی کوردییدا، دەکرێ دایەلێکتەکانی تر( هەموویان نەک تەنێ کرمانجیی ) گرینگییان پێ بدرێ، بەلام بۆ خزمەتی زمانێکی کاراتر و پانوپۆڕتر، بۆ خزمەتی یەک زمانی ستاندەرد و فەرمیی لەسەرجەم هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

# ( ٣ )

## (( كورد، پێویستیی بەیەک زمانی نووسینی نیشتمانیی هەیە.))

### "زمان، دایەلێکتێکە خاوەن لەشکرو هێزی دەریاییە"

Max Weinreich

### پێشەکیی

ئەم نووسینە، وەک بەردەوامییەک لە سەر نووسینی پێشووترمان( زمانی ستاندەردی کوردیی لەنێوان گەندەڵیی دەسەڵات و زاراوەپەرستییدا)، هەوڵێکی ترە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو دڕدۆنگییەی کە لەلایەن هەندێ نووسەرانی بادینانی هەرێمی کوردستانەوە لەمەڕ زمانی ستاندەردی کوردیی هێناویانەتە ئاراوە و بانگەشەی خوێندن بەدایەلێکت دەکەن. بڕیاری خوێندن بە بنزاراوەی بادینانیی لە هەرێمی کوردستاندا، بڕیارێک بوو لە دوور ونزیکەوە پێوەندیی بە وەزیری پەروەردەوە نەبوو. خودی وەزیری پەروەردەش لە دیمانەیەکدا لەگەڵ "کوردستانی نوێ"، ددان بەو ڕاستییەدا دەنێ. بۆیە بە ڕاشکاویی ئەم وەزیرە لە هەمبەر ئەو بڕیارەدا بێ دەسەڵاتە، جگە لە سەرلەقاندن هیچ شتێکی تری بۆ نەماوەتەوە. بەڕاستیی ئەگەر لەگرینگیی پەروەردە و زمانی نەتەوە، نیشتمانیی و ستاندەرد بگەیشتایە، وەک پێشتر داوایان لێکردبوو دەبووایە سەربەرزانە وازی لەو پۆستە بێدەسەڵاتە بهێنایە. دەبووایە مێژوویەکی گەشی بەوازهێنان بۆ خۆی تۆمار بکردایە، نەک مێژوویەک کە سەرەتای شەقڵێکی گەورە لەنێو جەستەی میللەتی کورددا دروست دەکات.

لێرەدا ئەم نووسینە لە پێناو دۆزینەوەی لۆژێکێک بۆ تێگەیشتن لە بەهای بە فەرمییکردنی زمانی ستادەردی کوردیی، دەیەوێ سەرنجی ئاخێوەرانی بادینان و کۆی ئەو نووسەر و سیاسییانەی کە چارەنووسی کوردستانیان بۆ گرینگە رابکێشێ. بە سوودوەرگرتن لە کتێبی"Kommunikativt handlande" (1) کۆمەڵناس و هزرڤانی ئاڵمانیی، هابرماس Habermas()، بۆ ئەوەی نووسەران لە ئاستێکی ڕاشناڵیستدا لەمەڕ گرینگیی و جیاوازییەکانی نێوان زمانێکی پرێستیژ و ستاندەرد لەلایەک و دایەلێکت و بنزاراوە لەلایەکی تر، بە ئاکامێک بگەن، دەبێ بە پشتبەستن بە بەڵگە و شێوازێکی لۆژیکیی گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان لایەنگرانی خوێندن بە بادینانیی و لایەنگرانی بە فەرمییکردنی زمانێکی ستاندەردی کوردیی ساز بکەن. ئەگەر هەر لایەک توانی بە بەڵگە و ئارگیومێنتی

لۆژیکانە، بۆچوونی لایەنی بەرامبەر پووچەڵ بکاتەوە، پێویستە لایەکەی تر ئەوە بپەژرێنێ. کەواتە ئەم نووسینەش دەیەوێ بەشێک بێت لەو گفتوگۆیە.

## خوێندن بە بنزارەوە، شێرپەنجەی زمانی ستاندەردە

ماوەیەکە کۆمەڵێ نووسەری بادینانیی، چ لە هەندێ سایتی کوردیی و هەندێ رۆژنامەی کوردستاندا، کەوتوونەتە پاساو هێنانەوەو نموونە هێنانەوە بۆ ئەوەی بەڵگە و ئارگیومێنتەکانیان بەهێز بکەن و زیاتر رێگە بۆ خوێندن بەزاراوەی بادینانیی خۆش بکەن و زمانی ستاندەردی کوردییش پشت گوێبخەن. بەڵام ئارگیومێنتەکانیان ئەوەندە نازانستیین شەو و رۆژێک بڕ ناکەن.. سەرگەردانییەکە لەوەدایە، هیچیان ماڵی ئەو بابەتە نیین، بەڵام خۆیان کردووە بەدەمسپیی بنزاراوەی بادینانیی، بەشێوەیەک یەخەی خۆیان دادەڕن، کە کۆتاییەکی رەش چاوەڕوانی یەک زمانی نووسینی کوردیی دەکات. باشییەک کە دەیکەن، ئەم باسانە، بەزمانی ستاندەردی کوردیی دەنووسن و لەو میدیایانەشدا بڵاوی دەکەنەوە کە بەزمانی پرێستیژی کوردیی دەوەشێنرێن، ئەگینا ئەگەر هەر بە دایەلێکتەکەی خۆیان بینووسن و لە بڵاوکراوەکانی خۆیاندا دایبەزێنن، لەخۆیان زیاتر کەس نایبینێ.

لەو باسانەی ئەوان دەیورووژێنن، گوایە زۆر ئاساییە، لەوڵاتێکدا چەند زمانی نووسین هەبێ و لەناو نەتەوەیەکیشدا چەندین شێوازی نووسین و زمانی جیاواز هەبێ. تا ئێرە دەکرێ بڵێیین باشە، بەڵام نموونەمان پێشان بدەن. کێشەکە ئەوەیە کاتێ ئەو نووسەرانە دەچنە سەر نموونە و کەیسەکان، ئیتر مرۆڤ خۆی پێ ناگیرێ، سەربەقوڕ بێت دێتە پێکەنین. بۆ نموونە سویسرا بەنموونە دەهێننەوە، گوایە چوار زمانی جیاوازی تێدایە و هەر هەمووشیان خۆیان بەنەتەوەی سویسریی دەزانن و زمان-جیاوازیی نیشانەی دوورکەوتنەوە نییە بۆیان و هەموویان لەبۆتەی سویسراییبووندا تواونەتەوە! باشە گوتمان کوردبوونەکەمان بێ چانسیی بوو، بەڵام ئەی ئەگەر ئەمانە نەخشە داڕێژەری زمان بن، ئەمەیان خەتای خوایە، سروشتە، یان خەتای هەموو کوردە؟

ئەم بۆچوونانە بە مێشکی منداڵێکی شەشی سەرەتاییدا دەچێ، بۆ کەسێک لە کوێرە دێیەک بژیی و لەژیانیدا کارەبای نەدیبێ، بەعەقڵیدا دەچێ، بەڵام وێرانە ئەوەیە ئەم قسانە فرێ بەسەر زانستی زمانەوە نییە، پێی لەئاسمانە و یەک بست لە رشتەی زمانەوانییدا بڕ ناکات. سویسرا چوار کۆمیونیتیی سەرەکیی جیاواز لەڕووی رەچەڵەک و ئێسنیکەوە تێیدا دەژین. ئاڵمانیی، فرانسیی، ئیتالیی و رۆمانشیی، هەر هەموویان خۆیان بەنەتەوەی سویسریی دەزانن، چ وەک نەتەوەی سویسریی و چ وەک هاوڵاتییبوون، بەڵام هەر چوار لایان زمانگەلێکی سەربەخۆیان هەیە و زمانی ستاندەردی نووسینیان هەیە و هەموو زمانەکانیش پێکەوە زمانی نیشتمانیی ، زمانی ئۆفیشەڵی سیاسیی ، ئابووریی و کولتوورییین. لەهەموویشی گرینگتر، رەگوڕیشەی ئەو زمانانە لە بنەڕەتدا جیاوازن.

ئەو چوار زمانە فەرمییەی سویسرا، زمانی ستاندەردی نووسینن، واتە دایەلێکتی یەک زمان نیین. راستە دایەلێکتی ئاخافتنی شوێنێک بۆ شوێنیک جیاوازیی هەیە و ئەمەش سروشتی هەموو زمانێکە، بەڵام ئەوەی لە سویسرادا هەیە، بەراورد ناکرێ بە کوردستان، لە هەرێمی کوردستاندا دوو زمان و سێ زمان نییە، ئەگەر هەبێ لەنێوان کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشوورییەکاندا هەیە، نەک لەنێوان خودی کورددا. بەداخەوە ئەوە هەندێک بادینانیین دەیانەوێ لەپاڵ زمانی ستاندەردی کوردییدا، زاراوەیەکی تر بەکاربهێنن، کە چەند زیانی بۆ زمانی ستاندەردی کوردیی هەیە، ئەوەندەش زیاتر بۆ خودی بادینان زیانی هەیە.

## کۆدی زمانێکی هاوبەش

مرۆڤ لەرێی زمانەوە بوونی خۆی رادەگەینێت. کاتێک مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاستە لە بیرکردنەوە، کە دەبێ زمانێکی هاوبەشی هەبێ، ئیتر لەوە تێدەگا کە تەنیا زمانێکی فەرمیی نووسین (نەک ئاخافتن) دەتوانێ یەکێتیی نەتەوایەتییەکەی کۆبکاتەوە و تایبەتمەندیی ئایدێنتیتییەکەیشی بەو زمانی نووسینەوە دەرببڕێ. راستە زمانی ئاخافتن زۆر لە پێش زمانی نووسیندا هەبووە. ئاشکرایە یەکێک لە کۆنترین زمانی نووسین بەر لە نزیکەی 3300 ساڵ پیش زایین لە سۆمەرییەکانەوە، لە رۆژگاری میزۆپۆتامیادا داهێنراوە، کە بە " cuneiform script " ناسراوە.

کوردستانیش بەشێک بووە لە بێشکەی ئەو ژیارەی میزۆپۆتامیا، لێ ئەمرۆ ، وێڕای ئەمەش کە بۆ یەکەمجارە کورد خۆی لە بەشێکی خاکەکەیدا سەروەریی زمانەکەی بە دەستی خۆیەوە بێت و بنەمای زمانێکی ستاندەردیشی هەبێت، کەچیی دەمڕاستە سیاسیی و رووناکبیرەکانی نزیک لە دەسەڵات نەک هەر ویستی خەملاندن و پەژراندنی ئەو زمانە پرێستیژ و یەکگرتووەیان نییە، بەڵکو بە هۆی ئەجێندای حیزبیی و دەڤەرپەرستییانەوە خەریکە ئەو زمانەش وەک ئاوەز و گیانی خۆیان لەت و پەت دەکەن!

چۆن خاکێک، کۆی نەتەوەیەک بە یەکەوە دەبەستێتەوە، هاوکاتیش رۆڵی زمانێکی فەرمییش بوونی ناوەکیی، گیان و ئاوەزی نەتەوەیەکە. بەمجۆرە ئەگەر کوردستان خاکی کۆی کوردان بێت، کەواتە بۆ دەبێ لە جیاتی تۆکمەکردنی بنەمای ئەو زمانە ستاندەردەمان، زمانێک کە دەتوانێ کۆدی ناسنامەی کوردانی لێکدابڕاو لە ناو خۆیدا کۆبکاتەوە، بێین ئیفلیجی بکەین؟ دیارە چێکردنی زمانێکی فەرمیی لە هەندێ وڵاتدا، فاکتەرگەلێکی سیاسیی لە پشتەوەیە. لە هەرێمی کوردستانیشدا، بڕیارێکی سیاسیی و نیشتمانیی دەتوانێ ئایدێنتیتیی کورد لەزمانەکەیدا تۆکمەتر بکات و زمانی کوردیی بەتەوایی لە دەست گێچەڵ و گاڕانی دایەلێکتەکان بپارێزێ.

لە حەفتاکاندا زماناس و دایەلێکتناسی سوێدیی کارل-هامپوس دالستێت ( Karl-Hampus Dahlstedt، زمانی ئاخافتنی لە سوێد بەسەر پێنج جۆردا دابەشکرد: "دایەلێکتی رەسەن"، "زمانێکی رەسەنی لۆکاڵیی تێکەڵاو"، "زمانی ستاندەردی دەڤەریی"، "زمانی سەرانسەریی دەڤەریی" و "زمانی ستاندەرد" (2). کەچیی لە 2000 ەکان بە دواوە خەڵکی سوێد تاک و تەرا نەبێ بەو "دایەلێکتە رەسەن"ە ناپەیڤن، لە کۆتاییدا لە کۆی ئەو پێنج جۆرە دایەلێکتە سەرەکییانەدا تەنیا دووانیان مانەوە، "زمانی ستاندەردی دەڤەریی " و "زمانی ستاندەردی فەرمیی وڵات "، یان "زمانی تایبەتیی " و "زمانی ئۆفیشەڵ". (3)

ئەڵبەتە هۆکارگەلێکی ناوەکیی ، دەرەکیی و ئایدێنتیتیی هەیە کە هانی کۆی هاووڵاتییان دەدا لە چێوارچێوەی وڵاتەکەیاندا بە دوای چێکردنی کۆدی زمانێکی هاوبەشدا بگەڕێن، کە وەک میکانیزمێکی هاوبەش بە یەکەوە کۆیان بکاتەوە. لە ئاکامی ئەو هۆکارانەدا بوو کە زمانێکی هاوبەش بۆ کۆی هاووڵاتییانی وڵاتێک هاتە کایەوە، کە پێیدەوترێ "زمانی فەرمیی". ئەو زمانە فەرمییە لە ئاستی حکومەتیشدا بوو بە کۆدێکی هاوبەش بۆ ئەو نەتەوانەی کە لە چوارچێوەی وڵاتێکدا دەژین.

لەو روانگەیەوە ئەمڕۆ ئەو زمانە فەرمییەی کە بۆتە زمانێکی هاوبەشی کۆی سوێدییەکان، لەسەر بنەمای ئەو دایەلێکتانەی دەڤەری "Mälardalsområdet"، (پێشتر ئەو دەڤەرە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم بووە، کەچیی ئێستا گەڕەکێکە لە ستۆکهۆڵم)، چێکراوە. "چونکە بەڕێوەبەرایەتی وڵات و پایتەخت دەکەوێتە ئەوێوە- لە بەرامبەر زمانی ستاندەرددا ئەو شێوە زمانانەی کە لە دەڤەر و سنووری جیۆگرافییەکانی تردا بەکار دەهێنرێن وەک دایەلێکت سەیر دەکرێن.

"زمان دایەلێکتێکە خاوەن لەشکر و هێزی دەریاییە". ئەو دەربڕینە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە جیاوازیی نێوان دایەلێکت و زمانی ستاندەرد، واتایەکی سیاسیی هەیە. داهێنانی ئەو پێناسەیە، بۆ زۆر سەرچاوە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە: تێزەکانی زماناسی ئەمێریکیی، Joshua Fishman لەسەر سۆسیۆلۆژیای زمان، زماناسی ئاڵمانیی، Max Weinreich ...تاد. ئەوانەی بڕوایان بەو تێرم و تێڕوانینانە هەیە کە زمانی ستاندەرد پڕچەکەو دایەلێکتەکان لاکەوتەن، نووسەر و سیاسیی دەڤەرپەرست و زاراوەپەرست نەبوون، بەڵکو کەسانی هۆشمەند و زماناسیی دڵسۆز و خاوەن گوتاری نیشتمانیی بوون.

لە کاتێکدا کە کورد خۆی بەشێک لە نیشتمانی کوردستان بەڕێوە دەبا، پێویستە نووسەران وسیاسییەکانی لە جیاتی ئاوێزانبوون بەگیانی خێڵپەرستیی، حیزبپەرستیی، زاراوەپەرستیی و ناوچەگەریی و ... تاد، بە سوود وەرگرتن لە مێژووی ستاندەردبوونی زمانە بیانییەکان، بیر لە بەهای خەملاندن و بڕیاردان بۆ سەقامگیرکردنی زمانێکی ستاندەرد و فەرمیی بۆ کۆی ئەو بەشەی کوردستان بکەنەوە، تا کورد لەو دۆخە ئاڵۆزەی کە بە دوژمنەکانی زمان و کولتووری کوردیی گەمارۆدراوە، زمانێکی ستاندەرد و دەسەڵاتێکی تۆکمەی زمان لەنێو

خێڵگەلی دایەلێکتەکاندا رابگەیەنن. کەواتە هەر هەوڵێک بۆ زیاتر لەتکردنی زمانی پرێستیژ و ستاندەردی کوردیی، بێجگە لە لاوازکردنی یەکێتی کورد و بوونی زمانەکەی، هیچی دیکە ناگەیەنێ.

لەوەش بترازێیین، هەندێک نووسەری ناوچەی بادینان، دەیانەوێ لەڕووی هیومانیزمەوە سەیری ئەمە بکەن و پێیانوایە، دەبێ مافی ئەوەیان هەبێ بنزاراوەکەیان و تایبەتمەندییەکانیان لەبەرچاو بگیردرێ . ئەوەیان مافی خۆیانە و ئەرکی زمانی ستاندەردیشە ئەو ئەرکە لەئەستۆ بگرێ. بەڵام ئەو مافەیان نییە، کە دایەلێکتەکەیان بەربدەنە گیانی زمانی ستاندەرد، تێکستی کورد و زمانی پرێستیژی کوردیی و سەرئەنجام رەوڕەوی مێژوو بۆ دواوە بگێڕنەوە. راستە مافی کەمایەتییەکان دەبێ پارێزراو بێ، لەسەردەمی گلۆباڵیزەییشنیشدا، ئەنسرۆپۆلۆجیستەکان بایەخێکی زۆر بە مافی کەمایەتییەکان و ئێسنیکەکان دەدەن کە زمانەکەی خۆیان بپارێزن. بەڵام ئاخۆ خەڵکی بادینان ستەمیان لێکراوە، یان هەندێ رووناکبیر و کەسانی ئایدیۆلۆژیین دەیانەوێ ستەم لەسەرجەم تێکست، زمان و مێژووی کورد بکەن.

ئەنسرۆپۆلۆجیست و سۆسیۆلۆجیست Christina Bratt Paulston ، بەوردیی جەخت لە پاراستنی مافی زمانی کەمە نەتەوەو مەزهەب و ئێسنیکەکان دەکاتەوە و پێیوایە لە سەرەتای نەوەتەکانی سەتەی رابردووەوە، ئەم مافەیان زیاتر بۆ دابین بووە، وێڕای ئەوەی ئینگلیزیی وەک لینگوا فرانکایەکی جیهانیی بەهۆی گلۆباڵیزەییشنەوە هەموو قوژبنێکی دنیای تەنیوەتەوە ( 4 ). بەم پێودانگە بێ، ناکرێ بڵێی بادینان لە هەرێمی کوردستاندا، کەمینەن، ئەوان ئێسنیکی جیاوازیش نین لە ئێسنیکی کورد، خاوەنی هەمان کولتووری کوردەکانی تری شارەکانی هەولێرو کەرکوک و سلێمانیین، تەنێ بنزاراوەکەیان جیاوازە، ئیتر بەناوی مافەوە ناکرێ، ئاگر لە ماڵ و زمانی ستاندەردی کوردیی بەربدەن .

یان لە سەرگەردانییەکی تردا کەیسی کانەدا( کەنەدا ) وەردەگرن و پێیانوایە، وەک کانەدا، ئاساییە دوو زمانی نووسین هەبێ، وەک ئینگلیزیی و فرانسیی، ئەوە تێناگەن، نەتەوەی کەنەدا لە دوو بنەچە ئێسنیکی سەرەکیی ( ئینگلیز و فرانس ) لەلایەک و دەیان کۆمیونیتی جیاوازی کۆچکردوو پێکهاتووە. بەپێی ئاماری 2005 ی ئەو وڵاتە بێ، نزیکەی 59.7% ی خەڵك زمانی زگماکیان ئینگلیزییە، 23.3% زمانی زگماکیان فرانسییە، هەرچی دەشمێنێتەوە تەواوی کۆمیونیتییە جیاوازەکانی کانەدا پێک دەهێنن. بەڵام دوو زمان، زمانی فەرمیین، کە ئینگلیزیی و فرانسییە. ئەم دوو زمانە بەپێی یاسای ئەو وڵاتە زمانی ئۆفیشەڵن، دوو زمانی سەربەخۆن و هیچیان دایەلێکت نیین. ئەگەر دهۆک، وەک شارێکی هەرێم دەیەوێ ببێ بە هەرێمێک لەچەشنی کیوبێک Quebec ی کانەدا و دایەلێکتەکەی خۆیان بە کەڵەگایی بکەن بەزمان، باشترە بەئاشکرا کار بۆ ئەمە بکەن و رایبگەیەنن، نەک بەخشکەیی و لەپەنای دەسەڵاتی حیزب و حکومەتەوە ئەم گۆڵمەزە بنێنەوە.

هەروەها، قسەوباس لەسەر ئەوە دەکەن، کە زمانی خوێندن و نووسین لە هەرێمی کوردستاندا بکرێتە زمانی ئینگلیزیی، ئەم بۆچوونە ، لە نووسینی کەسێکدا بەناوی سدیق حامد، وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی هونەریی دهۆک بەئاشکرا بانگەشەی بۆ دەکرێ. لە رۆژنامەی "رۆژنامە"دا، ژمارە 153دا، زۆر بەخوێنساردییەوە دەڵی با هەرکەس بە شێوەزاری خۆی بخوێنێ ئەویش یەک وانە، لەسەر دایەلێکتی کوردیی نەک زمانیی کوردیی، هەموو وانەکانی تر، وەک هیندستان و مالیزیاو پاکستان، بە ئینگلیزیی بن. بەڕاستیی ئەم داوایە لە کۆمەڵی قسەی تیژتێپەڕ و عاشق بەناوچەگەریی زیاتر هیچ ئارگیومێنتێکی زانستیی و ئەکادیمیی و نیشتمانیی تێدا نییە. ئەو شتانەش لە هیندستان و پاکستان و مالیزیا باسیان دەکات، وانییە ، بەڵکو گۆترەکارییەو لە وردەکاریی بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی و زمانە جیاوازەکانی ئەو وڵاتانە نەگەیشتووە.

ئەم هەڵوێستەی هەندێ نووسەرو رووناکبیری بادینان، وەک هەڵوێستی بەرەی تورکمانیی و هەندێ تورکمانی پانتۆرانیی دێنە بەرچاو، بەس زمانی ستاندەردی کوردیی نەخوێنرێ، هەرچییەکی تر بخوێنرێ مەسەلەی ئەوان نییەو مێشێک میوانیان نییە. هەندێ لە تورکمانەکانیش، کەرکوک ببێتە هەرێمێکی سەربەخۆ، سەر بەعێراق، سعودییە، دوورگەی گوانتانامۆ، وڵاتی پاپوانیگینی، دڵیان ئاو دەخواتەوە بەس نەبێتە شارێک سەر بەهەرێمی کوردستان بێت.
لە ئاکامی خنکانی هەندێ لەو برا نووسەرە بادینانییەنووس و بەپرسە سیاسیی و رووناکبیرییانەی دەڤەری بادینان بە گشتیی و هەندێ کوردی کوردستانی رۆژهەڵات، بە تایبەتیی لە سۆز و نەریتی دەڤەرپەرستییدا، ئەو کێشەیە هەر لە ئاستەنگێکدا کە دەکرێ گفتوگۆی لەسەر بکرێ نەماوەتەوە، بەڵکو لە کن ئەو نووسەر و بەرپرسیارانە خولیای خوێندن و نووسین بە دایەلێکتی بادینانیی بووەتە ئایدیۆلۆژیا، بە تەرزە عەقیدە و سێکتێک خەملیوە. بۆیە دەخوازن لەو رێگایەوە خۆیان وەک تایەفەیەکی جیاواز لە بەرامبەر ئەو زمانە یەککرتووە سەقامگیرە بناسێنن. ئەو نووسەر و بەرپرسە هونەریی و سیاسییانەی وادەزانن ئەگەر زمانی ستاندەرد ببێتە زمانی ئینگلیزیی، ئەوکات هەستدەکەن بەو پەنابردنە بۆ زمانێکی باڵادەستی وەک ئینگلیزیی، لەو نەخۆشیی و گرێکوێرەیەی کە لە بەرامبەر ئەو زمانە ستاندەردە تووشی بوونە، رزگار دەبن. لێرەوە پێشنیارکردنی زمانی ئینگلیزیی لەبری زمانی ستاندەردی کوردیی لە لایەن ئەو ئایدیۆلۆژیستانەوە کاردانەوەی گیانێکی بەلەنگاز و کلۆڵە لە هەمبەر ئەو زمانە ستاندەردەدا.

ئەڵبەتە ئەو رۆحە پاشکۆیییەی ئەو نووسەر، سیاسیی و هونەرییانەی بادینان بە بادینانیی و سکریپتی تورکیی- لاتینییەوە، وەک دیاردەیەکی نەخۆش و بیزۆک، ریشەی خۆی هەیە. ئەوەندەی ئێمە بزانین، لە حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لە سەردەمی رژێمی بەعسدا

کاتێک بڕیاردرا ئەو زمانە کوردییەی ئێستا بکرێتە زمانی خوێندن، زۆرێک لەو نووسەر و سیاسییانەی کە مامۆستا و بەرپرس بوون لە خوێندگە و دامەزراوەکانی دەڤەری بادیناندا، ئەوکات ئەوانە پیاوی رژێمی سەدام بوون، لە جیاتی خوێندن بە زمانی کوردیی، زمانی عەرەبییان هەڵبژارد. بەمجۆرە دەکرێ بڵێین کە دەستپێکی رەگی ئەو لێکترازانە رۆحیی و ئاوەزییە لە نێوان بادینانیی و ئەو زمانە ستاندەردەی کە بە مەبەست یان هەڵە پێی دەگوترێ "سۆرانیی" لە کولتووری بەعسیزمەوە دەستپێدەکا.

پاشان دوای ئەوەی کە ویستی راپەڕینی گەلی کورد لە بەهاری 1991دا، بەو شەڕە دزێوەی نێوان ئەو زلحیزبانە ئیفلیجکرا، دواجاریش یەکێک لە دەرهاویشتەکانی ئەو شەڕە دابەشکردنی کوردستان بوو بەسەر دوو میرنشیندا. لە ئاکامی ئەمەشدا هەر تەنیا لە ئاستی جیۆگرافییدا دوولەتبوونی دەڤەری بەشێک لەکوردستان و بادینان نەبوو، بەڵکو ئەو دەسەلاتە ئاکار خێڵەکییە، زمانی کوردییشیان دوولەتکرد. بەمجۆرە ئەو رەوشە دیاردەگەلێکی وەک: بوغزی نێوان گەرەک، خێڵ، شار، دایەلێکتەکان و ... تاد قووڵکردەوە. لەوەش بترازێت، لە ئاکامی ئەو دارمانە نەتەوایەتیی و کولتوورییەدا، ئەو نووسەر و بەرپرسانەی سەر بەو دوو دەسەلاتە میرنشینەی کوردستانن، هەر تەنیا گیانی بوغزاویی نێوان بادینانیی و ئەو زمانە یەکگرتووەی کوردیان گەشە پێنەدا، بەڵکو لەرێگەی میدیایەکانیانەوە خودی زمانی یەکگرتووشیان دوولەتکرد.

ئەمەش ئەوەمان بۆ جەختدەکاتەوە کە ناسیۆنالیزمی کوردیی، ناسیۆنالیزمێکی زۆر عەشایەریی، تەریقەتیی، ناوچەگەریی، بنەماڵەیی و بەرەبابییە. وەک حیزب ئەوەی هەست بەوە نەکات ئەمە شەڕێکی ساردی سیاسیی نێوان پارتیی و یەکێتییە و لێی تێنەگات مۆتیڤەکانی پشت ئەم شەڕی زمانی ستاندەردو دایەلێکتانە چیین؟ بەئەندازەی گەمژەیی ناسیۆنالیزمی کوردیی گەمژەیە. یەکێتیی نیشتمانیی زۆر شەرمنانە، زۆر ناڕاستگۆیانە، رەتکردنەوەی خوێندن بە بنزاراوەی بادینانیی بۆ نەبوونی مامۆستا و خۆئامادەنەکردن و هۆکاری تەکنیکیی دەگێڕێتەوە. بەڵام لەڕاستییدا وا نییە. کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە خەڵک وا تێبگەیەندرێ. یەکێتیی نیشتمانیی شەڕ بۆ زمانی ستاندەرد ناکات، شەڕ بۆ جێگە و رێگەی سیاسیی و ئابووریی خۆی دەکات، بە گشتیی شەڕی هێجەمۆنیی خۆی دەکات. پارتییش بەهەمان شێوە شەڕی هێجەمۆنیی خۆی دەکات. ئەم شەڕەش لە رێگەی گەمەی خوێندنەوە بە بادینانیی دەکات . لەم نێوەندەشدا، منداڵان، خوێندکاران و قوتابیان ( تێرمی هەردوو حیزب ) ی کوردستان زەرەرمەندی یەکەم دەبن.

هەر بۆیە ئێستاش، وێڕای یەکگرتنەوەی ئەو دوو حکومەتە حیزبییەش، بۆشایی نێوان وشەگەلێکی وەک: ئافرەت/ژن، خوێندکار/قوتابی، ... تاد، لە دووریی نێوان بادینانیی و ئەوەی ئەوان بەناحەزیی پێی دەڵێن سۆرانیی دژوارترە. بەوەندەش نەوەستاون، رێنووسی

ئەو زمانە یەکگرتووەی کوردیشیان بەسەر میزاجیی حیزبیی و ئایدیۆلۆژیی دەڤەرییدا دابەشکردووە. لێرەوە چەندین نووسەر و غەمخۆری زمانزان دەیان ساڵ هەوڵیاندا رێنووسێکی یەکگرتوو چێبکەن، بەڵام ئەو دەسەڵاتە کوردییە و نووسەرەکانیان لە بری ئەوەی بە شێوەیەکی کارا گەشە بەو رێنووسە بدەن، کەچی نابوودیان کرد.

وەک چۆن پێوەندیی نێوان شیعە و سوونەکان، لێوانرێژ بوو لە رۆحێکی سیخناخ بە بوغز، وەک چۆن رقی تورکمانەکان لە کورد گەیشتووەتە ئاستێک کە حەزبکەن کەرکوک بگوازرێتەوە بۆ تورکیا، یان بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەلقاعیدەوە، تەنیا سەر بە کوردستان نەبێت. بە هەمان شێوەش، قسە و پلانەکانی بەشێک لەو نووسەر و بەرپرسە رووناکبیریی و هونەرییانەی بادینان، ئەتککردنی زمانی کوردییە، چونکە بڕیاریانداوە هۆش و ئاوەزی سیخانخبوویان بە ئاکاری حیزبیی، دەڤەرپەستیی و بە پاشکۆیی نەتەوە باڵادەستەکانەوە بمێنێتەوەو کورد وەک نەتەوە لە کوردستانی عێراقدا نەبێتە خاوەن یەک زمانی نووسین.

راستییەکەی ئەو جۆرە بۆچوون و هەوڵانەی ئەو نووسەر و بەپرسانە چ لە بادینان یان شوێنەکانی تر بێت، دەرهاوێشتەی دۆخێکی ناساغە. بۆیە ئەگەر ئەو حکومەت و دەسەڵاتەی کوردستان هەرچی زووە بیر لە رێگە چارەیەک نەکەنەوە، ئیتر دوای ماوەیەک ئەو رەفتارە نەخۆشانە لە ئاستی بۆچوون و خولیاوە دەترازێن و دەبنە تەنگژەیەکی سیاسیی، جڤاکیی ،کولتووریی و رۆشنیریی لە نێوان دەڤەری بادینان و زۆرینەی هەرێمی کوردستانی خاوەن زمانی ستاندەردا.

لەو روانگەیەوە ئەوەتا هەندێک رووناکبیر و نووسەرو مامۆستای بادینانییش، لە دەڤەری بادیناندا، پێیانخۆشە ئینگلیزیی، تورکیی، عەرەبیی بخوێنن، بەس کوردیی نەخوێنن. ئەوە مێژوو پێمان دەڵێ کە عەرەبییان پێ باشتر بوو لە کوردیی، لەسەردەستی جاش و نۆکەرو خۆفرۆشێکی وەک هاشم عەقراویی، خوێندنیان بەعەرەبیی پەژراند و شەقێکیان لە زمانی کوردیی هەڵدا. داوای خوێندن بەزمانی ئینگلیزیی و رەتکردنەوەی زمانی کوردیی، نەک ئایدیایەکی خراپە، بەڵکو لۆژیکێکی قۆڕیشە، چونکە ئەم مێنتاڵە نازانێ وعەقڵی پێی ناشکێ کە جیاوازیی لە نێوان زمانی نیشتمانییNational Language و زمانی ئۆفیشەڵ( فەرمیی- Official Language ) دا چییە؟ دنیایەک رق و بوغزی ناوچەگەریی تێیداحەشارداوە، دنیایەک لەو مێنتاڵەی لەخۆیدا مەڵاس داوە کەئەگەر خۆم نەبم ناهێڵم کەسی تریش ببێ، ئەوەی خۆم نەبێ نابێ هیی کەسی تر ببێ. رێم پێ نەدەن، لێتان تێک دەدەم و ..........تاد.

بۆ روونکردنەوەی ئەو لۆژیکە فشۆڵە، پێویستە بەدۆکیومێنت و فاکتەوە لەسەر ئەم بابەتە شییکاریی بکرێ. هەرسێ ئەو ولاتەی ئەو باسی دەکات، بە ریز باس دەکەین.

## ١- هیندستان:

وڵاتی هیندستان، بەدەست گرفتی زمانەوە، تووشی دەیان گرفتی سیاسیی بووە. بەپێی دەستووری ئەو وڵاتە، 18 زمانی ئۆفیشەڵ لە ئاستی هەرێمەکاندا هەیە و زمانی "هیندیی- Hindi " لینگوا فرانکا و زمانی ئوفیشەڵ و نیشتمانیی سەرجەم هیندستانە. ئەو 18 زمانە ئۆفیشەڵە، زاراوە نیین، هەموویان زمانی سەربەخۆن و ڕەگوڕیشەیان جیاوازە. چۆن دەکرێ زمانی ستاندەردی کوردیی هەرێمی کوردستان و بنزاراوەی ناوچەیەک بەو دۆخەی هیندستان بەراورد بکرێ؟ جڤاکی هیندیی، جڤاکێکە کارێکتەرە سەرەکییەکانی فرەزمانیی، فرەکولتووریی و فرە ئێسنیکییە. بەسەتان زمان و زاراوەو بنزاراوەی جیاواز لەو وڵاتەدا هەن، ئەوەندە وڵاتێکی ئاڵۆزو بەسەریەکدا چرژاوە، سەری هارو ماری ئەم دنیایە هەر لە زۆر زمانیی و زۆر دایەلێکتییدا دەدۆزرێنەوە. لە سێ ئاماری گشتیی کۆتایی نەوەتەکانی سەتەی بیستدا، دەیان بنزاراوەی نوێ دۆزراونەتەوە و هەر یەکەو سەر بەلق و پۆپی زمانێکی جیاوازن (5) .

ئەم دۆستانەی بادینان، تەنانەت نایانەوێ لەوە بگەن، کە جیاوازییەکانی نێوان زمانی نیشتمانیی (National Language ) و زمانی فەرمیی(Official Language) چیین؟ یاخود بە ئەنقەست دەیانەوێ چەواشەکاریی بکەن. ئەگینا هیندستانێک بەو فرە زمان و دایەلێکت و دەیان و سەتان ( نەتەوە، ئێسنیک ،مەزهەب و باکگراوندی جیاواز جیاواز ) ەوە لەکوێ و هەرێمی کوردستانێک کە کوردی لێ دەژی و هەندێ عەرەب و تورکمان و ئەرمەنیی و ئاشووریی.....تاد لەگەڵیاندا دەژین، لەکوێ؟ کوردستانێک زۆربەی ڕەهای دانیشتوانەکەی کوردەو زمانی کوردیی زمانی سەرەکییەتی، چ پێویست دەکات بە هیندستان و پرۆژەی زمانەوانیی ئەو وڵاتەی بچوێنین.

ڕاستییەکەی جێگەی سەرسووڕمانە، کورد لەسەروبەندی دۆڕاندنی چارەنووسی کەرکوکدایە بەهۆی سیاسییە تەوەزەلەکانی کوردەوە، چۆن کەسێکی وەک سادق حامد کە بەرپرسی پەروەردەیی بێت لە دهۆک، ڕێگا بە خۆی دەدا بە شێواندنی ڕاستییەکان خوێنەر چەواشە بکا؟ لەوەش سەیرتر، ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە کەسانێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە کە هەوڵبدەن ئەو دەردە ڕووناکبیریی و زمانەوانییەی، کە چ داگیرکەرەکان و چ شەڕی ناوخۆش لە نێوان دەڤەرە لێکترازەوەکانی کوردستاندا دروستیان کردووە، چارەسەر بکەن، کەچیی بە هۆی ئەو سیاسەتە گەندەڵەی حیزبی کوردییەوە، نووسەر و بەرپرسی وەک سادق حامد ئەو دەردانە قووڵتر دەکەنەوە. ئەگینا ئەو چەشنە پێشنیار و خولیایە، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو نەخشانەی کە کاتی خۆی ڕژێمی بەعس بۆ کولتوور و زمانی کوردیی کێشابووی.

ئاخر نووسەر و بەرپرسێکی هونەریی لە تەواوی نەتەوەکانی ئەو جیهانەدا هەیە کە دژایەتیکردنی زمانی پرێستیژ و ستاندەردی نەتەوەکەی خۆی تووشی ئەو ورێنەیەی بکا، داوا بکا هەر دەڤەرە و دایەلێکتی خۆی بخوێنێ و زمانی ئینگلیزییش بکرێتە زمانی فەرمیی

خوێندن؟ کەسێک لە ورێنەدا عاسێ نەبووبێت، زمانی نەتەوە جیاوازەکانی هیندستان لەگەڵ دایەلێکتی بادینانیی و لینگوا فرانکای کوردییدا تێکەڵ ناکا! لەکوردستاندا زمانی کوردیی زمانی نیشتمانیی و ئۆفیشەڵیشە، زمانی نیشتمانیی دەکرێ بەو زمانە بگوترێ، کە نوێنەرایەتی یەکێک یان چەند دانەیەک لە( ئایدێنتیتی) یە نەتەوەیی، نیشتمانیی، ئێسنیکیی یان کولتوورییەکانی تێدایە و لای کەم زمانی رەچەڵەک یان زمانێکی گشتگیر و خاوەن فۆرمێکی بەهێزە (6) . زمانی فەرمییش ئەو زمانەیە لەلایەن دامودەسگا حکومیی، میدیا، دادگای باڵاو لای کەم زمانێک بێت لە زمانەکان ( ئەگەر لەیەک دانە زیاتر بن ) ی پەروەردە لە ئاستی خوێندنی ئامادەیی و بەرەو ژوورتر ( زانکۆکان و ئینستیتیوتەکان) بەکار دەهێنرێت(ibid )

## ٢- زمانی مالەی Malay -لەمالیزیا

زمانی سەرەکیی مالیزیایە، هەروەها زمانی نیمچە دوورگەی (مالەی) ە کە لەلایەن خەڵکانی مالەیەوە، لە هەریەکە لە تایلاند، فیلیپین، سینگاپۆر و چەندین وردە دوورگەی تری ئەو ناوچەیە بوونیان هەیە. زمانی فەرمییە لە هەریەکە لە مالیزیا، ئیندۆنیزیا، سینگاپۆر ، برونای و تیمۆری رۆژهەڵات. لە ئیندۆنیزیا ئەم زمانی مالەیە کەمێک ئاڵوگۆڕیی ریشەیی و مێژوویی بەسەردا هاتووە، هەنووکە بووە بەزمانی نیشتمانیی ئیندۆنیزیا. لەنێو ئەم زمانە پانوبەرینەی مالەیدا، چەندین دایەلێکتی گەورە هەبووە لەچەشنی دایەلێکتی Kelantanese بەرکەنار خراون، چونکە بەکەڵکی نووسین نەهاتوونەو توانای ئەوەیان نەبووە کێبەرکێی زمانی ستاندەردی مالەی هەنووکە بکەن.

لە قوتابخانەکانی مالیزیا وەک وڵاتێکی فرە نەتەوەو فرە کولتوور و فرە ئێسنیک و فرەزمان، خوێندن بە هەریەکە لەزمانەکانی مالەی، هیندیی، چاینیی ( چینیی) و ئینگلیزیی تێدایە (7) . پێکهاتەی نەتەوەیی و ئێسنیکیی مالیزیا، بەپێی ئاماری 1995 ی ئەو وڵاتە، بەمجۆرەیە، مالەییەکان ٥٠% ، چاینییەکان ٣٢% و هیندییەکان ٨% و ئەوەی دەشمێنێتەوە، تێکەولێکەی نەتەوەو کۆمیونیتییە جیاوازەکانی ترن(8). لە هەلومەرجێکی وادا، سەرەڕای ئەوەی زمانی ئینگلیزیی کراوە بە زمانی ئۆفیشەڵی مالیزیا، لە ئاستی خوێندنی باڵا و زانکۆکان و دادگاکاندا، بەڵام زمانی بەهاسا(Bahasa ) ی مالیزیا( واتە زمانی پرێستیژی مالەی) کراوە بە زمانی ئۆفیشەڵ و زمانی نیشتمانییش، بە هاوشان لەگەڵ ئینگلیزییدا(9). کوردستان و مالیزیاش، لە پرۆگرامی خوێندن و لێکچوون و جیاوازییەکانیان بەس خودایان یەکە، دوو نموونەی زۆر ناجۆر و دژ بەیەکن.

کاتێ مالیزیا لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە چنگی کۆلۆنیالیزم رزگاری بوو، یەکسەر زمانی مالەی کە پێشتر لینگوا فرانکای بەرخۆدان و نووسین بوو، کرد بە زمانی نیشتمانیی بۆ سەرتاسەری مالیزیا ( ibid). ئەوسا نە ئیگلیزیی ئەو رۆڵەی هەبوو، نەبیریشیان لەوە دەکردەوە، زمانی تر بکەن بە زمانی ئۆفیشەڵی مالیزیا. ئەوەی دواتر روویدا، زیاتر پێوەندیی بە باڵادەستیی گلۆباڵیزەییش و ئابووریی مالیزیاوە هەبوو، نەک بۆ دڵدانەوە و هەڕەشەی شار و دەڤەرێک کە دایەلێکتەکەیان نەفەوتێ.

بە تێڕوانینی پرۆفیسەر ئەسمای حاجی عومەر، "مالیزیاییەکان مردنیان پێ باشترە، تا ئەوەی زمانەکەیان بۆ زمانێکی بێگانە ملکەچ بکات" (10). ئەم تێڕوانینە، پاشخانێکی قورسی ناسیۆنالیزمیی و جینگۆیزمیی jingoism لە پشتەوەیە. بۆ هەنووکە و هەڵکردن لەگەڵ شەپۆلەکانی گلۆباڵیزەییشندا دەست نادات. بەڵکو دەبێ هەڵبکات و خۆی بگونجێنێ، بەڵام نەک بەو واتایەی سەروەریی خۆی لەدەست بدات. بەداخەوە، هەندێ دۆستی بادینانیی، گوێ نادەن بەکەرامەتی نەتەوەیی و نیشتمانیی گەلی کورد، تەنێ بۆ ئەوەی قیرسیچمەییەکەی خۆیان سەربگرێ، ئامادەن زمانی کوردیی، ملکەچیی بۆ تورکیی، عەرەبیی ،ئینگلیزیی بکات ، بەڵام دایەلێکتێکی کوردیی نابێ ملکەچیی بۆ زمانی ستاندەردی کوردیی بکات، یاخود دایەلێکتێ بۆ دایەلێکتێکی تری بکات.

مالیزییەکان، لەسەر پاراستنی کولتوورو زمانەکەی خۆیان زۆر منجڕن، ئەوانیش وەک کورد ساڵانێکی زۆر لەژێر چەپۆکی کۆلۆنیالیزم و داگیرکارییدا ناڵاندوویانە، دروشمێکیان هەیە زۆر شانازیی بە زمانەکەیانەوە دەکەن. دروشمەکە بە مالیزیایی Bahasa Jiwa Bangsa بە ئینگلیزیی بە واتای ( language is the soul of the nation ) ، واتە " زمان گیانی نەتەوەیە (16: ibid ) . ئایا ئەوانەی دەیانەوێ دایەلێکتێک بەربدەنە گیان زمانی ستاندەردی کوردیی ، مەبەستیان چییە؟ بەدڵنیاییەوە لە دوو دۆخی هاومەبەست زیاتر شتێکی تر نییە، یەکەمیان ئەوەیە، دەیانەوێ گیانی زمانی ستاندەردی کوردیی بکێشن و بەیەکجاریی بیکوژن. یاخود دەیانەوێ دوو گیان بکەن بەبەر نەتەوەی کورددا، ئەم دوو گیانەش کە یەکێکیان سروشتییەوە ئەوی تریان دەستکردە( دایەلێکتە). زوو یا درەنگ دەبێ وەک تەنۆچکەیەکی دووسەرو دووگیان لێک جیابکرێنەوە، یان لەناخەوە شەڕی یەکتر دەکەن و سەرەنجام هەردوولایان یەکتری دادەڕزێنن و سەری یەکتر دەخۆن.

## ٣- پاکستان:

وڵاتی پاکستان، دوو زمانی ئوفیشەڵ و نیشتمانیی تێدایە، ئوردو Urdu زمانی نیشتمانیی سەرجەم پاکستانە، لەکاتێکدا ئینگلیزیی زمانی ئۆفیشەڵی دامودەسگا حکومییەکانە. ئوردوش وەک زمانی کوردیی، سەر بە خێزانی هیندۆئەوروپاییەکانە و لەسەر تەوەرەی هیندۆ ئێرانیی زیاتر گیرساوەتەوە. لەکاتێکدا ئۆردو تەنیا زمانی ٨% ی خەڵکی پاکستانە، بەڵام تەواوی خەڵکی پاکستان وەک زمانی سەرەکیی دەیناسن و لەم سۆنگەیەشەوە بووە بە

سیمبۆڵی نەتەوەیی بۆ پاکستان. لەیەک کاتیشدا زمانی نیشتمانیی و زمانی ئۆفیشەڵی ئەو وڵاتەشە. لەکاتێکدا زمانی ئینگلیزیی زمانی خوێندنی باڵا و دیپلۆماسیی و کارگێڕیی و وەزارەتەکانە.

هاوکات لە پاکستاندا، چەندین زمانی رەگ جیاوازی تر، لەچەشنی پونجابیی ، پەشتو ، سیندهی ، سەرایکی ، بالۆچیی.....تاد هەیە. ئینگلیزیی لینگوا فرانکای خوێندن و پەروەردە و دامودەسگاکانی حکومەتە. بەڵام ئینگلیزیی نەهاتووە لە کەڵەگەتیی زمانی ئوردو وەک زمانی نیشتمانیی و سیمبۆڵی نەتەوەیی پاکستان بدات. بەڵکو پێکەوە زمانی ئۆفیشەڵی وڵاتن و کاروباری وڵات بەجوانیی و تەبایی بەڕێوە دەبەن.

کەواتە ئەو دۆستانەی بادینان، مافی ئەوەیان نییە لە ترسی پاراستنی بنزاراوەکەیان بیر لەوە بکەنەوە پرۆگرامی خوێندن بەسەر ناوچەکانی خۆیان و تەواوی ناوچەی کوردستاندا بسەپێنن، گوایە بۆ ئەوەی ئیدیەمی زاراوە جیاوازەکان لێک نزیک بکەنەوە!. ئەوەی بیر لەوە دەکاتەوە کە بنزاراوەیەک بخاتە پرۆگرامی خوێندنەوە، ئەوە کەڵەگاییە و دژی زانستی زمانەوانییە. لەزۆربەی دنیادا وا بووە، زاراوەیەک، زمانێکی باڵا، ستایڵی نووسین و زمانی کەڵەگەتی تێکست، بەسەر تەواوی بنزاراوەکانی تردا سەپێنراوە. ئێمەش لەم نووسینە و ئەوانیتریشماندا هەوڵمانداوە نموونەی بە ستانداربوونی زمانەکانی جیهان نیشانبدەین. بەڵێ سەپێنراوەو بەبڕیاری سیاسیی سەپێنراوە. ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێ، دایەلێکت سەپاندنە بەسەر پرۆگرامی خوێندن و زمانی ستاندەردا، فڕی بەسەر ناسیۆنالیزمێکی ئاگاو هۆشیارو دووربینەوە نییە، ئەمە بەرهەمی ناسیۆنالیزمی شێخ و دەرەبەگەکانی دوو سەتە لەمەوبەری کوردستانیش نییە، ئەوەندە نانیشتمانیی و نا نەتەوەییە.

چۆن لەسەرەتای حوکمی کۆمارییدا لەعێراق، مامۆستایان و رووناکبیرانی کورد داوایان کردبوو خوێندن بە کوردیی بێت، تورکمانەکان بەس بۆ ئەوەی خوێندن بە کوردیی نەبێ خوازیاری خوێندنی عەرەبیی بوون، داوای خوێندن بە تورکمانییان ناکرد، بەڵام داوای لابردنی خوێندن بە کوردییان دەکرد؟ نازم تەبەقچلی تۆرانیی، وەک قائید فیرقەی کەرکوک، گەورەترین دوژمنایەتی زمانی کوردیی و هەوڵەکانی جەمال نەبەز و هاوڕێکانی دەکرد( 11 ). لە کۆتایی پەنجاکاندا، زۆرێک لە تورکمانەکانی کەرکوک و کوردستان، بەدەست لەپشتدانی تەبەقچلی، هەموو هەوڵێکیان بەگەڕ خستبوو کە زمانی کوردیی و رادیۆی کوردیی و دەنگ و رەنگی کوردیی پێ نەنێتە کەرکوکەوە، گرفتیان نەبووە عەرەبیی یان هەر زمانێکی تر بێت، تەنیا گرفتیان زمانی کوردیی بووە.

بەڕاستیی ئەم دۆخە پڕ لە بازوو راوەشاندنەی بنزاراوەکان، کە رەفیق سابیر بە "شۆڤینیزمی لەهجەیی" وێنەی دەکات(12)، حیکمەت و سەرڕاستیی سەرکردایەتییەکی سیاسیی تەواو نیشتمانیی دەوێ، لەپێناوی زمانی کوردیی و داهاتووی قەوارەی سیاسیی کورددا، ئەم

چەلەحانێیە و ئەم شۆڤینیزمی ناوچەییە بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێ بێنێ. ئەرکی سەرکردایەتی سیاسیی کوردە، ڕێگە بەم جۆرە سووکایەتییە بگرێ، دژی زمانی ستاندەردی کوردیی، کە زۆر کەس بەمەبەستی سیاسیی و و ئایدیۆلۆژیی و بوغزەوە بە سۆرانیی ناوزەدی دەکەن.

ئەوەندەی دەسەڵاتی سیاسیی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ژێربەژێر و لابەلا، دەیداتە دەم ئەم بازاڕی دایەلێکتبازییەوە، ئەوەندەی خەریکی ئەوەن کە زمانی ستاندەردی کوردیی لێرەو لەوێ بنکۆڵ بکەن، کاتێ حیزبی دایەلێکتەکان و شۆڕشی بنزاراوەکان دروست دەبن، ئەم دەسەڵات و حکومەتە کوردییە، لەبری ئەوەی چارەسەرێکی جدیی و ریشەیی بدۆزێتەوە بۆیان، دەچێ پێترۆڵ بەسەریاندا دەکات، بۆ ئەوەی زیاتر کلێپە بسەنن. هەموو ئەو کلاولەسەرکردنەش، بە بیانووی مافی مرۆڤ و کەمایەتییەکان و مۆدێرنیزم و دەیان تەشقەڵەی ترەوە درێژە پێدەدرێ.

ئەوەندەی ئەو دەسەڵات و حکومەتە کوردییە بیر لە بنزارەوەو عەشیرەتبازیی و ناوچەگەریی و فێستیڤاڵی دایەلێکتبازیی دەکاتەوە، بۆچیی بەشوێن ئەوەوە نییە کە زمانی کوردیی، وەک زمانێکی فەرمیی لەپاڵ زمانی عەرەبییدا لە دەستوورەکەی عێراقدا بسەپێنێ؟ ئایا زمانی کوردیی، سۆراغی بەچیی گەیشت؟ ئەو شەڕەی لەسەر دەڤەرێکی تەسکی کوردستان دەکرێ، لەسەر چارەنووسی زمانی کوردیی لەبەغداد بکرێ، یەک میلیۆن جار بۆ تەواوی گەلی کورد، قازانجی زۆرتر نییە؟

باشە بۆ ئەو دایەلێکتبازانە، هێندە لە غەمی خوێندنی بادینانییدان، ئەوەندە لە غەمی ئەوەدا نین کە زمانی کوردیی لە عێراقدا وەک زمانی فەرمیی بناسرێت؟ ئایا ئەوە مانای بێئاگایی و پەرەدان بە هەمان ئەو سیاسەتە شۆڤینییەی بەعس نییە، کە ئەو جۆرە نووسەر و بەرپرسانە ئەنجامیدەدەن؟ ئایا بەڕاست ئەوە چ خزمەتێک بەئەجێندای سیاسیی کورد وەک نەتەوە دەکات، جگە لەهەلاهەلاکردنی یەکڕیزیی و یەکزمانیی؟

ئەو دۆکتەر سەدیق ئەتروشییەی کە لەسەردەمی قاسمدا پێی شەرم بوو بەکوردیی قسەبکات، دواتر بۆ دژایەتی کردنی زمانی کوردیی، لایەنگریی لە کۆمۆنیستەکان دەکردو لەهەمان کاتیشدا وتاری بەبنەزاری بادینانیی بڵاودەکردەوە، هەروەک جەمال نەبەز لەزمانی حەمەی مەلا کەریمەوە دەیگێڕێتەوە، ئەو شەڕی سۆرانیی و بادینانییە، سەدیق ئەتروشیی و برادەرە کۆمۆنیستەکانی ئەو دایان هێنا ( 11 ). هەمان شەڕ هەنووکە هەندێ کەسی بادینانیی بەهەمان ئەجێنداوە دەیکەن. وەک ئەوانەی هەنووکە دەیانەوێ زمانی کوردیی نەخوێنن و بنزاراوەی بادینانیی بخوێنن، بەهەمان میتۆدی سەدیق ئەتروشیی و هاشم عەقراویی کار دەکەن بۆ لێکترازاندنی ماڵی سیاسیی کورد، کە بناغەکەی بە زمانی کۆمارەکەی قازیی، ماڵباتی حوزنی موکریانیی و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودو بارزانیی یەکەم بوو . شۆڕشەکانی

دوای هەرەس و حکومەت و دەسەڵاتی سیاسیی هەنووکەی کوردستانیش لەسەر ئەو زمانە ستاندەردە فەنکشن دەکات.

هۆکارێکی تری ئەم دڕدۆنگیی و شۆڤینیزمی لەهجەییە ئەوەیە، زۆرێک لە ئەکادیمستەکان و نووسەرانی بواری زمان خۆیان ساغ ناکەنەوە، کە زمانی ستاندەردی کوردیی چییە؟ بەشێکی ئەم مێنتاڵە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەلپەرستانە دەیانەوێ دڵی هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسیی و دەڤەر و شارێکیان لێ نەڕەنجێ. ئەوەی جەمال نەبەز باسیدەکات، گوایە زمانی کوردیی گوتووەتەوە لە سلێمانیی، کەرکوک و هەولێر، بەخوێنەر ناڵێ زمانی کوردیی چییە و بناغەکەی چییە و جیاوازیی چییە لە نێوان زمانی نووسین و بنزاراوەدا؟ دواتر، دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکات و پێیوایە خوێندنی کۆردۆلۆژیی لە زۆڕنای سۆرانیی و بادینانیی رزگامان دەکات. ( 11).

جەمال نەبەز دیوێکی قسەکانی راستە، ئەمە زۆڕنای ناوچەگەرییە، بەڵام سۆرانیی لەوە دەرچووە کە بەناوچەیەکی تەسکی جیۆگرافییەوە قەتیس بکرێ. سۆرانیی ئەگەر رۆژگارێک دایەلێکت بووبێت، هەنووکە بە تێڕوانینەکەی Max Weinreich بێ، دایەلێکتێکە خۆی پڕچەک کردووەو سوپا و تفاق و کەرەسەی جەنگیی هەیەو سیاسەت دەکات، لەکاتێکدا هیچ دایەلێکتێکی کوردیی لەڕووی زانستی زمانەوە ئەو توانایەی نییە. وێرای ئەمەش ، نەبەز روونی ناکاتەوە کە چۆن زمانی ستاندەردی کوردیی جێکەوت دەکرێ. ئەو نایەوێ دڵی تەنانەت یەک دانە کورگەلی خێڵ لەخۆی بیەشێنێ، بۆیە بەداخەوە ئەم ناسیۆنالیستەی کورد کە سبە رۆژ دەمرێ، ، لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی، خۆی ساغنەکردووەتەوە. هەروەک دەسەڵاتی سیاسیی و سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئەنقەست خۆیان ساغ ناکەنەوە.

جەمال نەبەز، کە خۆی بەیەکێک لە زمانزان و پسپۆرەکانی زمانی کوردیی دەزانێ، لەکاتێکدا خۆی زۆر بەنەتەوەیی و پانکوردیست دەزانێ، نەهاتووە بەجەرائەتەوە بڵێ زمانی ستاندەردی کوردیی کامەیە؟ هەر خەریکی ئەوەیە، وەک باپیرە گەورەی خێڵی کوردان دەست بەسەروگوێلاکی کورگەلی زاراوەکاندا بێنێ و هەموویان بلاوێنێتەوە. کورد چۆن سیاسییەکانی شەرمنۆک و نەشارەزاو کەمئاگان، بەشێک لە ئەوانەی خۆیشیان بەمەرجەع دەزانن لەسیاسەت و زماندا، هەمان گرفتیان هەیە. ئەم وتارە، هەوڵەکانی جەمال نەبەز لەسەر زمانی کوردیی بەرز دەنرخێنێ، بەڵام واتای ئەوە نییە کە نابێ رەخنەی لێبگیردرێ و ئەویش وەک هەندێ خوای سیاسیی کورد، پیرۆز سەیر بکرێ.

له کۆتاییدا، پسپۆرەکانی دەڤەرچییەتیی و ناوچەگەریی کوردستانەکەی ئێمە ( مەبەست لەکوردستانی باشوورە)، بەس بۆسەرپانکردنەوەی زمانی ستاندەرد و پرێستیژی کوردیی، پەنا بۆ زمانی ئینگلیزیی دەبەن. دەکرێ زمانی ئینگلیزیی له داهاتوودا بکرێ بەزمانی ئۆفیشەڵی کوردستان، بەڵام لەپاڵ لینگوا فرانکای ستاندەردی کوردییدا. ناکرێ کورد گاڕانی زاراوەکانی دا نەکات، بکەوێتە سەر کەڵکەڵەی زمانی ئینگلیزیی. لەوە گەڕێ، زۆرینەی رەهای سەرکردەکانی کورد، کوردییەکی چەوت و چێڵیش نازانن بنووسن و بخوێننەوە، جا نۆرەی ئینگلیزییە بیکەین بەزمانی گشتگیر بۆ کوردستان. لەکۆتاییدا ئەم نووسراوە جەخت لەوە دەکاتەوە، تەنێ یەک زمانی نووسینی کوردیی، دەتوانێ یەکبوونی ئێسنیکی کورد بپارێزێ، ئەگەر مێنتاڵی عەشیرەتگەریی ، شۆڤینیزمی زاراوەکان و راسیزمی زاراوەکان بەسەر ئیرادەی زمانی ستاندەردی کوردییدا سەرکەوت، کورد دەبێتە دوو، سێ و چوار نەتەوەو گەلی جیاواز، باچیتر نەوەکانی داهاتووش نەخەڵەتێنین. له دۆخێکی وادا، کورد و بادینانیی و کرمانجیی و زازایی و هەورامیی........تاد جێگەی گەلی کورد دەگرنەوە.

## سەرچاوەکان:


1. Jürgen, Habermas (1996), *Kommunikativt handlande,* Bokförlaget Daidalos,Göteborg.

2. Karl-Hampus Dahlstedt (1978) ”Dialekt och högspråk i nutidens Sverige, särskilt i Norrland. 1:*Det moderna Skandinaviens framväxt* R. Zeitler. Uppsala

3. Wennstedt Ola, *Dialekter i Västerbotten*,Tidningen Kulturen, Nr 1, februari 2008.
3. Ibid.
4. Paulston, Christina Bratt. (1997). Language policies and language rights. *Annual Review of Anthropology, 26*, 73-85.

5. Koul,O.N ( 2006), A SURVEY OF LANGUAGE PREFERENCES IN EDUCATION IN INDIA, Indian Institute of Language Studies, Delhi, UNESCO, New Delhi, Language in India, Vol 6 : 3.

6. . Platt, J., Weber, H., Ho, M.L. 1984. The New Englishes. London: Routledge & Kegan Paul.

7. Winsted, S.R ( 1948), Malay and its History, London, Hutchison's University Library

8. *Statistik 1995 JHEOA*, Jabatan Hal Ehwal Orang Asli.
9. Smith, K.J (2003) Minority Language Education in Malaysia: Four Ethnic Communities' Experiences, *International Journal of Bilingual Education and Bilingualism* Vol. 6, No. 1, 2003

10. Omar, Asmah Haji. 1987. *Malay in its Sociocultural Context*, Kuala Lumpur: Dewan Bahasa dan Pustaka, p. 66

11. نەبەز،چ ( 2008 ) *وشەنامەکی: ئیتمۆلۆژیای زمانی کوردی* ، لە ئامادەکردنی کەریم بیانیی، ماڵپەڕی کوردبوون.
12. سابیر، ر ( 2008 )، بەرەو بەستاندەردکردنی زمانی کوردی، زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی و ئەلفوبێی کوردی، بەشی دووەم، ئاوێنە، ژمارە 108 ، رۆژی 12-02-2008 ، لا 8، سلێمانیی.

## ( ٤ )

## (( زمانی ستاندەردی کوردیی لە نێوان گەندەڵیی دەسەڵات و زاراوەپەرستییدا ))

" هەرکەسێ زمان کۆنترۆڵ بکات، کولتووریش کۆنترۆڵ دەکات، وشەکان هێزێکی بێئەندازەیان هەیە، چونکە ئەجێنداکانی هەموو نەتەوەکان رێک دەخەن" 1 ( Dennis Peacocke ).

**ئەم وتارە، پێشکەشە بە مەسعود محەمەد:**

ئەو مرۆڤەی، کە ئێستا لە سایەی ئەو حکومەت و نێوەندە رۆشنبیرییە پاشاگەردانەدا، فەرامۆشکراوە، ئەوەندە قورسایی سیاسیی و کولتووریی و زمانەوانیی هەبوو، رژێمی بەعس بەو هەموو زەبروزەنگەیەوە رێزی لێ دەنا و لێی دەترسا، لەهەموو دنیای عەرەبدا، ئەستێرەیەکی ناسراو بوو. کەچیی دەسەڵاتی گەندەڵی کوردیی، بەهەردوو حیزبەوە فەرامۆشیان کردبوو. پێشکەشی مەسعود محەمەدی دەکەین، چونکە تەنیا کەسە لە ناو کورددا وەک سەربازێکی ون پێش رووداوەکان دەکەوت. لە حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانی سەتەی رابردوودا، پێشبینیی گاڕانی دایەلێکتەکان و زمانی عەشیرەتەکان و ناوچەکانی کردبوو، پەی بەو مەترسییە حیزبیی و ئایدیۆلۆژییانە بردبوو کە دووچاری لینگوا فرانکایەکی ستاندەرد دەبێتەوە. یەکەمین رووناکبیری کوردە پتر لە بیست ساڵ پێش هەرەسی کۆمۆنیزمی سۆڤێت، بە ئارگیومێنتی ئەکادیمییانە نەک سیاسییانە، ستالینیزم و کۆمۆنیزمی لاساییکەرەوەی کەڕەتی سفر کرد و جەختی لە ئایدێنتیتیی کورد و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی کردەوە. یەکەمین زانای زمانەوانییە، لەرووی فیکریی و کولتووریی فەلسەفییەوە جەختی لە یەک فۆرمی گشتگیر بۆ زمانی ستاندەردی نووسین کردووەتەوەو زۆرترین خزمەتی بە لینگوا فرانکای ستاندەردی کوردیی کردووە.

**پێشەکیی:**

ئەم بابەتە لە مەوداکانی گەندەڵیی دەسەڵاتی کوردیی، رۆڵی حیزب ، بنەماڵە، هۆز و خێڵ، ناوچەگەریی لە سەر چێکردن و بەفەرمیی ناساندنی زمانێکی یەکگرتووی نووسین بۆ گەلی کورد لەکوردستانی باشوور، دەکوڵێتەوە. بابەتی ستاندەردایزی زمانی کوردیی بەشێوەی فەرمیی، باسێکە ئەوەندە ئاو دەکێشێ ، کە دەکرێ دەیان خوێندکار تێزی ماستەر و دۆکترای لەسەر وەرگرن. چ لە رووی ئەوەی باسێکی پانوپۆڕەو لق و پۆپی زۆرینەی زانستە مرۆییەکان دەگرێتەوە، چ لەڕووی ئەوەی پێوەندییەکی ژیاریی بە چارەنووس و داهاتووی سیاسیی و

کولتووریی کوردەوە هەیە. گومانی تێدا نییە زمانی ئەم باسە بەپێی کرایتێریای دەسەڵاتی کوردیی بۆ رۆژنامەگەریی و ئازادیی رادەربڕین، ، زمانێکی رەق و زبرو تیژە، زمانێکە سەرو دڵی دەسەڵات بەباشیی دەگرێ. کۆی کۆنتێکستی ئەم وتارە، شەڕێکی گەورە لە سەر ئێستێتیکای زمانی ستاندەردی کوردیی دەکات و یەخەی دەسەڵاتی سیاسیی کورد بەتوندیی دەگرێ.

باسێکە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بە ئایدێنتیتیی کورد و ئایدێنتیتیی نیشتمانییەوە هەیە. وتارەکە دەیان ئارگیومێنتی جیاواز و چەندین کەیسی جیهانیی لەسەر گرینگیی سەپاندنی یەک لینگوا فرانکای نووسین، لەخۆیدا جێدەکاتەوە. هەروەها چەندین ئارگیومێنتی فیکریی و مەعریفیی و کولتووریی لەسەر بەهای زمانی نووسین، بە نموونە دەهێنێتەوە. بەئومێدی ئەوەی نووسەران و رووناکبیرانی کورد، لە بری منگەمنگی پاشەملە و چنینەوەی وشە و قرتاندنی دەربڕینێک لە کۆی ئەم نووسینەدا بۆ رەخنەگرتن، بە روانگەیەکی ئاوەڵاوە ئاوڕ لە کۆی کۆنتێکستەکە بدەنەوە و ئەم باسە بەگرینگییەوە بگرن و ئەوەی ئێمە دەرکمان نەکردووەو پەڕاندوومانە، کەسانی تر بە وردتر و چاکتر لەئێمە ئەم باسە بورووژێنن.

**بۆچیی پێکەوە دەنووسین؟**

ئەمە دووەم نووسینی هاوبەشمانە کە پێکەوە دەینووسین. وەک دوو کەسی جیاواز لە بیروبۆچووندا، نیشتەجێیی دوو وڵاتی جیاواز و دوو پاشخانی جیاواز ، لە ژیانیشماندا یەکتریمان نەبینوە، لە دوو ناوچەی جیاوازی کوردستان ( هەولێر و کەرکوک) بەشێکی تەمەنمان بەسەر بردووە، دوو بنزاراوەی جیاوازیشمان لە ئاخافتندا هەیە، بەڵام لەسەر گرینگیی زمانێکی یەکگرتووی نووسین ، لینگوا فرانکایەکی گشتگیر و خاوەن ئاسۆ، وێڕای هاوهەڵوێستییمان لەمەڕ کۆمەڵێک پرسی رۆشنبریی، بیروڕاکانمان لێکەوە نزیکن. لەم روانگەیەوە پێمانوایە، دەکرێ مرۆڤەکان لەزۆر شتی لاوەکیی و تاکخولیاییدا دووربن لەیەکەوە، بەڵام لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا پێکەوە کاربکەن و هاوڕابن. ئەم نووسینەش چونکە بەهەردووکمان نووسیومانە، مەرج نییە هیچ کامێکمان وەک تاک 100% لەگەڵیدا بین، بەڵام لەگەڵ زۆرینەی ئارگیومێنتەکانین ، کۆنتێکستی باسەکە و ئەجێندای باسەکە غەمی هاوبەشی هەردوولامانە.

دەکرێ مرۆڤەکان ئەجێندای هاوبەشیان هەبێ، بەڵام تاکتیک و ستراتیژییەتی جیاوازیشیان بۆ ئەو ئەجێنداو ئامانجانە هەبێ. دەکرێ مرۆڤەکان پێکەوە کاربکەن، سەرەڕای ئەوەی هەریەکەیان بەجیا بیروبۆچوونی جیاوازتری هەبێ وەک لەوەی لە کاری هەرەوەزییدا هەیەتی. بۆیە بە رای ئێمە، بۆ ئەوەی نووسەری کورد بتوانێ تۆڕێک گفتوگۆی ئاوەڵا لە پێناو جوڵاندنی ئەو رەوشە چەقبەستووە رۆشنبیریی و سیاسییانەی کە لە بنەمادا چاووگن، هۆکردگەلێکن بۆ دۆزینەوەی ئاسۆگەلێکی نوێ و گۆڕانی کولتووریی لە جڤاکیی کوردییدا،

پێویستە ئەمڕۆ کاری هەرەوەزیی بکاتە ئەرکە رۆشنبیرییەکەی خۆی. لەو ئەرکانەی ئەم نووسینە لە بەرچاوی گرتووە، پرسی زمانێکی نووسینی یەکگرتوو بۆ کورد، لە زۆرینەی ئەو پرسانە بە گرینگتر دەزانێ کە یەخەی گەلی کوردیان لە هەنووکەدا گرتووە.

زمان لەم روانگەیەوە کە کاری کۆمیونیتییە، کاری ئینتێلەجێنسیای کوردیی و ئەکادیمستانی کورد و ئیلێتی زمانەوانییە، بەرێزەوە سەیر دەکات، بەلام هەموو ئەمانە هیچ بەرهەم ناهێنن ئەگەر ملکەچی دەسەلاتێکی سیاسیی بن و ئەو دەسەلاتەش گالتە بە هەموو پێوانە زانستیی و زمانەوانیی و لۆژیکییەکان بکات. ناکاتە هیچ، کاتێ بەبەرچاویانەوە زمانی ستاندەردی کوردیی و لینگوا فرانکای کوردیی بۆ خاتری چاوی کالی دایەلێکتێک، عەشیرەتێک، تەریقەتێکی دینیی، ناوچەیەک و دەڤەرێکی کوردستانی باشوور، سنگەوبەرد دەنرێ و بەتالان دەبرێ و نووسەران و رۆشنبیرانیش نوتقیان لەخۆیان بڕیوە.

**زمانی ستاندەرد و دایەلێکت، پێکەوە هەلناکەن.**

بەپێی ئەو هەوالانەی لە میدیاکانی کوردستاندا بلاوبووەتەوە، پرۆگرامی خوێندن بۆ سالی خوێندنی نوێ (٢٠٠٨-٢٠٠٩ ) لە کوردستاندا ( بەشی بادینان) بەکرمانجی سەروو یان ئەوەی ناسراوە بە بادینانیی دەبێت.2 ئەم هەوالە، هەوالێکی ئەوەندە کارەساتئامێزو دوور لە لۆژیک و ئاوەزگەریی، راشنالیزم و زانستی زمان و بناغەکانی زمانی ستاندەردە، تووشی دۆشدامان و شۆکت دەکات. کورد پاش دەیان سال قوربانییدان و خەباتی بێپسانەوە، لەهەولی ئەوەدایە کە قەوارەیەکی سیاسیی تۆکمە لەکوردستانی باشووردا ( کە گەندەلی دایڕزاندووە) پێکەوە بنێ و کەرکوک و شەنگار و خانەقین و ناوچە تەعریبکراوەکانی تریش بێنەوە سەر ئەم هەرێمە دیفاکتۆیە. کەچیی لە بادینانەوە، بەچەقۆی دەڤەرپەرستیی و ناوچەپەرستیی و نالۆژیکیی و خۆشخەیال بە بیری مۆدێرنی رووکەشانەی کەمالیزم و تۆرانیزم و لاتینیزمەوە، لایەک لە جەستەی کوردستان دادەپچڕن و تۆوی دووبەرەکیی و ناوچەچییەتیی دەچێنن.

لەو کوردستانە گەورەیەدا، کەسێ قسەیەک لەسەر ئەو بڕیارە تاکرەوییەی دەسەلات ناکات. ئەوەی کە لەناو ئەو هەموو نووسەر ، توێژەر، زماننناس ، زمانزان ، زمانەوان ، ئەدیب ، رۆماننووس ، ژۆرنالیست ، شاعیر ، سکۆلار و ئەکادیمستەی کورددا[ ئەگەر کورد ئاو بیبات ئەم پیشەوەرانە دەیگرنەوە]، کەسێک ورتەی لێوە نایات، تراژیدیایە! تراژیدیا. زۆرینەی رەهای نووسەر و پلەدارانی حیزبەکانی تر دەستیان بەکلاوی خۆیانەوە گرتووە بۆ ئەوەی با نەیبات، مەسەلەکە هەرچۆن لێک بدرێتەوە، سەری نزم نەوییکردنە بۆ نانی بەرز، بەهەزارو یەک پێچ و پەنا لەگەل دەسەلاتدا تێکەولێکە بوونە و ئامادەنین، نەک لەسەر ئەنفالکردنی زمانی ستاندەردی کوردیی قسەیەک بکەن، بەلکو لەسەر هیچ کارێکی چەوتی دەسەلات بۆلەیەک بکەن. باشە لە کورددا بەس مەریوان قانیع عەقلی بەم مەسەلە هەستیارە دەشکێ و ستوونێک دەنووسێ! 3 هەرچەندە ئەمڕۆ هەموو پرسە سەختەکانی کورد،

له ستوونێکی رۆژنامەوانییدا لێکدەدرێنەوە و تەواو دەبن. هەر د.ڕەفیق سابیر هەیە توێژینەوەیەک بکات! بەدڵنیاییەوە بەهەزاران نووسەر و رۆشنبیر دڵیان بۆکرووزی لێهەڵدەستێ، بەڵام بۆچیی هیچ ناڵێن؟ ئەوە کارەساتەکەیە، کە دەسەڵاتی سیاسیی مێژووی ساختەش بنووسێتەوە، ئەمانە مێشێک میوانیان نییە.

ئەم نووسینە لەسەر زمانی ستانددەردی کوردیی و گرینگیی چەسپاندنی زمان لە ڕووی یاسایی و سیاسییەوە لە کوردستاندا جەخت دەکاتەوە. مەبەست لە زمانی ستاندەرد ئەو لینگوا فرانکایەیە کە کورد وەک زمانێکی باڵاو پانوپۆڕ پێی دەنووسێ و زۆرینەی تێکستی کوردیی لەرابردوو، هەنووکە و داهاتوودا پێی نووسراوە و پێی دەنووسرێ. بەهیچ شێوەیەک مەبەست لەو ستایڵ و فۆرمە زمانەوانییە نییە، کەهەندێ کەس پێیانوایە، ئەم وشە بە دوو "و" ، ئەو وشە بە دوو"ی" دەنووسرێ، ئەم وشەیە لێکدراوە و ئەوەی تریان دابڕاوە. یان مەبەست لە بواری گراماتیک و لایەنی ڕێزمانیی لەچەشنی ناو ، بکەر، فرمان و ئاوەڵناو.........تاد نییە. راستە ئەوانەش وردەکاریی زمانن و گرینگیی و بەهای خۆیان هەیە. بەڵام ئەم نووسینە بەشوێن فۆرمێکی کولتووریی و سیاسیی و زمانەوانیی گشتگیرەوەیە کە کورد وەک لینگوا فرانکایەکی بەهێز بۆ نووسینی تێکستەکانی بەکاری دەهێنێ.

بە کۆنسێپتێکی تر، ئەم باسە، زمان وەک زانین و بوارێکی فەلسەفیی و پێداویستییەکی سوسیۆکولتووریی، ئایدێنتیتیی نیشتمانیی، سوسیۆزمانەوانیی و بناغەی نەتەوە دروستکردن و ئاسۆی سیاسیی نەتەوەی کورد سەیر دەکات ( Hudson,1996 ) لەم ڕەهەندانەشەوە دەیەوێ باسەکە بداتە بەر لێکۆڵینەوە. ئەو زمانەی لێرەدا مەبەستە، دۆخێکی نیمچە یاسایی quasi-legal status وەرگرتووە. زمانێکە زمانی خوێندن و میدیاو کاروباری سیاسیی و کۆمەڵایەتییەو لە سەرجەم زاراوەکانی تر ڕەوانترو سەقامگیرترە. هەموو ئەدگارە پێویستەکانی زمانی ستاندەردی لەچەشنی( فەرهەنگی دەوڵەمەند، ڕێزمانێکی تۆکمە، سیستمێکی گشگیر لە دەنگ و خوێندنەوەدا، وەرگێڕانێکی زۆر لە زمانە بیانییەکانەوە پێی، نووسینی زۆربەی کتێبەکانی کتێبخانەی کوردیی پێی، مامەڵەکردنی دامودەسگاو ئینستیتیوتە فەرمییەکان پێی وەک زمانێکی فەرمیی و ستاندەرد ............تاد ) تێدایە.

پارتیی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکەکەی، کە وێڕای بانگەشەی یەکگرتنەوەی حکومەتەکەیان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دەیەوێ بە سوود وەرگرتن لەو هێزە ئابوورییەی، لە دوای رمانی رژێمی بەعسەوە لەسەردەستی ئەمێریکا کە زیاتر گەشەی پێداوە، وێڕای قۆرغکردنی داهاتی کوردستان بۆ خزمەتکردنی ئەجێندای حیزبەکەی و باڵادەستیی حیزبەکەی بەسەر دەڤەری بادیناندا، دەیەوێ زمانی کوردیی کۆنترۆڵ بکات، لەو ڕێگایەشەوە کولتووری کوردییش جڵەو بکات و ئەجێندا شاراوەکان و پاشخانی ئایدیۆلۆژیی و دەڤەرچییەتیی خۆی و حیزبەکەی جێکەوت بکات.

ئەم وتارە، هەڵدانەوەی قەتماغەکانی گەندەڵیی دەسەڵاتدارانی کوردستان لەئەستۆ دەگرێ و گەندەڵیی و کورتبینیی و عەشیرەتپەرستیی و ناوچەپەرستیی سەرکردایەتی کورد لەئاست مەسەلەی زمانی ستاندەردی کوردییدا باس دەکات و ئەو هەنگاوەی وەزارەتی پەروەردە، بۆ رێگەدانی خوێندن بە بنزاراوەی بادینانیی بەر گفتوگۆ دەدات. بەواتایەکی تر، گەندەڵیی زمان و( ناوچەگەرییەتیی ) ش لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە هاتە سەر گەندەڵییە ئەخلاقیی و سیاسیی و کولتووریی و داراییەکان و ئەوەندەی تر تەسکبینیی و ناشیاویی دەسەڵاتی حیزبیی و بنەماڵەیی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار زەقتر دەکاتەوە.

هاوکاتیش، ئەم وتارە دەخوازێ خۆی لەو هەوڵانە بە دوور بگرێ کە لە روانگەی ئایدیۆلۆژیی ، دەڤەرپەرستیی و زاراوە پەرستییەوە سەیری بەهای زمانی یەکگرتوو و چارەنووسی سیاسیی کورد دەکەن و لەم ئاقارەشەوە جڤاکی کوردیی لە ئاستی خێڵەکییدا قەتیس بکەن. لێرەوە هەڵەیە کە پەژارەیی ئەم وتارە لە پاڵ سەپاندنی زاراوەیەک بەسەر زاراوەیەکی دیکەدا یان بریندارکردنی هەستی ئاخێوەرانی کرمانجیی و تۆمەتی حازربەدەستی لەو جۆرانە پۆلێن بکرێت. هەروەک غەمی ئەم وتارە ئاوێزانبوون بە دەڤەرێک یان بە زاراوەیەک نییە، بەڵکو غەمی بە گرینگزانینی زمانێکی نووسینی یەکگرتوو، خەمڵیو و تۆکمەیە کە لەو دۆخە هەستیارەی کورد بەسەری دەبات، رۆڵێکی بنەڕەتیی هەیە لە ئاراستەکردنی گوتاری رۆشنبیریی و نەتەوایەتیی کوردییدا.

لەو دیدەوە بە بڕوای ئەم وتارە، ئەوە تەنیا یەکێتیی سیستمی زمانێکی یەکگرتووی کوردە کە دەتوانێ ئەو پەرتەوازەیی و ئاراستە سەرگەردانییەی خەونی کورد، گوتاری رۆشنبیریی و نەتەوایەتیی کورد بەرەو ئامانجەکەی رێکبخا. چونکە یەکێک لەو هۆکردانەی کە وایکردووە کورد لە مێژووی کۆن و ئێستایشدا لە پەرتەوازەیی و گەڕەلاوژەییدا بژیت و یادەوەریی خۆی فەرامۆشبکا، نەبوونی سیستمی زمانێکی نووسینی یەکگرتوو؛ گوتارێکی کوردیی بەرجەستەکراوە لە سیستمی یەک زمانییدا. هەرچەندە چەندین نووسەر و زمانزانی کورد لە هەنووکەو رابردووشدا بە دیدێکی تر ئامازەیان پێکردووە. لەتلەتکردنی کوردستان لە رووی جیۆگرافییەوە کوردی لێکترازاندووە، بەڵام قووڵکردنەوەی جیاوازیی نێوان زاراوەکان، نووسین بە تیپە( پیتە) جیاوازەکان لە لایەن زۆرێک لە سیاسەتوان و نووسەرانەوە، ئەو پرۆسەی دابەشکردنەی بوونی کوردیان لە ئاستی جیۆگرافییەوە بەرەو ئاستی بوونایەتییەکی پەرتەوازە و بە نامۆکردنی کۆی کورد بردووە.

ئەم پرۆگرامی خوێندنە بە بادینانیی، بەشێکە لەو هەوڵە زۆر دواکەوتووانەی تا ئێستا لە دەردەسەرییەکانی ناتەبایی و بێسەرەوبەرەیی نایەکڕیزیی کورد نەگەیشتوون و بەم هەنگاوەشیان دەیسەلمێنن کە ئەجێنداکانیان چەند تەسکبینن( narrow vision ). رەتکردنەوەی زمانی باڵای کوردیی و خوێندن بە زاراوەیەکی لۆکاڵیی، پلورالیزمی ئێسنیکیی نییە، ئەمە پلورالیزمی دایەلێکتییە، ئەم مۆتیڤانە کەسانێک لەپشتییەوەن کە بەس بەرپێی

خۆیان دەبینن و دووربین نیین لەئاست ئایدێنتیتیی نیشتمانییدا. ئەم خۆخواردنەوەیە پڕبەپڕی عەقڵی سیاسیی سەرکردەکانی کوردە کە شوێن هەڵای سەرگەردانیی دایەلێکتبازیی دەکەون. مەترسیی گەورەی ئەم نەزانییە"ڕەنگدانەوەی ئەو گومانانە لەسەر کولتووری هەمەچیزەیی و تێکشکاندنی ئایدێنتیتیی نیشتمانیی ( National Identity) بەرجەستە دەکاتەوە"(Turville-Petre,1996:175).

کاتێ زمانی ئینگلیزیی لەسەروبەندی پەلوپۆهاویشتنندا بوو، یەک بەدوای یەکدا زاراوە لۆکاڵییەکانی هەڵدەلووشی و فۆرمێکی گشتگیر و زمانێکی ئەدەبیی، وردە وردە جێکەوت دەبوو. بەڵام لەسەروبەندی نەشونمای نەتەوەی ئینگلیز و دامەزراندنی پایەکان و کۆنسێپتەکانی نەتەوەدا، کولتووری ئایدێنتیتیی لە ڕێگەی بەها باڵاکان و ترادیسیۆنەکانەوە خۆی دادەڕشت و تا دەهات جێ پێی خۆی توندوتۆڵتر دەکرد، جگە لە ئایدێنتیتیی تاکگەرایی، هەرگیز ئەم کولتووری ئایدێنتیتیی نیشتمانییە ڕێگەی بەوە نەدا هیچ تایبەتمەندییەکی ناوچەیی و لۆکاڵیی سەر دەربهێنێ. دایەلێکتی نۆفۆلک (*Norfolk*) یەکێکە لەو دایەلێکتانەی بە قوربانی ئەو کولتووری ئایدینێتیتیی نیشتمانییە کرا(ibid). لەسەر ئەم بۆچوونەوە، ئایا کورد سەرکردەیەکی ئەوەندە دووربین ( broader vision ) و نیشتمانپەروەرو نەتەوەیی، بەواتا نیشتمانییەکەی نەک پانکوردیستیی و ناسیۆنالیستیی ، تێدا نییە بە نووکە قەڵەمێک ئەم ئایدێنتیتیی نیشتمانییە لە بەفەرمییکردنی زمانی ستاندەردی کوردییدا، ئەوەندەی تر بچەسپێنێ؟

### گەڕانەوە بۆ دواوە:

ئەو دۆخەی دەسەڵاتی سیاسیی بەسەر زمانی کوردییدا دەیهێنێ، لە زۆر شوێنی دنیا لەسەروبەندی دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا نموونەی هەبووە. شەڕی نێوان دایەلێکتەکان و زمانی تێکست و لینگوا فرانکای باڵادەست کێشمەکێشی زۆری لێکەوتووەتەوە، سەرئەنجام زۆرینەی ئەم کێشانە بەبڕیاری سیاسیی لە پێناو ئامانجە نەتەوەییەکاندا و بە قازانجی زمانی باڵا و بە زەرەری دایەلێکتەکان کۆتایی پێهاتووە. بەڵام زۆرجاریش هەبووە یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەو لاسارییکردن هەبووە، یان هەوڵدراوە بۆ ئەوەی زمانی نووسینی فەرمیی گشتگیر نەکرێ و دەست بە دایەلێکتەکانەوە بگیردرێ. بەڵام هەمیشە لەسەرتاسەری جیهاندا، زاراوەکان پاش چەندین یاخیببوون و خۆڕاپرووسکاندن ملیان بۆ لینگوا فرانکای ستاندەرد، لەپێناوی ئایدێنتیتیی نیشتمانییدا کەچکردووە.

یەکێک لەو کەیسانە، لە نەتەوەی عەرەبدا نموونەی زۆرە. لەسەرەتای سەتەی نۆزدەیەمدا، لەسەر دەستی کۆمەڵێ ڕۆژهەڵاتناس ، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتناسی ئاڵمانیی Wilhelm Spita ، لە میسر بانگەشەی ئەوە دەکرا، کە زمانی نووسینی عەرەبیی، زمانێکی زۆر ڕەق و تەق، وشک و برینگە، ڕەوانبێژییەکی قووڵی هەیە لە توانای منداڵاندا نییە هەرسی بکەن، بۆیە پێویستە پرۆگرامی خوێندن هەڵوەشێنرێتەوە و بەزاراوە ناسک و نەرمەکانی میسر بخوێندرێ

(النادری،٢٠٠٥ ). ئەو هەولانەو دەیان هەولی تر لە زۆرینەی ولاتانی عەرەبیی سەریان نەگرت و زمانی پانوپۆڕی عەرەبیی گەشەی زیاتری کرد.

ناکرێ زمانی ستاندەردی کوردیی، قوربانیی بۆ هیچ زاراوەیەک بدات. چونکە ئەم قوربانییدانە، گەڕانەوەیەکی زۆر دوور مەودا دەبێ بۆ دواوە. بەلام دەکرێ هەموو زاراوەکان قوربانیی بدەن و زمانی ستاندەردی هەنووکەش ملیی و ئامادەیی و سنگ فراوانیی پێشان بدات بۆ لەئامێزگرتنی هەموویان، هەروەها رەنگوڕوو، تایبەتمەندیی، ئەدگاری خۆیشیان کەم و زۆر بەپێی توانست و لێهاتوویی خۆیان، لە زمانی ستاندەردا جێکەوت بکەن. ئەم قوربانیی نەدانەی زمانی ستاندەرد بەو واتایە نییە، کەلەگایی بکات و هیچ داینەشکێنی بۆ زاراوەکانی تر، بەلکو بەو واتایەی کە ئەگەر لینگوا فرانکای کوردیی، ئەوەی ناسراوە بە زمانی ستاندەردی کوردیی قوربانیی بدات، نەک هەر ریسەکە دەبێتەوە بە خوریی و لەسفریشەوە دەست پێدەکەینەوە، بەلکو ئەمە نەزانیی و بێدەربەستییەکە ئەوسەری دیار نەبێ. بەپێچەوانەوە، نائامادەیی زاراوەکان، بەتایبەتییش کرمانجیی بۆ ئەوەی خۆی رابێنێت لەگەل زمانی ستاندەرداو هەولبدات خۆی تێکەل بکات، بەدەست هەندێ نەزانی ناوچەپەرست و تەسکبینەوە کەوتووەتە دۆخێکی دژوارەوەو خەریکی سەنگەرگرتنە، چینەی ئەوە دەکات کە شوێنێک بۆ خۆی نەرم و گەرم بکات و بناغە بۆ خۆی دابرێژێت و بیر لەکوێخایی و سنگ دەرپەڕاندن بکاتەوە. کە بەدلنیاییەوە رەنگدانەوەی ئەم مۆتیڤە ئایدیۆلۆژییگەرانە زیانی زۆر گەورەی بۆ هەموو کورد و زمانی کوردیی دەبێت.

هەندێ چەمک و کۆنسێپت هەن، ساتوسەودا و چاوشارکێ هەلناگرن. ناکرێ خاتر وخۆتریی و دلنەیەشاندن و دلنەشکاندن لە مەسەلەی یەکلاییکردنەوەی زمانی کوردییدا لەبەرچاو بگیردرێ. کرمانجیی زمانی ئاخافتنە، توانا و بالای نووسینی لەچاو زمانی ستاندەردی کوردییدا کەم و پێکوڕەیە. کە دەلێین زمانی ئاخافتنە، بەواتای ئەوەی توانای ئەوەیە نییە تازە بەتازە بکرێ یان بتوانرێ دەستی بگیردرێ و بۆ بناغەی زمانی ستاندەرد لە کوردستانی عێراقدا بەکاربهێنرێ. ئەوە مانای ئەوە نییە کە هاوولاتییانی ئەو دەڤەرانە بەو زاراوەیەی خۆیان نەئاخفن و نەنووسن، بەلکو پێویستە ئەو زمانە ستانداردەی کورد، وەک زمانی سەرەکیی کورد بناسن.

ویستی ئەم وتارە سەرنجکێشانی غەمخۆرانی زمانی کوردییە کە لە روانگەیەکی لۆژیکیی و بەرپرسیارییەوە هەولبدەن کە ئەو حکومەتە غەمسارد و زمان فەرامۆشکار و تالانکارە، غەمێک بۆ بڕیارێکی سیاسی لەسەر زمانێکی یەکگرتوو بخوات. دەبێ ئەوەمان لە یاد بێت، کە ئاخێوەرانی کوردستانی باشوور زمانێکی ستاندەریان هەیە، ئەمڕۆ بە هۆی لێکدابڕان و رەوشی رۆشنبیریی، جیۆسیاسیی و پێوەندییە نێودەولەتییەکانەوە کە لەگەل بەشی باکوور و رۆژئاوا لە ئارادایە، ناتوانرێ نە ئەو زمانە ستاندەردەی باشوور بەسەر ئەو دوو بەشەدا بسەپێنرێ ، نە دەشتوانرێ زاراوەی کرمانجیی و سکریپتی لاتینیی بە هۆی ئەو کێشانەی کە

هەیانە، بەسەر کوردستانی باشووردا بسەپێنرێن. بۆیە سەرلەبەری ئەم وتارە جەخت لە کوردستانی باشوور دەکاتەوە، کە خاوەن قەوارەیەکی سیاسیی و دیفاکتۆیە.

**پایتەختی سیاسیی و ئابووریی –زمانی ستاندەردی کوردیی**

لە مێژووی نەتەوەکانی جیهاندا هەمیشە بە هۆی پێگەی ئابووریی، رۆشنبیریی و سیاسییەوە، زاراوەی شارێک، هەرێمێک بووەتە زمانی ستاندەردی ئەو نەتەوانە. ئەمڕۆ بە هۆی ئەو رەوشە مێژوویی، سیاسیی و رۆشنبیرییەوە، ئەو زمانەی کە سەتەیەکە زمانی سیاسیی بووە و جیهانێک لە دەقی هەمەڕەنگی پێ نووسراوە، بنەمایەکی تۆکمەی لە فۆرمی زمانی ستاندەرد وەرگرتووە. ئەگەر راستیی لە ویژدانی سیاسییەکان و دەسەڵاتدارانی کوردستاندا هەیە، ئەگەر چەمکی نیشتمانیبوون لەسەروو چەمکی هۆزو خێڵ و حیزب و ناوچەوە دادەنێن، ئەوە سێ و دووی ناوێ ، شاری هەولێر پایتەختی کوردستانە، کەرکوک بە دروشمی حیزبەکان، دڵ و قودسی کوردستانە، بازمانی نووسینی  ئەو دوو شارە گشتگیر بکرێ.

بەپێی پێودانگە تیۆرییەکانی زمان بێت، هەمیشە هەرێم و ناوچەکان هەست بە دابڕان و گۆشەگیری خۆیان دەکەن، بەڵام ئەم گۆشەگیریی و بوغزخواردنەوەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرن کە ئەفسانەی خۆیی، مێژووی خۆیی ، ترادیسیۆنی لۆکاڵیی، بەرچاوتەنگیی لەئاست زمانی باڵای گەشەکردوودا، خۆ بەپیاوزانتر بەکولتووری پاتریارکیی patriarchy لەئاست لینگوا فرانکای گەشەکردوودا، لەئاست فۆرمی نیشتمانیی و سەرتاسەرییدا هەمیشە ملۆزمیی دەکەن و بە درۆیەکی گەورەش بە دڵسۆزیی و رەسەنیی دەیفرۆشنەوە(Turville-Petre,1996). ئەو هەڵوێست و بۆچوونە سەقەتانەی هەندێ ناوچەگەر و هەرێمپەرست و عاشق بەزاراوە لۆکاڵییەکەی خۆیان، لەو بزوتنەوە و مۆتیڤانەدا کە دەیانەوێ لەپەنای زمانی کوردییدا زاراوەکان راست بکەنەوە بەئاشکرا دەبینرێ.

دەسەڵاتدارانی کورد ، با ئەو زمانە بکەن بەزمانی ستاندەرد، کە پایتەختی دەسەڵات و قورساییە سیاسیی و ئابووریەکەیان لێداناوە، نە زمانی سلێمانیی، نە زمانی سابلاغ و نە هەورامان بکەن، بەڵکو زمانی نووسینی ( نەک ئاخافتن) خەڵکی هەولێر بپەژرێنن و گشتگیری بکەن کە خۆبەخۆ زمانی ستاندەردی کوردییە. بەواتایەکی تر ئەو زمانەی ئێستا، ناکرێ پێی بگوترێ  زاراوەی سلێمانیی، گەرمیانیی، سابلاغیی، سنەیی یان هەولێریی بەسەردا زاڵە. زمانێکە لە زۆرینەی زاراوە سەرەکییەکانی کوردەوە مشتومالکراوەو بەسروشتیی بە ئێرە گەیشتووە. جێدەستی هیچ دەسەڵاتێکی سیاسیی پێوە نییە تا بەخەڵکی کوردستان و مێژوو بیفرۆشنەوە.

زمانی خوێندەوارانی بەیجین وەک شارێک کە پایتەختی چینە( چایینە) لەسەرەتاوە کرا بە زاراوەی زاڵ بەسەر سەتان زاراوەی تر لەچیندا و دواجاریش هەمان پرۆسێس بۆ نووسین "لە زمانێکی ستاندەردی نیشتمانییدا" جێکەوت کرا ( Defrancis,1986:42 ) .  ئەو گومانە

قووڵەی کە ناخی تاکی بەئاگای کورد دادەگرێ ئەوەیە، ئایا ئەگەر سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت، خەڵکی شاری هەولێر بوونایە، یان  خەڵکی کەرکوک، گەرمیان و ناوچەکانی سلێمانیی بوونایە، هەر لەدوای راپەرینەوە بە ستایڵە فەرمیی و سیاسییەکەی ئەمە یەکلایی نەدەکرایەوە کە زمانی ستاندەردی  کوردیی کامەیە! ئەم پرسیارە هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە سەرۆکی هەرێم( مەسعود بارزانیی) و سەرۆکی حکومەت( نێچیرڤان بارزانیی) وەک دوو کەسایەتی سیاسیی ناتوانن لە ئاست ئەم پرسەدا بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەی ئازایانە و نیشتمانییانە بدەن.

لەو دیدەوە رێگەدانی وەزارەتی پەوەردە یان دەسەڵاتدارنی پارتیی بە خوێندنی بادینانیی لە بادیناندا،  بوار بۆ ئەوە خۆشدەکا کە لە داهاتوودا هەر دەڤەر، گەڕەک و شارێک بڕیار بدەن بە زاراوە و بنزاراوەی خۆیان بخوێنن. ئەو کەڵەگاییەی دەسەڵات وا بڕوات، سبەی هەورامیی، لووڕیی  و ... تاد داوای خوێندنی هەورامیی و لووڕیی دەکەن. ئاشکرایە بە هۆی ئەو سیاسەتە ئیفلیجەی ئەو دوو حیزبە حکومڕانە دەڤەرچییانەوە، بووین بە خاوەن حیزبی هەورامییش! بەمجۆرە ئەو پاشاگەردانییە ئاراستەی گوتارێک، ئاخاوتنێکی هاوبەش بۆ کورد ناهێڵێتەوە کە ناوی سیستمی زمانی یەکگرتووی کوردیی و یەکێتییەکی هاوبەشانەی کۆی بوونی کورد بێت، بەڵکو کورد دەبێتە چەندین نەتەوە و زمانی جیاواز. ئاکامی ئەمەش قوتبوونەوەی دەیان دەسەڵاتی خێڵەکیی و میرنیشینییە. دواجاریش رۆشنبیریی کوردیی دۆخە سیاسییەکەی لە چوارچێوەی ئەو خێڵ، میرنشین و زاراوەگەلەدا قەتیسماو دەبێت، کە ئەو هەموو سەرە جیاوازانە، زاراوە و پاشاگەردانییە خێڵەکییانە نەک هەر لەگەڵ خێڵەکانی دراوسێی خۆیان و زاراوەکانیان هەڵناکەن، بەڵکو لە ئاستی دەرەکیشدا هێزێک نییە ئەو هەموو میرنیشینە زاراوەپەرستانە وەک نەتەوەی کورد سەیر بکا.

بە کورتیی بڕیاری خوێندنی بادینانیی لە بادینان، لە لایەن پارتییەوە، بێ ئەوەی پرس بە زماننناس و هێزە سیاسییەکانی دیکە بکا، وەک درێژەدان بەو کەڵەگاییەی کە لە بواریی ئابووریی، داهاتی کوردستان، رۆشنبریی و سیاسییدا پەیڕەوی دەکات، ئەجێندا خێڵەکیی و بە ئەبەدییکردنی دەسەڵاتەکەی نیشاندەدا. تەسکبینیی ئەوانە نیشان دەدات، ئامادەن لەسەر حیسابی نەتەوەی کورد و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی، ئەجێندا لۆکاڵییەکانیان ساغبکەنەوە.

**مەسعود محەمەد - تێڕامانی فەلسەفیی لە  زمانی کوردیی**

لە ئاستی کورددا، بە تایبەت بەر لە رۆژگاری راپەڕینی 1991، رەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین  مەسعود محەمەد یەکێک بێت لەو نووسەر و زمانناسە کوردانەی کە هەوڵیدا لە روانگەی فەلسەفیی و کولتوورییەوە بەهای زمان بە خوێنەری کورد بناسێنێت.  مەسعود محەمەد لە هەندێک وتاریدا کە لەسەر زمان دەئاخفێ، مرۆڤ و زمان؛ نەتەوە و زمان وەک خەملاندنێک لە یەکتر سەیر دەکا.  ئەو سەبارەت بە بەهای زمانی یەکگرتووی کوردیی لە

دیدارێکی فراواندا لەگەڵ شوکور مستەفادا، کە لە ناوەڕستی نەوەدەکاندا ئەنجامدراوە، دەڵێ: "زمانی یەکگرتووی قەومێك شێوەی ئەدەبو زانستو هونەریەتی، نەك ئاخاوتنی بازاڕییو عەشیرەتیی..تاد".4

کەواتە بۆ ئەوەی تەنیا لە ئاستی خولیای سیاسیی نەدوێیین، بەڵکو بۆ ئەوەی لە ئاستێکی فەلسەفیشەوە بەهای زمان تێبگەین، ئاماژەیەک بەو پاشخانە فەلسەفییە دەدەین کە زمان رۆڵێکی گرینگ لە چێکردنی نەتەوەدا دەبینێ. دیارە هەر لە دوای رۆشنگەریی بە گشتیی و بە تایبەتییش سەرهەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرنەوە هەتا ئەمڕۆش بەشێک لە فەیلەسووف و هزرڤانانی رۆژئاوا بە تایبەتییش شەپۆلی ناسیۆنالیزمی ئاڵمانیی و فرانسیی، زمانیان وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی لە خەملاندنی نەتەوە و دەوڵەت سەیر کردووە.

لە دایکبوونی بیرۆکەی زمان لە دەستبەرکردنی ئایدێنتیتیی بوونی مرۆڤ، نەتەوە و جیاکردنەوەی لەوانیتر، لە بنەڕەتدا نەک هەر رەهەندی سیاسیی، بەڵکو چاوگەیەکی فەلسەفیشی هەیە. مارتین هایدیگەر(هایدگەر)، وەک بەردەوامییەک لەو پاشخان و رەهەندە فەلسەفییە زمانییەی هزری ئاڵمانیی، بووناسیی "ئۆنتۆلۆجی" بە پایەی زمانەوە گرێ دەدات. لە روانگەی هایدیگەرەوە، مرۆڤ لە گەڕان بە دوای ماناداا هەمیشە دەرگیری نیگەرانییە، چونکە مرۆڤ هەمیشە بەرەو ئاقارێک، شوێنێک رێدەکا. کەواتە ئەو مرۆڤە لەو جیهانەی کە تێیدا دەژی دابڕاوە. بە هەمان شێوەش لەو دۆخەدا مرۆڤەکان لێکدابڕاون. هەر یەک لەو مرۆڤانە وێنەی جیهانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەو جیهانەش وا نیشاندەدا کە مرۆڤ لە کاتدا دەژی، کە ئەو کاتەش تایبەتە بەو مرۆڤەوە(Heidegger,1982).

ئەو تێگەیشتنە یان دۆخەش، لە دیدی هایدیگەرەوە، لە رێگای زمانەوە خۆی دەردەبڕێت. بەمجۆرە ئاخافتن بە ماناکان بارگاوی دەبێ، بەمەش مرۆڤەکان دەتوانن لە یەکتری تێبگەن و پەیوەندیی لەگەڵ یەکتردا بسازێنن. هاوکاتیش زمان هەڵگری مێژوویەکی تر، سەرەتاتکێی ئاوەڵا لە پرۆسەی بووندایە، کە یەکەمجار شوێنێکی بەو مرۆڤە بەخشی. بە واتای هایدیگەر، مرۆڤ ئەوکاتەی دەستیکرد بە ئاخافتن، زمانی بە گۆ هات، ئەو شوێنە راستیینەی چێکردووە. کەواتە شوێن یان قەوارەی مرۆڤ لە زمانی مرۆڤدایە( Ibid ).

زمان هەڵگری مێژوو، بوونێکە لەو رەچەڵەکە ئاوەڵایەی، کە لە دەستپێکدا شوێنەکەی بە مرۆڤ بەخشی. مرۆڤ خۆبەخۆ هەر لەو کاتەی کە دەستیکرد بە ئاخافتن و بەکار هێنانی زمان، ئەو شوێنە راستیینەی داهێناوە و لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. واتا بە دەربڕینی هایدیگەر: "لێرەدا ئەو چەشنە "پەیڤاندن"ە تەنانەت بە سروشتی خۆیشی، بە چەشنێکی بوونایەتی، گەوهەری زمان وەک داستانە، تەنیا لێکتێگەیشتن نییە .... گەوهەری پەیڤاندنە، گوتنە وەک رۆحێک لە نیشاندان. خەسڵەتی ئەو پەیڤاندنە لە هەر هێمایەک کە دەیبینین دروست نەکراوە؛ بەڵکو بنەچەکەی هەموو هێماکان و بە دیارخستنیانە، جا ئەو

هێمایانەش  کە لە نێو هەر جۆرە وڵاتی پاشایەک و بۆ هەر مەبەستێکیش بن دەکرێ سێمبۆڵ بن."  (Heidegger,1982,123)

مەسعود محەمەد دەیزانی کە زمانی یەکگرتووی کوردیی دەتوانێ ئەو دیاردەی "ئاخاوتنی بازاڕیی و عەشیرەتیی"یە لە کۆڵ کورد بکاتەوە و بەرەو هزرکردن هانیبدا، بۆیە بنەمای ئەو بیرۆکەیەی خۆی ئاوەڵا دەکاتەوەو کراوەتر دەڵێ: "زمان بەشێکە لە مرۆڤ خۆی. زمان، کارگوزاری هۆشە نەك خالقی هۆشە. هۆشیش هەستیاری شتی ئاشکراو دۆزینەوەی نهێنییانە..." پاشان مەسعود محەمەد لە درێژەی ئەو تێگەشتنەوە ئەو دیدەی خۆی چڕتر دەکاتەوەو دەڵێ: "زمان ژێرخانو ژوورخانی کۆمەڵە، چونکە مرۆڤ خۆی ژێرخانو ژوورخانە"4.  دیارە ئەو تێڕوانینە لە زماندا، پڕ مەعریفەترین دەربڕینی کولتوورییە لەسەر زمانی کوردیی، کە لە سەتەی رابردوودا کرابێت.

لەبری ئەوەی سەرکردایەتی کورد، بڕیاری سیاسیی  بۆ ساغکردنەوەی یەکجاریی زمانی ستاندەردی کوردیی بدایە، بڕیاری بۆ لاواندنەوەی ئایدیۆلۆژییانەی لۆکاڵیزم دا. کارێکتەرە سەرەکییەکانی ستاندەردبوونی ئایدیۆلۆژیی  بۆ زمانێکی ستاندەرد و گشتگیر و نیشتمانیی لە هەلومەرجە سیاسییەکاندا پێویستە، بەڵام ئایدیۆلۆژیای دایلێکتۆڵەجی کارەساتێکە، سەرەتای رەنگڕشتنی جیاوازیی نێوان زمانی ستاندەردی کوردیی و کرمانجییە. هەر نەتەوەیەک وەک کورد( کە ئێسنیک و نیشتمان، بناغەکەی بێت نەک وڵات، حکومەت و هاونیشتمانیی ) زمانە ستاندەردەکەی، لینگوا فرانکاکەی ئەو مۆدێلە بەرفراوانەی تێکست و نووسینە، قەبارەو قورسایی دەردەخات و بەتاکە سەرچاوەی دروست و تاکە فۆرمی نووسین دەژمێردرێ (  Bex and Watts, 1999).

مەسعود محەمەد وەک پەرۆشخۆرێکی زمان دەیزانی کە دەمڕاستانی سیاسیی کورد لە داهاتووشدا، وەک ئەوەی ئێستا دەیبینین، خاوەن ئەو ویستە نیین کە بیر لە بەهای زمانی یەکگرتوو بکەنەوە. بۆیە لە کاتی خۆیدا چڕترین قسە لەسەر ئەو کەسایەتییە بێ پرینسیپ، مێش ئاسایەی سیاسیی و نووسەرانی کورد دەکا، کە رەوانبێژییە (رێتۆریک)کی زمانی فەلسەفیی تێدایە. لەوێدا دەڵێ: "بێ لە گەمە کورد پتر ئاشنایە بە بەشداریکردن لە (ئیرادە) نەك خاوەنایەتی (ئیرادە) مەگەر لە حاڵی رووبەڕووبوون لەگەڵ کوردێکی وەك خۆی".4

لەو ناوکۆییەوە، سەرچاوەی ئەو بێ "ئیرادە"یی و بێ پرینسیپییەی نووسەر و سیاسیی باڵادەستی کورد بۆ ئاوێزانبوون بە ئاوەزی خێڵەکیی و کەسایەتیی خۆخۆری کورد دەگەڕێنێتەوە. لەو دیدارەدا شوکور مستەفا لە پیشەکییەکدا دەبێژێ: "پارە پارە بوونی زمان تا ئەندازەی هەر تیرەیێ، هەر ناوچەیێ، هەر مەزهەب و ئۆلێ، هەر هاوسەروکارییەک

لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، جۆری رۆشنبیریی و ... تاد کارەکتەری خۆی دە زارێکدا رەنگ پێ دەداتەوە" (سەرچاوەی پێشوو- سپ). دواتر مەسعود محەمەد باس لە تراژیدیایەکی ئەو حکومەتەی کوردستان دەکا، کە ئەمڕۆ لەوکاتەی مەسعود محمەد باسی لەسەر کردووە، تراژیدییترە. مەسعود محمەد هۆکردی سەرەکی ئەو بێ "تەما"ییە بە ئیرادەی سیاسیی و پاشەگەردانییە لە هەمبەر زمانی ستاندەردی کوردییدا، لەو روانینەیدا بەرجەستە دەکاتەوە: "راستییەکەی ئێمە بەر لەوەی بیر بکەینەوە لە حاڵ و باری (لێژنە_کە جارێ لە پزدانی مێژوو نەڕسکاوە)- هەروا لەسەر ساجی عەلی خەفەتی هەڵوەستی دوو حکومەتەکە هەڵدەمژین، حەقیشمانە؛ چونکە واقیعی کوردەکە لە گۆڕەپانی سیاسەتی رەسمیدا کۆڵەکەی چەسپاوی لە بن دیدگەکانی ستراتیژ و تاکتیکی خێوەتی کەینوونەی کورد هەڵنەناوە" (سپ).

بەڵام مەسعود محەمەد، کە کاتی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی بەعسدا، لە رێگای "کۆڕی زانیاری کورد"ەوە، لەو نووسەرانەی "ئەکادیمای کوردی" لە هەولێر، بگرە ئەو ئەکادیمیی و رووناکبیرانەی دەرەوە و ناوەوەش زیاتر خزمەتی زمان و رۆشنبیریی کوردیی کرد، جیاواز لەو نووسەر و ئەکادیمییە بێ پرینسیپ و بێ گەوهەرانە؛ ئەو نووسەرە مشەخۆر و تەڵەکەبازانەی کە لەسەر جەستەی داهێزراوی حیزبەکان دەژین و لە پەرەدان بە سیاسەت و رۆشنبیریی خێڵەکیی و گەندەڵیی زیاتر هیچ کارێکی دیکەیان نەکردووە.

لەوە بە ئاگا بوو کە دەسەڵاتێکی دەڤەرپەرست و بنەماڵەپەروەر، ناتوانێ لە بەهای ئەو زمانە ستاندەردەی کوردیی بگا کە کۆڵەکەی گوتارێکی یەکگرتووی تۆکمەی کوردییە. چونکە "دەسەڵاتی مام ناوەنجیی و پەرتوبڵاو، لێرە و لەوێ، نە ئیرادەی دەبزوێت بۆ یەکگرتن، نە باوەڕی بە غەیری خۆی هەیە، زۆریشیان خۆ لەو بوارە نادەن کە نووسینەکەت بۆی پەرۆشە... هەر بە جارێ دڕدۆنگی، هەر کارێک بێت، خەریکیان بکات بە غەیری 1- بژێو 2- بەرەوپێش چوون بۆ دەسەڵاتی زاتیی 3- لایەنی ئیسلامیی (خاوەن نیاز) تۆقەڵەی ئامانجی خاڵی دووەمە. ئاپۆرەی خەڵقوڵڵا دەیخورێت و دەشی یەشێت، بەڵام پتر بەلای تەنەکەلێدانی دەمی مانگ گیراندا دەچێتەوە" ( سپ).

مەسعود محەمەد، بەر لە پەژارەیی ئەم وتارە لەمەڕ بوونی زمانی یەکگرتوو لە کوردستانی باشووردا، کە هەڵەیە بە سۆرانیی یان هەر جۆرە زاراوەیەک سەیر بکرێت، ئەودەم بڕوای بەوە هەبووە کە ئەگەر حیزب و نووسەران لەو خێڵپەرستیی، دەڤەرپەرستیی و زاراوەپەرستییە رزگار بن و بیر لە بەهای ئیرادە و پرینسیپ بکەنەوە، ئەوکاتە تێدەگەن کە "لەلایەن داینەمیکییەتی زمانی کوردییەوە، چەندێکی هەیە هەر هەندە و بێگومان، بەرەو فرازووتنیش دەچێت: لە ماوەی هەشتا ساڵێکدا زمانی کورد مەودا و مەیدانی بڕیوە، تا ئەوەی ناشێ ئەمڕۆکەی بەو رابردووە بگیرێت." (سپ).

زمان چەکی بوونی نەتەوە و گەلانی دنیایە، کوردیش لەرێی یەک زمانی نووسینەوە دەتوانێ پەیڤی خۆی تەخشان بکات. شوێن لە ئاخافتنی مرۆڤ و لە زماندا هەیە. لێ زمان بەو

پەیڤانەی کە دەوترێن دەنگ بڵاو دەکاتەوە. زمان ئەو وشانە دەبێژێ و بەدیاریان دەخات، بێدەنگییەکان رووتدەکاتەوە. هایدیگەر بڕوای وایە کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە لە سنوورێکدا ئۆقرە ناگرێ. بۆیە دەبێ بە دوای شوێنە راستەقینەکەی خۆیدا بگەڕێت. کەواتە مرۆڤ لە رێگای زمانەوە، بۆ پەیڤەکان خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە. ئەو پەیڤانەش بوونی مرۆڤن. کاتێک مرۆڤ دەستیکرد بە چێکردنی وشە و زمان کەواتە لەرینەوەی بوونیش دەستیپێکرد. واتا، بە دەربڕینێکی دیکەی چڕتر: کاتێک زمان دەپەیڤێ ئێمەش لە هەمان کاتدا گوێمان لە دەنگی بوون دەبێ. بەمجۆرە گەوهەری مرۆڤ لە زماندا، کە ماڵی خۆیەتی، ئاشکرا دەبێت(Heidegger,1982). کوردیش بەشێک لە بوونی لە زمانێکی ستاندەردا جێکەوت دەکات.

لێرەدا دەکرێ بگوترێ کە زمان مێژووە، هەروا بە پێچەوانەشەوە. چونکە مرۆڤ لە رەچەڵەکی خۆیدا ئاخافتنە و لە رێگای ئاخافتنیشەوە خۆی بە دیار دەخا. بەمجۆرە مێژوو دەستپێدەکا تا لەناو زمانی مرۆڤدا بژی. بە واتای هایدیگەر: "چونکە رێگای مێژوو بەرەو زمان دیاریکراوە، ئەمەش هەر تەنیا لە دەستەواژەکانی زمان وەک خۆیدا نییە، بەڵکو زیاتر بە دەستەواژە گەلێک لە هەوڵدان دیاریدەکرێ، بۆ ئەوەی پێناسەیەکی مێژوویی لە تەواوی مێژووی فراژانی هەمەکیی رۆحانییەتی مرۆڤ و هەروا تاکگەرایەتییەکەی پێ ببەخشێ". (Heidegger,1982 :118).

مرۆڤ، بە لای هایدیگەرەوە، گوێ بۆ بوونی خۆی رادەدێرێ و بەمەش لەسەر ئەو بوونە هۆشیار دەبێتەوە. هاوکات مرۆڤ لە ئاخافتندا بوونایەتییەکەی دادەمەزرێنێ و ئاوەڵا دەبێتەوە. هایدیگەر سەبارەت بە بەهای زمان دەڵێ: "زمان هەر تەنیا ئامرازێک نییە کە مرۆڤ لە تەک ئامرازەکانی دیکەدا هەیبێت، بەڵکو زمان لە بنەڕەتدا دەرفەتی ئامادەبوونی مرۆڤ لە ناوەڕاستی بوونێکی ئاوەڵادا زامن دەکا، زمانیش تەنیا لەوێدا، جیهانە، واتا: هەمیشە رەهەندێکی گۆڕاو لە بڕیاردان و کردار، لە مەرگ و وەڵامدانەوەیە... تەنیا لەوێدا جیهان لە ئارادایە، ئەوێش مێژووە"( Heidegger,1990:230 ) کورد هەلێکی باشی بۆ رەخساوە کە بەشێک لەمێژووەکەی خۆی لە زمانەوە دابین بکات، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی و مێنتاڵی هۆزگەرایی و خێڵگەرایی و دەڤەرگەرایی، توند توند دەستی لەبینەقاقای ناوە.

کەواتە زمان لە بنەمادا سەرەکییترین بوونی مرۆڤ و نەتەوەیە، چونکە نەتەوەیەکی وەک کورد دەتوانێ بە زمانەوە، بوونە تالانکراوەکەی رزگار بکا و لێی جێنشین بێتەوە. کورد لە رێگەی زمانێکی یەکگرتوو، نەک پەرتەوازەوە، دەتوانێ بوونە لێکترازاوەکەی لە سیستمی گوتارێکدا کۆبکاتەوە و بەرەو ئامانجە هاوبەشەکەی بەڕێی بخات. هەموو دەزانین، کە ئەگەر داگیرکارانی کورد زمانی کوردییان بە مەترسییەکی بنەڕەتیی لەسەر خۆیان نەزانیبایە، ئەو نەخشە داڕێژراوەیان بۆ شێواندن و لێکترازاندنی زمانی کوردیی نەدەگرتبەر. رژێمی بەعس، لە رێگای دەیان پلانەوە هەوڵی دا زمانی کوردیی ئیفلیج بکا: یەکێک لەو پلانانەی ئەوە بوو کە بواری بۆ هاووڵاتیانی دەڤەری بادینان رەخساند کە بە

بادینانیی، بەڵام بە سکریپتی ئارامیی، بخوێنن. ئەوکات ئەو سیاسیی و نووسەرانەی کە ئەمڕۆ سەرسەختانە داکۆکی لە دەقەرگەرایی و زاراوەبازیی دەکەن، نەیانوێرا پرتەیەک لەسەر حەزی خوێندن و نووسین بە سکریپتی لاتینیی بکەن!

## کوردستانی باکوور و زمانی کوردیی

ئاشکرایە رژێمی رەگەزپەرستی تورکیا نزیکەی هەشتا ساڵە لە هەوڵی ئەوەدایە ریشەی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردیی لە بوونی کوردانی باکوور هەڵبکەنێت. لە ئاکامی ئەوەدا ئەمڕۆ زۆرینەی کوردانی ئەو بەشە، بە زمان، رۆشنبیریی و مێژووی کورد نامۆن. لە ئاکامی ئەمەشدا زۆرێک لە کوردانی کوردستانی باکوور تەنانەت لە وڵاتە رۆژئاواییەکانیش تورکیی دەخوێنن. بەمجۆرە داگیرکارانی کوردستان، توانیویانە پێکهاتە و گیان، بوونی زۆرێک لە کوردانی باکوور تالانبکەن یان بە گیانی کەمالیزم سیخناخیان بکەن. لە ئاکامی ئەو بە تالانبردنەی یادەوەریی زمان لەلایەن ناسیۆنالیزمی کەمالیزمەوە، برستی زمانی کوردییان تێدا نەماوە. ئەگەرچی کوردانی کوردستانی باکوور، بەشێک لە نووسەر و غەیرە نەخوێندەوارەکانیشیان بە هۆی چەوساندنەوەی نەتەوایەتییەوە روویان لە رۆژئاوا کردووە، وێڕای ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی رۆژئاوا ئازادییان بۆ رەخساندوون کە بە زمانی زگماکیی خۆیان"کوردیی، خۆیان پێی دەڵێن کرمانجیی" بخوێنن، کەچیی، چونکە ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم ئاوەز و یادەوەرییانی شۆردووەتەوە، لە جیاتی ئەوەی زارۆکەکانیان فێری زمانی کوردیی بکەن، فێری زمانی تورکییان دەکەن.

ئەو دیاردەیەش بە تایبەتیی لەو شار و گەڕەکانەی کە تورک تێیاندا زۆرینەن دەبینرێت، ناوێرن داوای بە کوردیی خوێندن بۆ زارۆکەکانیان بکەن ، یان خۆیان ئارەزوومەندانە داوای خوێندنی تورکیی دەکەن. ئەگەر کوردانی رۆژئاوانیشین حەز بکەن لەو راستییە تاڵ و تراژیدیا نەتەوایەتییە تێبگەن، دەتوانن لەو بارەوە لە بەڕێوەبەرانی زۆرێک لە قوتابخانەکان بپرسن. کاتێک کوردێکی گەنجی کوردستانی باکوور کە لە رۆژئاوادا لە دایکبووە و لە زانستگادا دەخوێنێ، کەچیی بە بیانووی ئەوەی لە داهاتوودا دەگەڕێتەوە تورکیا، بچێت زمانی تورکیی بخوێنێت، ئاخۆ ئەوە یەکێک لە گەورەترین تراژیدیای نەتەوەیەک نییە؟ لەوەش تراژیدیتر ئەوەیە، کاتێک خودی کورد، وەک بەرهەمهێنانەوەیەک لە سیاسەتی سڕینەوەی زمان و شێواندنی رۆحەکەی لەلایەن تورکیاوە، بە ئاگایی درێژە بەو سیاسەتە رەگەپەرستییە بدات! ئەڵبەتە ئەو تراژیدیایەی کوردانی هەندەران هەر تەنیا تووشی کوردانی باکوور نەبووە، بەڵکو زۆرێک لە کوردانی کوردستانی رۆژهەڵات و کوردستانی سوریاو بگرە بەشێک لەو کوردانەی کوردستانی باشوور کە هەم بە هۆی ئایدیۆلۆژیی و هەمیش بە هۆی دەحەجانبوونیان بە سیاسەتی شۆڤینیانەی بەعس لە عێراق، سوریا و پان-ئێرانیزمەوە- کوشتەی هەمان تراژیدیان.

کاتێک ئەم وتارە ئاماژە بەو هێرشی تاڵانوبرۆیە دەکا، مانای فەرامۆشکردنی کۆی ئەو رۆحە بەرخۆدانە نییە کە لەو بەشەی کوردستاندا هەیە. هەر بۆیە ئەم وتارە، وێڕای ئەوەی پێیوایە کە لەم رۆژگارە ئاڵۆزەدا ئەو شێوازە خەباتی چەکدارییەش لە باکووردا، ئاستەنگی سەخت لە بەردەم ئاییندەی خەباتی رەوای ئەو بەشە دروستدەکا، رەخنەشی لەو شێوازە خەباتە چەکدارییی و ئەو سیاسەتە توندڕۆیەی پکک هەیە، بەڵام بە پەرۆشییەوە سەیری ئەو گیانی بەرخۆدانە خورتەی گەریلاکانی کوردستانی باکوور دەکا، کە بە دژی رژێمی رەگەزپەرستی تورکیی لە چیاکانی کوردستاندا چەکیان هەڵگرتووە. وێڕای ئەمەش، دواجار ئەوە سەرۆکەکانی ئەو حیزبانەیە کە گیانی شۆڕگێڕیی کوردان بۆ بەرژەوەندییە شەخسیی، ئایدیۆلۆژیی و حیزبییەکان بە هەدەر دەدەن.

هاوکاتیش ئەم وتارە ئاگای لەوەیە کە لەو بەشەی کوردستانی باکووردا، بە هۆی پرۆسەی سڕینەوەی زمانی کوردییەوە، هونەری گۆرانیی لە چاو نووسیندا، زۆر ئێستێتیکتر و رەسەنترە لە مۆدەی گۆرانییە باوەکانی بەشی کوردستانی باشووردا. چونکە لەوێ کوردان بواریان نییە بە زمانی خۆیان بیریان دەرببڕن، بۆیە کولتووری کوردیی لە گۆرانییەوە دەردەبڕن، کە ئەمەش رەنگدانەوەی هەستی پەنگخواردووی کوردبوونی ئەوانە، کە لە بندەستی رژێمی رەگەزپەرستی کەمالیزمدا دەیچێژن. لەو روانگەیەوە، ئەگەر لە رۆژگاری ئێستادا سەیری گۆرانیی کوردیی بکەین، لەوێدا بە تایبەتیی دەنگ و ئاواز و دەقی سترانی سترانبێژانی وەک عایشەشان، ئاینوور، ناتالی، رۆژین، نیلۆفەر، ئەحمەد کایە و دەیانی دیکە، زۆر لە ئاواز و دەقی گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی کوردستانی باشوور رەسەنتر و هونەرییترن.

سترانی ئەو گۆرانیبێژە رەسەنانە، وەک تۆڵەکردنەوەیەک لە قەدەغەکردنی زمان لە لایەن رژێمی کەمالیستی تورکیاوە، رەنگدانەوەیەکە لە رۆحێکی چیایی، ئاوازێکی شۆڕشگێڕانە؛ پەرۆشییەکە بۆ ئەو ئازادییەی زمان و ئەو کولتوورەی کە رژێمی کەمالیست لێی زەوتکردوون. کەچی بە پێچەوانەوە، ئەمڕۆ لە سایەی ئەو حکومەتە خێڵ ئاسا و تاڵانکارەی هەرێمی کوردستاندا، نوێنەری وەزارەتی پارەخۆریی و تەقاویتدان( تەقاعودیی) نەک هونەریی، وەزارەتی بەناو رۆشنبیریی پارتیی، گۆرانی کوردیی کردووە بە پاشکۆیەکی پەڕپووتی گۆرانیی تورکیی، فارسیی و عەرەبیی. هەر بۆیە گۆرانبێژانی کوردستانی باشوور، بە لاساییکردنەوەی مۆدەی لوبنانیی، تورکیی و عەرەبیی ، هونەری گۆرانییان کردووەتە فیلمی هیندیی. لە هەموویشی مەترسییدارتر، بازاڕی فێستیڤاڵ و کۆنفراسی حیزبیی هەرێمی کوردستان، بۆ کڕینی ئەم دەنگ و رەنگە جیاوازانە لە بەشەکانی کوردستانەوە بۆ ئەوەیە خزمەت بەو کایە دواکەوتووانەیەی حیزبی کوردیی و ئەجێنداکانیان بکات. بەهەمەحاڵ، راڤەکردن و خوێندنەوەی ئەو بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە، کە لێرەدا ئەرکی ئەم وتارە نییە.

بۆ زمانە ئەورووپاییەکان، سەتەی هەژدەیەم لەسەرێکەوە سەتەی بەیەکدادان و پێوەندییەکانی چاوچنۆکیی ئیمپریالیزم و مێکەنتیلێزم ( سیستمێکی ئابووریی باوی سەتەی 18-16 بوو- mercantilism) بوو ، لەسەرێکی تریشەوە پێوەندییەکانی نێوان " دەوڵەتی نەتەوەیی Nation-State " و "زمانی نیشتمانیی" ئۆرگەنایز و بەرجەستە دەبووەوە(Hobsbawm, 1990) . کەچیی پاش سێ سەتەش مێنتاڵیتیی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بەگشتیی و سەرۆکایەتی هەرێم بەتایبەتیی، دەرک بەم پرسە مێژوویی و نیشتمانیی و چارەنووسسازە ناکات، یان دەیکات و کڵاو دەنێتە سەر خەڵکی کوردستان و گەمەی ناوچەگەریی و دایەلێکتچییەتیی دەکات و ئەوەی بۆی گرینگ نەبێ پرسە هەرە هەستیار و نیشتمانییەکانە، کە زمانیش کۆڵەکەیەکی سەرەکیی ئەو پرسانەیە.

مەگەر ئەوانەی کە رادەسپێردرێن بە دواکەوتووترین شێوە لە هەندێ سایتی ژێربەژێری دەسەڵاتدا بنووسن و دژایەتی هەموو ئەو هەوڵ وتەقەلایانە دەکەن کە سەرکردایەتی کورد لەمەترسیی نەپەژراندنی زمانی ستاندەردی کوردیی بە ئاگا بهێنرێتەوە، بۆچیی بە زاراوەکەی خۆیان نادوێن و نانووسن؟ ئەوەندەی بە زمانی ستاندەردی کوردیی دەئاخفن و دەنووسن، یەک لەسەتی ئەوەش بە زاراوەکەی خۆیان کاری لەسەر ناکەن. پەیامەکە زۆر روونە، بە پێی زانستی زمان ، هەر زمان و دایەلێکتێک نەتوانێ فۆرمێکی گشتگیر و ستاندەرد لە نووسیندا جێکەوت بکات، وردە وردە وەک زمانی لاتین بەرەو زمانێکی مردوو ( dead language ) دەچێت. ئەم دۆخە بۆ هەموو زاراوەکانی زمانی کوردیی( بەسۆرانیشەوە) وەک یەکە و پێ بەپێی کات، هەموویان لەبەرامبەر زمانی نووسیندا لەناو دەچن.

نیتشە(نیچە) فەیلەسوفی ئاڵمانیی لە سەر زمانی ئاڵمانیی دەڵێ " ئاڵمانییەکانی پێ دەناسرێتەوە" ( Nietzsche,1978:131 ). ئایا کورد وەک زمان، هیچی هەیە لە ئاستی سیاسیی و پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا شانازی پێوە بکات وپێی بناسرێتەوە. بەپێچەوانەوە ئەو ئومێدەی هەیشە خەریکە سەری بەقوڕدا دەکەن و کورد لەرێی ئینستیتیوتی کوردیی لە پاریسInstitut Kurd De Paris و گۆڤارە کۆڵەوارەکەی د.کەنداڵ نەزان ( Kendal Nezan ) ەوە (کورمانجیی- Kurmanji) بە دنیا دەناسێنن5 و بەزۆری زۆرداریی و کەڵەگایی دەیانەوێ سیماو بناغەی زمانی ستاندەردی کوردیی لەناو بەرن.

کەواتە لێرەدا دەبێ بزانین کە بێ تێگەیشتن و بڕیاردان لەو زمانە یەکگرتووەی کە لە کوردستانی باشووردا زەمینەی خەملیوە، گوتاری کوردیی، چارەنووسی کورد هەر بەو گەڕەلاوژەی زاراوەپەرستیی، دەڤەرپەرستیی و گەمەی پارتیی و یەکێتییەوە دەتلێتەوە.

دابڕان لەو پشتێنە رۆشنبیرییەی کە بەو زمانە یەکگرتووەی کە لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر لە سەت ساڵە لە گەشەکردندایە، دیسانەوە تاڵانکردنی یادەوەریی کوردییە بە دەستی خودی ئەو سیاسیی و نووسەرە دەڤەرپەست و ئاکار خێڵەکییانەی کوردەوە، کە ئەمڕۆ بە هۆی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیانەوە، بوونەتە دەمڕاستی زمانی کوردیی. ئەمانەش ناکۆکیی نێوان توخمە سەرەکییەکانی نەتەوەی کورد دەگەیەنێت، کە زمانێکی یەکگرتوویان بۆ ناپەژرێنرێ و خەریکی خۆخواردنەوەی یەکترن.

لەو روانگەیەوە، ئەم وتارە پێیوایە، بەشێک لەو ئاوێزانبوونەی هەندێ کورد بە نووسین بە پیتی لاتینیی و زاراوەپەرستییەوە، رەنگدانەوەی ئەو پرۆسەی بە تاڵانبردنەی زمانی کوردییە، کە سەرەتا داگیرکارانی کوردستان بە داڕشتنی نەخشەیەکی پان و پۆڕەوە توانیان ناخی کورد ئیفلیجبکەن و پاشانیش، وەک ئێستا لە ئارادایە، خودی بەشێک لەو نووسەرانەی کە لە پێناوی پارە و خۆنیشانداندا وەک مێش ویزە ویز دەکەن و ئێستاش بە دوای وەرگرتنی تیکە نانێکی چەور، داوەتنامەیەک بۆ هۆتێل و دیوەخانەکانی پایتەخت خۆیان بەو سیاسییە حیزبپەرست و خێڵپەرستانەی هەرێمی کوردستانەوە هەڵواسیوە، کە لەبەر ئەجێندای خێڵەکیی و حیزبی خۆیان، بەهای زمانی ستاندەردی کوردییان لە ژێر پێی خۆیان ناوە، درێژە بەو پرۆسەی تاڵانکردنەی زمان و یادەوەریی کورد دەدەن.

لێرەوە ئەم وتارە، بە پێچەوانەی ئەوانەی کە دەڵێن "جەلادەت بەدرخان بە کرێگیراوی کەمالیزم" بوو، پێیوایە جەلادەت بەدرخان، ئەگەرچی زۆرێک باسی ئەو ئەفسانە ناسیۆنالیستییە. دەکەن، کە ئەو بەر لە کەمال ئەتاتۆرک سەرقاڵی بە لاتینییکردنی زمانی کوردیی بووە، بەڵام لە دواجاردا جەلادەت بەدرخان و میراتگرانی ئێستای ئەویش، بێ ئاگا، لەو بە لاتینییکردنەی زمانی کوردیی، دەکەونە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم و بەمەش ئەو پاشخانە رۆشنبیرییەی کە لە کوردستانی باکووردا بە تیپ (پیت)ی لاتینیی نەنووسرابوون، دەبێتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم. هەر بۆیە دوای بە لاتینییکردنی زمانی کوردیی لەو بەشەی کوردستاندا، ئەو زمانە تورکییە لاتینییە لە ماوەی هەشتا ساڵی رابردوودا، نەیتوانیوە، بۆ نموونە، شاعیر و نووسەرگەلێکی وەک مەلای جزیریی، ئەحمەدی خانیی و مەلا مەحموودی بایەزیدی بەرهەمەبهێنێ. بەڵام لەکوردستانی باشوورو رۆژهەڵاتدا، بەسەتان نووسەری مەزنمان هەیە ( بەمردوو ، زیندوویشییەوە) کە مێژووی کورد بە قەڵەم و هزرو دیسکۆرسی ئەوان نووسراوەتەوە. ئەم تێکستەی زمانی کوردیی هەنووکە، تێکستی قەڵەمەکانی ئەوانە.

دیارە ئەو زاراوە لاوێنەرەوانە لەوەدا هەڵەن کە پێیانوایە سنوورێکی فراوان لە نێوان زاراوەکان و ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ لە بەشێکی هەرێمی کوردستاندا بووەتە ستاندەرد هەیە. بە پێچەوانەوە کورد بە هۆی لێکدابڕانی جیۆگرافیی و پاشانیش پەرەسەندنی گیانی دەڤەرپەرستیی، شارچییەتیی و حیزبییەوە لەو زمانە جێگیرەی کوردستانی باشوور حاڵی نابن. ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان زاراوەی کوردستانی باکوور لەگەڵ ئەو زمانە

ستاندەردەی هەرێمدا هەیە، بە زۆریی لە رووی ستراکتۆری رێزمانیی و دەربڕینەوەیە، کە ئەمەش زیاتر پەیوەندیی بە جیاوازیی جیۆگرافییەوە هەیە. بەڵام کوردانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەگەر بخوازن باش لە یەکتری تێدەگەن. کەواتە لە بنەڕەتدا ئەو جیاوازییە، جیاوازییەکە لە ئاستی تێگەیشتندایە. لەزمانی کوردییدا، بە لاتینییکردنی زاراوەی کرمانجیی، کێشەی فۆرمیشی دروستکردووە.

ئەگەر لە ئاییندەدا ئەو پەرژینانە لە نێوان کوردانی بەشە جیاوازەکانی کوردستان نەمێنن، ئەوکات ئەو کەمە ئاڵۆزییەی لەسەر تێگەیشتن لە نێوان زاراوەکاندا هەیە، چارەسەریش نەبن، کەم دەبنەوە. بەڵام ئەوە یەکبوونی سیستمی زمانە کە بە رێگای تۆڕەکانی پەروەردە و نووسینەوە دەتوانێ ئەو زەمینە بۆ لێکتێگەیشتنە هاوبەشەی زاراوە جیاوازەکانی کورد خۆشبکات. خۆدزینەوەی ئەو حکومەتە بێ ئێتیکە لەو ئەرکە مێژووییە؛ نەکردنی ئەو زمانە ستاندەردەی هەرێم بە زمانی فەرمیی، پەروەردە و خوێندن لە کوردستاندا، دەبێتە یەکێک لەو هەڵە کوشندانەی کە داهاتووی کورد ئاڵۆزتر دەکا.

بەمجۆرە زاراوەکانی زمانی کوردیی، یان تەواوی زاراوەکانی کوردستان نزیکایەتییەکی زۆریان دەوێ تا لەگەڵ ئەو زمانەی کە لە کوردستانی باشووردا پێکهاتەیەکی ستاندەردی هەیە بۆ ئەوەی بتوانن لێک تێبگەن. بۆیە رێگەدانی پارتیی و وەزارەتی پەروەردە بە خوێندنی جیاواز لە بادینان، کە ئەو بڕیارە زیاتر بەرژەوەندیی حیزبیی تێدایە نەک بەرژوەندی بادینان، قووڵکردنەوەی ئەو لێکدابڕان و لێکتێنەگەیشتنەی نێوان دەڤەر و بەشەکانی کوردستانە، کە دوژمنانی کورد سەتان ساڵە هەوڵی بۆ دەدەن و بیرۆکەی جەلالیزم و مەلاییزمیش ئەوەندەی تر لە شەستەکانی سەتەی رابردوودا تۆخی کردەوە. لێرەوە بانگەشەکردن بۆ رێزگرتن لە مافی خوێندنی زاراوەی بادینانیی لە لایەن پارتییەوە، تەنیا درێژەدانێکە بەو گەمە و گەندەڵکارییانەی کە پارتیی دیموکراتی کوردستان کردوونی بە ستراتیژی خۆی. هەمان سیاسەتی بەعسە کە لەرێی هاشم عەقراوییەوە پێڕۆ کرا.

### زمانی کوردیی، قوربانییەکی تری گەندەڵیی

لەو روانگەیەوە ئەم بڕیارە سیاسییە، بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پارلەمانی کوردستان بێ، هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕی لەکاتێکدا زۆر روون و ئاشکرایە ئەو مۆتیڤانەی ئەم شێرپەنجەی دوولەتبوونە بەخۆشییەوە باس دەکەن و خۆشحاڵیی خۆیان دەردەبڕن، لەگەڵ هەموو ئەوانەی لەپشت دەرکردنی ئەم بڕیارە پڕ لەمەترسییەوەن، کێن و ئەجێنداکانیان چییە و بۆ چ مەبەستێ ئەم هەنگاوە دەنێن؟

ئەمە تاوانێکە دەرهەق بە زمانی فەرمیی ، زمانی ستاندەردی کوردیی و مێژووی تێکستی کوردیی دەکرێ. ئەم بڕیارە سیاسییە، هەر بەتەنیا سەرکردایەتی پارتیی دیموکراتی

کوردستان لێی بەرپرسیار نییە، بەڵکو سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و ئەو پسپۆڕە زمانناس و نووسەرانەی زمانیان لە گۆ کەوتووە، بەهەمان ئاست لێی بەرپرسیارن. سەرکزکردنی سەرکردایەتی یەکێتیی و بێدەنگییەکەی هیچ پێوەندییەکی بە هاوپەیمانیی ستراتیژیی ( بارزانیی و تاڵەبانیی) ەوە نییە، بەڵکو لە یەکێتییدا، کەس نەماوە بیر بکاتەوە، کەس نەماوە بە مام بڵێ زەحمەت نەبێ بەسە، ئەوە وابەستەییە نەک هاوپەیمانیی، چونکە ئەو لەبری هەموو یەکێتیی و کاک مەسعودیش لەبری هەموو پارتیی و هەردووکیشیان پێکەوە لەبری هەموو کورد بیردەکەنەوە.

لێرەوە، ئەم وتارە لەو یارییە تێدەگا، کە پارتیی هەر لە دوای باڵادەستبوونی بەسەر ناوچەی هەولێر و بادیناندا، بۆ ئەوەی بیکاتە دەسەڵاتێکی ئەبەدیی، لە هەوڵی ئەوەدایە هەموو بوارەکان، لە سیاسیی، ئابووریی، رۆشنبیریی، زمان و ئەخلاقییەوە بگرە تا دەگاتە ژیانی ئاسایی خەڵک بە مێژووی کۆن و داهاتووی خۆیەوە بلکێنێت. ئەو خولیایە، بە هۆی پاشخانی پارتیی و رەگداکوتانی لەناو گیانی خێڵەکانی کوردستاندا، کە تا ئێستاش ئەو پێکهاتە خێڵەکییە ژێرخان و سەرخانی جڤاکی کوردیی جڵەو کردووە، هەمیشە ئامانجی سەرەکی پارتیی دیموکراتی کوردستان بووە.

بەڵام دوای ئەوەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە هۆی متمانە دانانی سەرەکیی لەسەر هێزی ماسوولکە، گرتنەبەری شەڕ بۆ خۆسەپاندن، هاوکاتیش لە بری کۆکردنەوەی هێزە چەپ، لیبراڵ، ئازادیخواز و نوێخوازەکانی کوردستان لە بەرەیەکدا، شەڕی بە هەموو ئەو هێزانە فرۆشت، کە دواجار بەشێکی زۆر لەو حیزبانە یان بوونە هاوپەیمانی پارتیی یانیش بەملاو بەولادا پەرتەوازە بوون، سەرئەنجامیش ناچار بێت رەوایەتی بەو ئەجێندایەی پارتیی دیموکراتی کوردستان بدا و بەرامبەر هەموو گەمەکان بێدەنگبوون و ملەکچکردن هەڵبژێرێت. بەمجۆرە یەکێتیی نیشتمانیی بەو سیاسەتە شەڕەنگێزەی کە وەک درێژکردنەوەی ستایڵی شاخ لە دوای راپەڕینی بەهاری 1991 ەوە گرتیەبەر، نەک هەر خەبات و قوربانییەکانی کە لە سەردەمی خەباتی پێشمەرگایەتییدا بەخشرا بە هەدەر دا ، بەڵکو هەموو هێزە بچووکەکان و هەندێ لە نووسەران و خەڵکی بێلایەنیشی بە جۆرێک لە جۆرەکان ناچارکرد پشتیوانیی لە پارتیی و سەرکەوتنەکانی بکەن.

ئەوەتا بەروبوومی رێککەوتنە ستراتیژییەکەی تاڵەبانیی و بارزانیی، رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەردەکەوێ و لەبواری زمانی خوێندنیشدا دەردەکەوێت. بەڕاستییش هەروایە، رێککەوتنی خودی بارزانیی و تاڵەبانیی و بنەماڵەکانیانە، ئەگینا ئەندامی سەرکردایەتیی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی هەیە، نووسەرانی ئەم وتارە چەند ئاگایان لە وردەکارییەکانی ئەو رێککەوتنە هەیە، ئەوانیش هەر ئەوەندەی لێدەزانن. ئەوە سەرکردایەتی پارتیی هەر هیچ. هێنانە بەرباسی خوێندنی کرمانجیی لە سلێمانیی و ناوچەکانی گەرمیان،6 ساتوسەودای نێوان تاڵەبانیی و بارزانیی و رێککەوتنەکانی خۆیانە و بۆ بەرژەوەندیی حیزبییش نییە، بۆ پارتیی رەنگە بەرژەوەندیی حیزبیی تێدا بێ، بەڵام بۆ یەکێتیی هیچ شتێکی تێدا نییە. ئەمە

نیشانەی ئەوەیە، پارتیی چیی بوێ؟ دەتوانێ بەسەر یەکێتیدا بیسەپێنێ، چونکە هەموو یەکێتیی لە تاڵەبانییدا کورت دەبێتەوە. ئەوە کارەساتە لەپاڵ زمانێکی ستاندەرددا، دایەلێکتێکی ناوچەیی بخوێندرێ ، ئەمە مەگەر تەنێ لە حیکمەتی بارزانیی و تاڵەبانییدا فەلسەفەکەی بدۆزرێتەوە.

لە ئاکامی ئەم بێدەربەستییەدا، پارتیی دیموکراتی کوردستان بە بەرچاوی هەموو نووسەرە گەورە و ناودارەکان، نەدیی و بدییەکان، مێش ئەخلاقییەکان، یەکێتیی نیشتمانیی و حیزبە مووچەخۆرەکانی تری کوردستانەوە، پرس و چارەنووسی ئەنفالی داوەتە دەست بنەماڵە و بەرپرسە گەندەڵەکانی حیزبەکەی و لە پێناو ئەجێنداکانی خۆیدا بازرگانی بە ئەنفالەوە دەکەن. هەرچی کۆنە جاش و بنەماڵەی پارتییەکانن، لە جیاتی زۆرینەی خێزانی ئەنفالکراوەکان، شەهیدانە وەردەگرن. ئەمڕۆ، لە بری پێشمەرگەی راستەقینە، هەزاران کۆنە جاش و سەرۆک جاش و چەتەکانی رژێمی سەدام بەناوی پێشمەرگەی دێرین و کۆنەوە مووچە وەردەگرن و گاڵتە بە خەباتگێڕانی دوێنێ دەکەن، وەک چۆن لە کاتی رژێمی بەعسدا پیاوکوژەکانی سەدام بوون، ئێستاش بە هەمان شێوە خۆیان بە پاڵەوانی بارزانیی و پارتیی دەزانن( بۆ یەکێتییش هەروایە) .

بە دەیان نووسەر و رۆژنامەنووسی کۆنە بەعسیی، پارەپەرست، مشەخۆر، مەراییینووس، فاشلی ئەو حیزب و ئەم حیزب، لە دیوەخانەکانی بەناو وەزارەتی رۆشنبیریی، مەکتەبی راگەیاندنیی پارتیی، رێکخراوی "مەدەنیی" و ... تاد، لەسەر حیسابی ئاوارەکانی گەرمیان، هەڵەبجە، دێهاتییە گوند وێرانکراوەکان و نووسەرانی بێلایەنەوە، چەندین مووچە، چەندین پارچە زەویی بە خۆیان و بنەماڵەکانیان بەخشراوە. بەکورتییەکەی بەداهات و دەرامەتی نیشتمانیی کوردستان، لایەکی کوردستان بۆ ئەجێندای حیزبیی کڕدراوەو فرۆشراوەو تەرخانکراوە. لێرەوە کەسایەتیی ئاڵۆزی ئەو تەرزە نووسەرەی کورد، بیرکردنەوە نییە، بەڵکو وەک بوونەوەرێکی نەدیی و بدیی بە پارەکردنی ژیانە. هەروەک بە روونیی دیارە ئامانجی حیزبە باڵادەستەکانی هەرێم سەروەریی بۆ کوردستان و داهێنانی ژیانێکی بەختەوەر نییە، بەڵکو سکپڕکردن و ماددەپەرستییە. بۆیە ریشەی ئیفلیجبوونی ئاوەزی سیاسەتوان و نووسەرانی کورد بە گەندەڵییەوە، بەپارە مەستبوونە.

ئەڵبەتە ئەو چاوگانەی کە پارتیی دیموکراتی کوردستان لەسەری دەژی، چاوگەگەلێکی ئاڵۆسکاو و شێواوە. بە واتایەکی تر، پارتیی دیموکراتی کوردستان ئاگایی خۆی لە پێکهاتەیەکی باو و جێماو؛ ئاوێتەیەک لە جیهانبینیی خێڵەکیی-ئایینیی، بەرجەستەدەکاتەوە. ئەم پێکهاتەیەش بەشێکی فراوانی کورد بەخۆیەوە دەنووسێنێت. لێرەدا مانای ئەوە نییە کە ئەمڕۆ توێژ و دەستەی جودا لە پێکهاتەی ئەو حیزبەدا بەشدار نابێت، بەڵام بوونی ئەو توێژە بەناو نووسەر، ئەکادیمیی، سێکیولار، تەکنۆکرات، شیوعییە دێرینانەی کە ئەمڕۆ وەک مووچەخۆر، مشەخۆر و خۆپەرست، لە دەوری پارتیی دیموکراتی

کوردستان کۆبوونەتەوە، رۆڵی بڕیاردانیان لە ئاوەز و ئاراستە گرینگەکانی ئەو پارتەدا نییە. پاڵنەری ئەو چین و توێژە جودایەی کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی دیکە لە پایەکانی خوارەوەی پارتیی دیموکراتدا بوونی هەیە، نیشانەی ئەوە نییە کە ئەو پارتە لە ناوەڕۆکدا وەڵامدەرەوەی مەیل و خواستەکانی ئەو چین و توێژانە بێت. کەواتە بەشێکی فرەی ئەو چین و توێژەی کە ئەمڕۆ بە دەوری دەسەڵاتی ئەو حیزبە و بگرە یەکێتیش خڕبوونەتەوە، لە پێناوی بیروباوەڕ وپرەنسیپدا نییە، بەڵکو بەرژەوەنیی، مەیلی ئابووریی و کوشتەی بە کۆیلەبوونی ئەوانە بەرامبەر دەسەڵات. لێرەوەیە، کاتێ زمانی عەشیرەت و ناوچەیەک لەهەمبەر زمانی ستاندەردی کوردییدا قوت دەکرێتەوە، پیاوێک ، خاتوونێک نییە بەس "بەڵام" ێک بڵێ.

پارتیی دوای قۆرغکردنی سامانی کوردستان و گومرگی ئیبراهیم خەلیل، لەرێی دروستکردنی تۆڕێکی بازرگانییەوە، هەموو بۆنە و ژیانی کوردی کردۆتە فێستیڤاڵ و هەڵپەڕکێ. دوا یاری پارتیی بەستنی کۆنفرانسی جێنوسایدی جیهانیی بوو لەسەر ئەنفالی کورد لە هەولێر. کۆنفراسێک کە لە ژێر ناوی نێچیرڤان بارزانیی و چنار سەعد، وەزیری ئەنفال و ئەکادیمییە ویژدان کەولکراوەکان، پسپۆری لێکۆڵینەوەکانی بواری جێنوساید و ئەنفال بێت و ناوی وەزیری ئەنفالیش لە لیستی بەشداربوواندا یەکەم ناو بێت، دەبێ چ ئامانج و ئاکامێکی هەبێت، بێجگە لە قۆرغکردن و بەستنەوەی ئەو کێشەیە بە خودی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە. ئەم نووسینە رێزی هەیە بۆ ژمارەیەکی کەم نووسەرو ئەکادیمستی دڵسۆز و سەربەخۆ کە دەیانویست لەو کۆنفراسەدا کارێک بۆ ئەنفال بکەن، کە ئەستەمە بتوانن لە ئۆربیتاڵی پارتیی و ئەجێندای کۆنفراسەکە هەنگاوێک ئەملاولا بکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆنفرانسی جینۆسایدیشدا، دایەلێکتبازیی دەکات. لەو گاڵتەجاڕییە، لە یەکەم رۆژی ئەم کۆنفرانسەدا، سێ کەسی بادینانیی ئاخافتنیان دا، لەکاتێکدا زۆرینەی رەهای ئەنفال لە گەرمیان و دۆڵی قەراغ و قەڵاسێوکە و بالیسان و ناوچەکانی دەوروبەریان بووە، بۆ دەبێتلە بازرگانییکردن بە کۆنفرانسی ئەنفالیشدا، زاراوەیەک زەقبکرێتەوە لە سەر کەولی زمانی ستاندەردی کوردیی؟ ئایا ئەمانە هەمووی رێکەوتە، یان بەرنامەیەکی زۆر چڕوپڕی حیزبیی، ئایدیۆلۆژیی، ناوچەگەریی و مێنتالێکی دیوەخانانەی لەپشتەوەیە.

هەموو کەسێک ئەگەر لە ئەرکی ویژدان و دەروونی خاوێن، دانەڕمابێت، دەبێ بزانێت، کە سەرۆکی هەرێمێک دوو پێی بەگەرمیاندا نەچووبێ، چاوی بە کەرکوک نەکەوتبێ کە باوکی دڵی کوردستانی بەسەردا دابڕی، بۆ هەولێریش بەس بۆ فرۆکەخانە و پارلەمان و هۆڵە داخراوەکان بێتە خوارەوە یەکسەر بۆ سەری رەش بگەڕێتەوە . سەرۆکی هەرێمێک بە ئەرکی خۆی نەزانێ دوای ئەو هەموو ساڵە لە سەرۆکایەتییەکەیدا سەردانی گەرمیان، هەڵەبجە، موسڵ، شەنگار و کەرکوک بکا، بەڵام هەرچەند مانگ جارێ خۆی بکات بەدهۆکدا، پیاسە لەکۆڵانەکانیدا بکات، ئایا ئەم پەیامانە چیی دەگەیەنێت؟ ئایا ئەوە ناگەیەنێ، سەرۆکی

هەرێم ناتوانێ سەرۆکێکی نیشتمانیی بێت، ناتوانێ گەرمیان و بادینان، خانەقین و ئاکرێ وەک یەک سەیر بکات.

بەڵام بەڕای ئەم وتارە، رانەپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی سەرۆکی هەرێم و حکومەت و پارتیی لە نەزانیی نییە، بەڵکو ئەو کێشەکانی ئەو ناوچانە و دڵی کوردستانیشی بۆ گرینگ نییە. چونکە نەخشەی پارتی بۆ ئەجێندای ئاییندە و ئێستای ئەو دەڤەرانەیە کە دوای ٣١ ی ئابی 1996 و رازیبوونی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بە مانەوەی لە دەڤەری سلێمانیی، کۆنترۆلی سەرتاسەری کردووە. پارتیی بە هۆی ئەو پاشخان و پێکهاتە خێڵەکیی و ئایدیۆلۆژییە نەریتییەی خۆیەوە بیر لەو دەڤەرانە دەکاتەوە کە بۆ ئەمڕۆ و داهاتووی حیزبەکەی و بنەماڵەکەی بە سوودە. بۆیە لە رێگای نەخشەی تەلارسازیی و بەرپرسە بازرگانەکانی خۆیەوە سیمای هەولێر دەگۆڕێ و تەواوی بازاڕیش کۆنترۆڵ دەکا.

لە درێژەی ئەو سیاسەتە حیزبسالار و خێڵسالارەدا، ناوچەی بادینان هیچ دەنگێکی نەیاری بەرامبەر پارتیی تێدا نەماوە. هەر بۆیە رۆژانە کێشەی خزمەتگوزاریی، بێ ئاویی و بێ کارەبایی، هەژاریی، بێکاریی، ترس و هەڕەشە لە دەڤەری گەرمیان و دەڤەرە فەرامۆشکراوەکانی تر زیاتر دەبن و خۆپیشاندانی گەنج و خەڵکی ئەو ناوچانەی کە پارتیی لە نەخشە سیاسییەکەیدا نییە، هەمیشە بە رێگای بەڵێن و فریودانەوە کپ دەکرێنەوە. ئاماژەکردن بەو راستییانە، بەو دیاردانە بەدەر نین لەو حکومەتە حیزبگەرا و بنەماڵە سالارییەی پارتیی و یەکێتیی. کەواتە ئەوە هیچ کاتێ غەمی ئەو نووسەرانە نییە کە لە پێناوی مووچە و پارچە زەوییەکدا، دەبنە کۆیلەی ئەو دوو حیزبە و چاو لەو گەمە دزێوانە نەپۆشن.

لەو روانگەیەوە رێگەدان بە خوێندن بە زاراوەی بادینانیی لە لایەن پارتییەوە، ئەجێندای ئایدیۆلۆژیی لە پشتەوەیە. لێرەوە ئەم وتارە پێیوایە، کە پارتی خەون بە حوکمی مەلیکایەتییەوە دەبینێ. ئاشکرایە پارتیی لاری لەو حکومەتە پادشاسالارییەدا نییە، گرینگ ئەوەیە بارزانیی مەلیکی کوردستان بێت و ئەرکەکانی تر بە حیزبەکەی خۆی و یەکێتیی نیشتمانیی و ئەوانیتر بسپێرێت، کە ئەمەش خولیای مێژوویی پارتیی دیموکرات مەیسەر دەکا. بۆیە هەوڵدەدا لە رێگای پرۆگرامی خوێندنەوە لە بادینان، بایەخدان بە نووسینی تورکیی-لاتینیی بەشێوەی ناراستەوخۆ؛ لە رێگای بەرتیلدان، خەڵاتکردن، داوەتکردنی زۆرێک لە نووسەرانی کوردستانی باکوور، چێکردنی فێستیڤاڵ بۆ نووسەرانی کرمانجیی و کوردستانی ئێران چەندین گەمەی تری حیزبیی لەو چەشنانە، کە بەشێک لەو نووسەر و کۆنە سیاسییە کوردانەی کوردستانی باکوور لە رۆژئاوادا دەژین بۆ خۆیان بە تورکیی قسە دەکەن و منداڵەکانیشیان بە تورکی دەخوێنن و لە ژێر کاریگەریی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزمدا بەرژەوەندیی ئابوورییان بۆ گرینگە نەک کوردبوون، کارکردن لەسەر ئەوانە بەشێکە لە ئیشکردنی پارتیی بۆ ئەو خۆکردنە بە پادشای کوردستان، لە داهاتوودا.

لێرەوە پارتیی دیموکراتی کوردستان، وەک بەشێک لەو ئەجێندای پادشایەتییە، هەوڵدەدا بە سازکردنی ئاهەنگ، پرسەنامە، سرووت (سێرەمۆنی- Ceremony) بۆ یادی لە دایکبوون و کۆچی دوایی بارزانیی و ماڵباتەکەی، کردنی گۆڕی خوا لێخۆشبوو مەلا مستەفا بە مەرجەعێکی پیرۆز و پەلکێشکردنی رۆژانەی نووسەران؛ میوانە بیانیی و بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ سەر "مەزاری نەمران"، دواجاریش نمایشکردنەوەی رۆژانەی ئەو سەردان و سرووتییانە لە تێڤیی و میدیاکانی دیکەی خۆیەوە، بەشێکە لەو نەخشەیەی پارتیی بۆ بە پیرۆزکردن و بە مەلیکردنی بنەماڵەکەیان. ئەڵبەتە، خوێندنەوەی ئەو ئاماژانە بە روانگەیەکی تەسکبین، بوغزئامێزەوە، بێجگە لە نکۆڵییکردن لە تێگەیشتنێکی لۆژیکیی هیچی تر ناگەیەنێ. هەموو کەسێکی بە ئاگا، لەو راستییە تێدەگا کە پارتیی هێندەی گرینگیی بە بنەماڵەکەی خۆی دەدا، هێندە گرینگیی بە پرسە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆی کوردستان و مەزارگەلی هەزاران ئەنفالکراو لە دەڤەری هەڵەبجە، گەرمیان، بالیسان و ... تاد نادا.

لێرەدا دەکرێ بپرسین: بۆچیی ئەو حکومەتە و پارتییش بە تایبەتیی لە بری ئەو بە سیمبۆڵکردنەی مەزاری بارزانیی، هەوڵنادا بە گیانێکی کوردانەوە کەسایەتییەکی وەک قازی محەمەد یان شێخ مەحمود بکات بە سیمبۆڵی کوردستان؟ لە کاتێکدا بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان قازی محەمەد بە نوێنەری حیزبێکی دیاریکراو لە بەشی کوردستانی رۆژهەڵات سەیر ناکرێ. لەوەش زیاتر، قازی محەمەد وەک سەرۆکی کۆماری کوردستان، بەرجەستەترین و سەرنجڕاکێشترین ئەزموونی سیاسییە لە مێژووی کورددا. قازی محەمەد بە هۆی پرینسیپە شۆڕشگێڕانەکەی و گیانی راستگۆیی ئەو بەرامبەر گەلی کورد، ئایدیالییترین و بوێرترین هەڵوێستی لە رووی رژێمی ئێرانی شاهەنشاهییدا نواند. کەواتە ئەگەر حکومەتێکی کوردیی بە گیانێکی بەرپرسیارییەوە بیر لە کۆکردنەوەی جەستەی لێکترازاو و چارەنووسی کورد بکاتەوە، گەرەکە غەم لەو رەهەندە مێژوویی و کولتوورییانە، نەک خێڵەکیی و حیزگەراییانە، بخوات کە بونیاتنەری یەکبوونی ژیانێکی بەهادارن.

پێویست ناکا، ئاماژە بەو دەیان میلیۆن دۆلارەش بکرێ، کە لەو 17 ساڵەدا، پارتیی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ئەجێندا سیاسییەکانیی و بە پیرۆزکردنی بارزانییدا، بۆ سازکردنی فیلم و کتێب و نووسین، بەو جۆرە سینەماکار و نووسەرانەی بەخشیوە. لە کاتێکدا زۆرێک لەو سینەماکار و نووسەرانە لە پێناو پارەدا، ئەگەر سەدامیش بێت، ئامادەن فیلم و نووسین ساز بکەن و بنووسن. دیارە وەک بەردەوامییەک لەو ئەجێندایەی پارتیی، یەکێتیی نیشتمانییش دەمێکە خەریکە لاسایی پارتیی دەکاتەوە. بەڵام بە هۆی ئەو پاشخان و پێکهاتەی یەکێتییەوە، نەیتوانیوە ئەو خەونە بەرجەستەبکاتەوە. لێرەوە ئەو سیاسەتە نەریتییەی پارتیی نەک هەر خزمەتی ئەمڕۆ و سبەی کوردستان ناکا، بەڵکو لە بەرژەوەندی بارزانیی و داهاتووی خۆیشیدا نییە. پارتیی رۆژگارێک کە لەمەترسیی ئەم سیاسەتانە تێدەگات، بەتایبەتیی لەو گەمەی دایەلێکتیازییە، زۆر زۆر درەنگ دەبێت و زیانی هەرە گەورەش بەر کورد و پارتیی دەکەوێت.

هاوکات، پارتیی بە هۆی ئەو کێشانەی کە پکک تووشی بووە، بە ڕێگای هەندێک دروشمی کوردایەتیی و ڕێگەدان بە خوێندنی کرمانجیی و داوەتکردنی پیتزافرۆشە زمانەوان و کەبابفرۆشە زمانناسەکانی هەندەران (مەبەست سووکایەتیی بەپیشەکان نییە، نووسەرانی ئەم وتارەش، کرێکاریی دەکەن، بەڵکو پیتزافرۆشیی و کەبابفرۆشیی، هیچ پێوەندییەکیان بە پسپۆڕیی لە زمانەوانییدا نییە) و خەڵات بەخشینەوە، هەوڵدەدا قەڵەمڕەوویی خۆی لە کوردستانی باکووردا فراوان بکا. بەمەش ئەو حیزب و هاووڵاتیی و نووسەر و هونەرمەندانەی کە لە پکک دوور ەوە نزیک نیین بکاتە لایەنگری پارتیی.

بەڵام پارتیی لە لایەکەوە بە هۆی مەترسیی پکک، بە تایبەتییش کەسایەتیی ئاپۆ، لە لایەکی دیکەشەوە بە هۆی هاوبەشی زاراوەییەوە، کوردستانی باکووری لە ڕۆژهەڵات بۆ گرینگترە. بەڵام ئاشکرایە، سەبارەت بە ساڵڕۆژی دامەزراندنی "کۆماری کوردستان"، لەو ساڵانەی دواییدا ئەوەی سەیری میدیاکانی پارتیی کردبێت، تێدەگا کە ئەو حیزبە لە هەوڵی ئەوەدایە بیکات بە یەکێک لە سەروەرییەکانی بارزانیی باوک و خەباتی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، دڵسۆزیی و خەباتی قازی محەمەد، کۆمەڵێک خەڵکی نیشتمانیی هەرێم و دەسەتەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات پەراوێز بخات! هەموو ئەوانە بەشێکن لەو ستراتیژییەی کە پارتیی، بەوردیی کاری بۆ دەکا. باڵێکیش لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەوتووەتە دوای ئەم هەڵایەو بە زەبری پارە، پارتیی چۆنی بوێ دەیانڕەتێنێ.

لەم نێوەندەدا ڕێگەدان بە خوێندنی بادینانیی لە بادینان، بەشێکە لەو سیاسەتەی پارتیی کە ئامـاژەمان پێکرد. ئەگەر پارتیی خوێندن بە زاراوەکان بە مافی خەڵک دەزانێ، کەواتە، بۆچیی هەمان بڕیاری خوێندنی هەورامانیی لە هەورامان نەدا؟ هەرچەندە لێرەدا ئەم وتارە ناتوانێ کۆی ئەو گەمە و وردەکارییەی پارتیی و یەکێتی شەن و کەو بکا، بۆیە لەو پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش هەمان خولیای بنەماڵەیی و دروستکردنی قەڵەمڕەوویی خۆی هەیە لە بەشەکانی تری کوردستاندا، کەچیی بەهۆی ئەو تێکشکانە ناوەکیی و هاوپەیمانییە ناوهاوسەنگەی لەگەڵ پارتیی و چەندین کێشەی تردا، توانای ئەو کارەی نییە. بەڵام بۆ نموونە، کاریگەریی یەکێتیی لەسەر باڵێکی کۆمەڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەشێکە لەو خولیای قۆرغکردنە.

بەڕاستیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەلماندی کە ئامادە نییە گوێ لەسەتان توێژەر و زمانزان و شارەزایانی زمانی کوردیی بگرێ، چاوی بەرایی نادات ئەو چەندین قەڵایە لە تێکستی کوردیی کە بە زمانی ستاندەردی کوردیی نووسراوە و بە ئەجێندای شۆڤینیستییەوە پێی دەگوترێ سۆرانیی ببینێ، بەڵام زۆر بە پەرۆشە بۆ جێبەجێکردنی ئەجێنداکانی خۆی و حیزب و بنەماڵەکەی، کە خۆی لە پەرتەوازەکردنی یەکێتیی نەتەوەیی کورد و خوێندن بە دوو پرۆگرامی جیاواز و ڕووکردن لە چەواشەکاریی سکریپتی تورکیی- لاتینیی و ئەو

تراژیدیایەی جەلادەت بەدرخان بەسەر بەشێک لە نووسینی کوردییدا هێنای بەرجەستە دەکەنەوە ، ئامادەیە تەنیا گوێ لە یەک تاکە کەس ، د.کەندال نەزان بگرێ.

حکومەتی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێم ساڵانە خەریکی دروستکردنی کۆنفراس و کۆبوونەوەی زمانەوانیین بۆ هاورێ کەندال ، کۆمەڵێ کەبابفرۆشی زمانەوان و ئەو کەسانەی کە لە ئەوروپا خۆیان بەتورک دەزانن و لە کوردستانیش دەبنە غەمخۆری پارتیی، کە بەهەموویان بە ئەندازەی یەک نووسەری دانسقەی کوردستانی باشوور شارەزاییان لە زماندا نییە، کەچیی کۆنفرانسی زمانیان! بۆ سازدەکەن و لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان و دەرامەتی خەڵک دەکرێ بەقوڕگیاندا، گوایە زمانی ستاندەردی کرمانجیی! چێدەکەن. لەکاتێکدا زمانی ستاندەردی کوردیی دەیان ساڵە بەوپەڕی خەملێوییەوە بووەتە زمانی کەڵەگەتی کورد، زمانی باڵای کورد، زمانی دەوڵەمەندی کورد، زمانی زۆرینەی رەهای تێکستی کوردیی..... تاد. ئەگەر ئەوەندەی دەکرێ بەقوڕگی ئینستیتیوتی کوردیی لەپاریس و سەرۆکە ئەزەلیی و ئەبەدییەکە( د.کەندال) یدا ، یەک لەسەتی ئەوە بۆ توێژینەوە لە سەر زمانی کوردیی تەرخانبکرایە، هەنووکە، لە ئاست مەسەلەی زماندا لە شوێنێکی تر دەبووین.

زمانی فەرمیی سەرۆکایەتی هەرێم و پارلەمان و حکومەتی هەرێم، زمانی میدیای هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، ئەو زمانەیە کە نزیکەی سەتەیەکە ستاندەرد و ئۆفیشەڵ بووەتەوە، کەچیی بە هۆی هەستی دایەلێکتچییەتیی و ئەوانەی کە دەیانەوێ بە رێگەی شێوە نووسینی تورکیی- لاتینییەوە عەشقی دەڤەرپەرستییان پەرە پێبدەن، ساڵ بە ساڵ تەگەرەی زۆرتر دەخەنە سەر رێگەی زمانی ستاندەردی کوردیی. لاتینییەکەی د.کەندال و نۆستالژیای شوێنکەوتووانی ئەو و تێزەکانی ئەو بە کرمانجیی و خوێندن بەکرمانجیی سەروو، ساڵ بەساڵ تەگەرەی زۆرتر دەخەنە سەر رێگەی زمانی ستاندەردی کوردیی لە هەرێمی کوردستاندا . سەیرە سەرۆکی ئینستیتوتەکەت لە پاریس لە ساڵی 1983 ەوە هەر سەرۆک بێ و تا وەک یاسر عەرەفات و سەرکردەکانی کورد سروشت و ئاسمان نەیانباتەوە، دەستبەرداری کورسیی و پارەو سەرۆکایەتیی نابن.

کەچیی کەسێکی وەک د.کەندال ، هیچ ئومێد و خۆشحاڵییەکی بەرامبەر ئەو زمانە ستاندەردەی کوردستانی باشوور لەدڵدا نەبێ، لەبری ئەوەی بست بە بست باڵای پێبکردایە، هەمیشە خەریکی ئەوەیە کە نابێ لەبادیناندا خوێندن بە زمانی ستاندەردی کوردیی بخوێنرێ. هاوکات ئامانجی سەرەکیی ئەوە بێ، هەمیشە لە گەشتە مەکوکییەکانی بۆ لای سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێم، ئیشوکاری دەگەدان بێ لەزمانی ستاندەردی کوردیی، بنیاتنانی خوێندن بە لاتینیی و کرمانجیی لەدەڤەری بادیناندا ئاواتی لەمێژینەی ناوچەپەرستیی ئەو بێ. کەسێک بەم ئاستە دژایەتیی سەرسەختی زمانی ستاندەردی کوردیی بکات، دەبێ چ خێرێکی بۆ داهاتووی سیاسیی کورد و یەکزمانیی کورد هەبێ.

"جاشایەتیی و پاشایەتیی" دروشمێکی باوە لەکولتووری کوردییدا، لەهەشتاکانی سەتەی پێشوودا لە کوردستانی باشوور، خاوەنی سەتان هەزار جاشی تێروپڕ بووین، زۆرینەی میللەتی کورد سەرزەنشتیان کردوونە ، بەڵام با بۆ یەک سات، ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین، ئایا کورد( بەشێوەیەکی گشتیی) بۆ ئەوەندە نەفسی نزمە بۆ پارە؟ ئەم پرسیارە، بەدڵنیاییەوە توێژینەوەی زۆر قووڵی دەوێ لە بواری سۆسیۆکولتووریی و سۆسیۆسیاسیی و سۆسیۆلۆجی تەواوی جڤاکی کوردییدا، چەندین سۆسیۆلۆجیستی وەک د.عەلی وەردییمان دەوێت تا قەڵەمێک لەو هەزاران گاڕانە هەڵبدەن، کە بیر و هۆشی کولتووریی نەتەوەی کوردیان بەنج کردووە. بەهەمەحاڵ لێرەدا مەبەستمان ئاوێزانکردن و شییکردنەوە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە کەیسی جاشایەتیی بەگشتیی ، لە گەڵ پۆست و پارە و داهات و دەسەڵاتی سەرکردەکانی کورددا بەراورد بکەین.

لێرەوە دەکرێ ئەو چۆکدادان و داڕمانە بە کۆمەڵییەی نووسەران و ئەکادیمییەکانی کورد بەرامبەر بە پارە و مۆنیکایەکی حیزبەکان، ڕەنگدانەوەیەک بێت لەو "جاشایەتیی و پاشایەتیی"ە. هەر بۆیە هەموو ئەو نووسەرە ئاکارمێشانە، کە بە یەک ئاواز لەسەر زبڵ و گوڵ دەخوێنن و لە کوێش چەوریی و نازی دەسەڵات هەبێت لەوێدا زاریان کلۆم دەدەن، باش دەزانن کە ئەو بڕیارەی وەزەراتی پەروەردە و پارتیی بۆ ڕێگەدان بە خوێندنی بادینانیی، چەند مەترسییدارە لەسەر چارەنووسی زمانی کوردیی، ئەو هەموو ئەکادیمیی و نووسەرانەی، کە لە مەجلیس و دیوەخانەکاندا ئامادەن وەک پاڵەوان لەسەر هەڵەکردن لە هەریەک "کردار"، "ئاوەڵناو"، "فرمان"، "پاشگر"،" ڕستەی تەواو"، "وێرگوڵ"، "خاڵ" ... تاد، یان وەک دیکۆرێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارە حیزبییەکاندا تەنیا چەمکە باوەکانی ڕۆژگاری ئەمڕۆ دووبارە دەکەنەوە، بێ ئەوەی بوێرن ئەو چەمکانە لەسەر ڕەفتارە خێڵەکیی و پێکهاتەی گەندەڵیی حیزبەکان پیادە بکەن؛ یاخود گەندەڵیی و غەمساردیی ئەو حیزبانە بەرامبەر کێشەی کەرکوک، پرسی ئەنفال، ئەو هاوپەیمانییە ئەخلاقییەی حیزبەکوردییەکان لەگەڵ ئەمێریکا و ڕەفتارەکانی حکومەتی بەغدا، تورکیا، ئێران و سوریا دەرهەق بە مافەکانی نەتەوەی کورد... تاد بخوێننەوە، دەیان وتاری بێفەڕ بنووسن، کەچیی تەنانەت، لەسەر ئەنفالکردنی لینگوا فرانکای کوردیی، ناوێرن بشکۆکن.

لەم گەندەڵستانەی کوردستاندا، کە گەندەڵیی لە زمانی نەتەوەیەکیشدا هاتە سەری، بۆ دەبێ ڕەوا بێ، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و بنەماڵەکەی خاوەنی چەندین بیلیۆن[ هەزار میلیۆن] دۆلار بن، بۆ دەبێ ئاسایی بێ تاڵەبانیی و بنەماڵەکەی ,خاوەنی سەتان میلیۆن دۆلار بن. دیارە ئەم پارەدارییەی ئەم دوو بنەماڵەیە بەمێژووی سێ-چوار ساڵ لەمەوبەرە، ئێستا زۆر لۆردتر بوونە(Rubin,2008). بەڵام با بەراوردەکە لێرەدا بکرێ، ئایا بۆ دەبێ هەر لۆمەی ئەو سەرۆک جاش، موستەشار ، ئامر سرییە ، جاشە فەل و خەفیفانە بکرێ کە بەپارەیەکی زۆر کەم جاشایەتییان دەکرد. کورد زۆری ماوە لە ئافاتی گەندەڵیی بگات، ئەگینا ئەو گەندەڵییەی کوردستان، ئەو سامان پێکەوەنانەی سەرکردەکانی کورد و

بنەماڵەکانیان، گەورەترین تاوانە بەرامبەر بە ئایینده و ستراکتۆری سیاسیی ، کولتووریی و مۆراڵی گەلی کورد دەکرێ. کاتێ تاڵەبانیی وەک کوردێک بوو بە سەرۆکی عێراق، زۆرینەی رەهای کورد لەهەموو دنیادا پێیان خۆش بوو، بەڵام ئەو دەستکەوتانەی تاڵەبانیی بۆ کورد باسیدەکرد، پێدەچێ هەر بردنە سەرەوەی سامانەکەی بێت لە دەیان میلیۆن دۆلارەوە بۆ سەتان میلیۆن دۆلار. بارزانیی و بەرپرسیارانی حیزبەکەی لە راپەریندا کە لەئێران گەڕانەوە ، هیچی ئەوتۆیان نەبوو، کەچیی ئێستا بوونە بە یەکێک لە بیلیۆنێرەکانی دنیا.

کە کورد ماددەی 140ی پێ جێبەجێ نەکرا، دواخرا. دەبووایە سەرۆکی عێراق و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پارلەمان و حکومەت لە بێدەسەڵاتیی و شەرمەزارییدا لە ئەنجامی بەجێنەهێنانی هەڕەشە و خۆسوورکردنەوەکانیانەوە، شەرافەتمەندانە وازیان لەپۆستەکانیان بهێنایە. بەڵام ئایا ئامادەن دەست لەو هەموو سامان و پرۆژە و گەندەڵییەی کە خۆیان راستەوخۆ لێی بەرپرسیارن، هەڵبگرن؟ بێگومان نەک کەرکوک ، هەموو کوردستانیش لەدەست بدەن، ئەوان تازە بوونە بەبازرگان و بازرگانیش ئامادەیە بۆ کوتاڵەکەی خۆی و بازاڕەکەی خۆی، هەموو قوربانییەک بدات، بەس سەری خۆی و چارەنووسی پارەو سامانەکەی تێدا نەچێ.

ئایا بەڕاستیی سیاسەتمەدارێکی شکۆمەند و شەریف( بەواتا سیاسیی و کولتووریی و دیپلۆماسییەکەی ) لەناو سیاسییە دەستڕۆیشتووەکانی کورددا ماوە؟ ئەگەر ماوە لە دامێنی کام دیوەخانی ئەم دوو سەرکردەیەدا، دۆشی داداوە؟ کورد لەهەموو شت زیاتر پێویستی بەسەرکردەی لێهاتوو، شارەزا، دیپلۆماسیی، وریا، ئاوەزدار و راشناڵ هەیە، بەڵام هەموو ئەوانە ئەگەر مۆراڵی سیاسیی ، کولتووریی ، دیپلۆماسیی، لەسەروو هەمووشیانەوە دوور لە گەندەڵیی، لەگەڵدا نەبێ هیچ سوودێکی نییە. ئەو هەموو شکستەی لەدوای نەمانی بەعسەوە لە عێراقدا بەسەر کورد هات، هەمووی لەچاوی سەرکردە برسیی و تێرنەخۆرەکانی کورد، سەرکردە هەژارەکانی دوێنێ و میلیۆنێر و بیلیۆنێرەکانی ئەمڕۆ دەناسرێ.

ئەو هەموو مەرایی و پانکردنەوەیە بۆ ئێران و تورکیاو وڵاتانی عەرەبیی و سوننەکان و شیعەکانی عێراق ناو لێ دەنێن دیپلۆماسییەت، جەللادێکی وەک سوڵتان هاشم، دەکەن بەدۆستی کورد، بەئەستێرەی سوپای دلێری عێراقی دەناسێنن، داوای ئازادکردنی دەکەن ،دەست دەخەنە ناو ئەو یاسا و سیستمی دادوەرییەی عێراقەوە کە خۆیان دایانڕشتووە. هەموو ئەمانەش بە سیاسەتی ژیرانەو دیپلۆماسییەتی سەقەتی کوردیی پێمان دەفرۆشنەوە، دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان( لە هەنووکەدا تەنیا کوردستانی باشوور) ، لەبەردەم سەرانی دەوڵەتی کەمالیستی تورکیەدا بەخەونی شاعیران و فانتەسییکردنی ئەدیبان لەقەڵەم دەدەن، کەچیی پینەچییەکانی دەسگاکانی راگەیاندنی حیزبیی و نووسەرە تووتییەکانی سەربەدەسەڵات هەموو ئەمانەیان بۆ پینەوپەڕۆ دەکەن و ئەو شانۆگەرییە کۆمیدیی و تراژیدیایانەش بەخەڵک دەفرۆشنەوە .

چەندین ساڵە هەڕەشەی بەتاڵ و بێناوەڕۆک لە دەوڵەتی تورکیا ( ئەندامی ناتۆ) دەکەین، بەهەڕەشەی سەرکردەکانمان بێ دەبابەی تورکیامان بەکاڵیی دەخوارد، بەقسەی سەرکردە شیعارگۆکان ئالأی بەعس کۆتایی پێهات (کەچیی ئێستا بە ماکیاژێک دڵیان ئاو دەخواتەوە) ، چەند ساڵێ بوو بە پەکەکەیان( پی کەی کەی) ناگوت تێرۆریست، هەرچەند بۆ چەندین ساڵ لەوە پێشتر، لووتە شاخی کوردستانی باشوور نەما بە قۆنتەرات، بۆ تورکیا کیۆماڵ نەکرێ و پتر لەسێ هەزار پ.م کوردیان بۆ تورکیای کەمالیست بەکوشتدا(Barzani,2003). کەچیی لە پڕێکدا بارەگاکانی ئەو حیزبانەشیان داخست کە بۆن و بەرامەی پەکەکەیان لێدەهات و ئابلۆقەمان خستە سەر قەندیل . تا ئەتاتۆرک و ئەمێریکا و ئێران و وڵاتانی عەرەبیی حەز بکەن کۆمەکیی تورکیایان کرد. لەهەمووی گاڵتەجاڕییتر لەسەرووبەندی جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ ی رەحمەتییدا بووین، دەبابەو فڕۆکەی تورکیا فڕکان فڕکان و نەڕەنەڕیان بوو، سەرۆکەکەی ئێمە بە بیانووی ددان یەشەوە سێ دانە هەفتەی رەبەق خۆی دزییەوەو خواش نەیدەزانیی لەکوێیە، جگە لە زۆر نزیکەکانی خۆی و ئەو دەوڵەت و کەسانەی ئەو سیناریۆیەیان سازکرد. لەناو ئەم هەموو ماڵوێرانیی و تراژیدیایانەدا، کۆمیدیای خوێندن بە بادینانیی بەخشکەیی تێدەپەڕێندرێ. ئەمە رێکەوتە یان پلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراوە؟

کورد لە لۆبییکردنیشدا هەر سەقەتە، چونکە عەقڵییەتی سیاسیی کورد، عەقڵییەتی شاخ و دیوەخان و عەشیرەتگەرییە، بەمجۆرە ئەو دوو حیزبە حوکمڕانە هەوڵدەدەن لە رێگای بەرتیلدان، مەراییکردن بۆ دەسەڵاتدارانی ئەمێریکا و میوانداریی کردنی دەسەڵاتدارە سیاسیی و دەسگا رۆشنبیرییەکانی رۆژئاواوە دۆست بۆ خۆیان مەیسەر بکەن (Rubin,2008). بۆیە زۆربەی ئەو سیاسییە رۆژئاواییانەی پاڵپشتیی لە مەسەلەی کورد دەکەن، لەلایەن ژۆناڵیستەکانی رۆژئاواوە دەرکەوتووە کە کڕدراون، بەڵام چ کڕینێک بە دواکەوتووترین شێوازی کڕین و بەرتیلکاریی و لەگیرفانکردن. هەر لە خشڵ و خەنجەری زێڕینەوە بگرە تا پارەی کاش، هەمووی بە عەقڵییەتی شێخ و دەرەبەگ و ئاغاکانی جاران پێیان دراوە. هەموو ئەو سەرکردە کوردانەی ئێمە، ئەو هەموو راوێژکارە بلیمەتانەی هەیانە ئەوەندەی راوێژکارەکانی عەللاویی شارەزاییان نەبوو، کە لۆبییکردن لە کوێ و چۆن دەکرێ،

ئایا کورد، بەم هەموو گەندەڵییەوە، کە تا دێت لەئاستی نێودەوڵەتییدا تاک دەکەوینەوەو پشتیوانییە نێودەوڵەتییەکان لەهەموو ئاستەکاندا کەم دەبنەوە. بەهۆی دزیی و گەندەڵیی و بێ یاسایی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و چێکردنی جەنگەڵستانێک بۆ ئەو دەسەڵاتدارانەی هەرگیز تێر ناخۆن، رۆژ بەڕۆژ دەموچاومان رەشتر دەبێ لەئاستی جیهانییدا، کەرکوک خەریکە وەک ئەندەلووسەکەی عەرەبی لێدێ و بۆچوونەکەی تاریق عەزیز لەمێژوودا دووبارە دەبێتەوە. ئایا دەکرێ ئومێد بەسەرکردەکانی کورد ببەسترێ، لەناو ئەم هەموو رووداوە پڕمەترسییانەدا، زمانێکی ستاندەردی یەکگرتوو جێکەوت بکەن؟ چۆن پشت بەو سەرکردانە

ببەسترێ کە لەئاست مەسەلە چارەنووسسازەکاندا بڕیاردەرن ( Decision makers )!، کەچیی ئیرادەی ناوچەیەکی بچووکی هەرێمی کوردستان بەسەر هەموو هەرێمی کوردستاندا بەخشکەیی دەسەپێنن. جێکەوتکردنی ئەم بڕیاری خوێندنە بە دایەلێکتی بادینانیی و ڕەتکردنەوەی زمانی ستاندەردی کوردیی، ئەو ڕاستییە زەقە بەدەر دەخات، کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نەک ناتوانێ سەرۆکی پارتیی دیموکراتی کوردستانیش بێ ( ئەگەر بەیەک چاو سەیری جیۆگرافیای کوردستانی باشوور نەکا ) بەڵکو دەیسەلمێنێ، ناتوانێ تەجاوزی ئەو عەقڵییەتە عەشیرەتیی و ناوچەگەرییە بکات کە تاکتیتیکەکان ، ئەجێنداکان ،ستراتیژەکان و ئایدیۆلۆژیاکانی دیوی ناوی ناوەوەی دەریدەخەن.

هاوکات ئەوەی پارتیی و حکومەتی هەرێمیش بە چەندین ملیۆن دۆلار دەیکات بە قوڕگی یەکێک لە فاشیلترین ئینستیتیوتەکانی کورد ( ئینستیتیوتی کوردیی لەپاریس ) و سەرۆکەکەیدا، کە هەژارترین ژۆرناڵی بەناو زمانەوانیی، "کورمانجیی- Kurmanji " دەردەکەن، جگە لە کۆمەڵی پێوەندیی گوماناویی و پڕۆژەی ڕەدەڵ و بەدەڵ لەنێوان بارزانیی و کەندالْدا زیاتر هیچ شتێکی تر نییە. ئەگینا د.کەندالْ نەزان چ پێوەندییەکی بە کوردییەوە هەیە؟، ئەوێک کە کوردیی نەزانێ، چۆن دەتوانێ بەکۆمەڵێ موریدی کوردیی نەزانەوە قسە لەسەر زمانی ستاندەردی کوردیی بکات، جگە لە بارزانیی، کێ ئەو مافەی پێدەدات؟ کە دیارە لای کەندالْ زمانی ستاندەردی کوردیی، زاراوەی کرمانجییە و گۆڤارەکەیشی ناو ناوە "کورمانجیی" لەبری کوردیی.

ئەوەندەی دەیدەن بە کەسانی وەک کەندالْ نەزان و ژۆرناڵە سەرلەبەر کلۆڵەکەی کە جگە لە نووسینی بێ بەها، یەک توێژینەوەی ئەکادیمیی و زانستیی تێدا نییە، جگە لە غەزەلکردن لە گەڵ مۆتیڤی تورکیی- لاتینیزم و بتپەرستیی و کردنی جەلادەت بەدرخان بە خدری زیندە، هیچ مەعریفەیەکی لەبارەی زمانەوە تێدا نییە. لەبەر دەستەپاچەبوونی بەرامبەر فێربوونی زمانی ستاندەردی کوردیی و بێزهاتنەوە لە بناغەی ئەو لینگوا فرانکایە، ناوەکەیشیان بە کورمانجیی داناوە. بەڵێ ئەگەر یەک لەسەتی ئەوەیان بدایە بە پڕۆژەی زیندوو کە کەسانی پسپۆڕ و شارەزای بێلایەن و سەربەخۆ، لەسەر دۆزی ئەنفال و جینۆساید کاریان بکردایە، بەرهەمی باشتری بۆ کورد نابوو. ئایا ژۆرناڵی کورمانجیی چیی بۆ کورد و دۆزی کورد و زمانی کوردیی کردووە؟ جگە لە دووبەرەکیی و ڕق چاندن و خێسەکردن لەزمانی ستاندەردی کوردیی لەکوردستانی عێراقدا ( ئەوەی دۆنەرچییەکانی ئینستیتیوتی پاریس، بەسۆرانیی ناوزەدی دەکەن).

دەستگرتن بەزاراوەیەکی ترەوە لەپاڵ زمانی ستاندەردی کوردییدا، جگە لەوەی چۆن سەرکردەکان لەهەموو کۆدە سیاسییەکاندا کڵاو دەخرێتە سەریان، لە ئاست زانستی زمان و

ڕۆڵ و فەنکشنی زمانیشدا، هەر بە کلاوی عەشیرەت و خێڵ و ناوچەوە، وردەکارییەکان دەپێون. زاراوەی کرمانجیی یان بادینانیی هیچ پێویستی بەلاواندنەوەو دڵنەواییکردن نییە، هەرچەندە زاراوەیەکە نزیکەی نیوەی کورد پێی دەئاخفێ( سەرەڕای ئەوەی هیچ ئامارێکی دروست نییە کە کرمانجیی لە زاراوەکانی تر زۆرتر بن) بەڵام تازە ناتوانێ فریای هێجەمۆنی لینگوا فرانکای کوردیی ( زمانی ستاندەردی کوردیی- کە بناغەکەی بە کرمانجیی ناوەڕاست داڕێژراوە ) بکەوێ.

بەڕاستیی نەزانییەکی کوشندەیە، قوربانیی بەزمانی ستاندەرد بدەی بۆ ڕاگرتنی چەند کەسایەتییەکی کرمانجیی لێرەو لەوێ، خوێندن لەبادیناندا بکرێتەوە بە کرمانجیی، ئەمە کەرتوپەرتکردنی کوردستانی باشوورە، ئەمە باکگراوندی پێوەندییەکانی هۆزو خێڵە وناتوانێ ئەوە بپەژرێنێ کە کوردستانی باشوور، دەبێ یەک زمانی ستاندەردو ئۆفیشەڵی هەبێ، کە هەر ئێستا لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانیی و هەموو ناوچەکانیان بێ هیچ کەموکوڕییەکی ئەوتۆ ، لەهەموو بوارێکدا بەوپەڕی جوانییەوە فەنکشن دەکات.

**زمان بەشێکە لە ئایدێنتیتیی نیشتمانیی:**

زمان، ئایدێنتیتیی هەر تاک و گرووپ و کۆمیونیتیی و نەتەوەو وڵاتێکە کە کارێکتەرەکان و بوونی خۆی لە کەسان و کۆڕوکۆمەڵەکانی تر جیا دەکاتەوە، زمان ستراکتۆری کۆمەڵایەتیی دەبێ بۆ نەتەوەیەک کە بەشوێن سەربەخۆیی و خۆناساندندا لەنێو هاوکێشە سیاسیی و کولتوورییە ئاڵۆزەکاندا بگەڕێ ( Norton,1995 ). زمانی گەل و نەتەوە، زمانی باڵا و ستاندەرد نابێ بکرێ بەقوربانی ئایدیۆلۆژیای خێڵ و تیرەو ناوچە. کورد ئایدێنتیتیی زمانی لە زمانی ستاندەردا دەبینێتەوە نەک لە زاراوەکاندا.

ئەو زمانە ستاندەردەی لەکوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتەواویی ڕەگوڕیشەی داکوتاوەو لەسەر کێوێک تێکستی کوردیی ڕاکشاوە، زمانی فەرمیی Official language ، زمانی ئەدەبیی literary language و زمانی ستاندەردی کوردییە، یان وەک Heinz Kloss ی زمانەوان و ئەنسرۆپۆلۆجیستی ئاڵمانیی دەڵێ، زمانی ستاندەردو خاوەن قورسایی ، زمانی گەشەکردووە (ausbau language–Ausbausprache) (Kloss,1976 ). گومانی تێدانییە ئەو زمانی نووسینەی کورد پێی دەنووسێ تاکە زمانی گەشەکردووی کوردییە.

وڵاتی چین( چایینە)، لە چەندین میرنشینی شەڕانیی و بەخوێنی یەکتر تینوو پێک هاتووە، بەڵام زمانی ماندەرین Mandarin کە تا هەنووکەش زۆرترین مرۆڤ لەجیهاندا قسەی پێدەکەن، بە توانای ئەدەبیی و لێوەشاوەیی خۆی لەبوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییدا گەشەی کرد. سەرەنجام بە بڕیارێکی سیاسیی کرا بە زمانی ستاندەردی هەموو چین. هەنووکە یەکێکە لە شەش زمانە فەرمییەکەی UN. لە ساڵی 1997 ەوە کە هۆنگ کۆنگ گەڕایەوە سەر چین، کۆمەڵێ سەرمایەدار هەڵهاتن بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەڵام نەک زوو گەڕانەوە، بەڵکو

زۆربەی سەرمایەی دنیاش روو لە چین دەکات. هۆنگ کۆنگییەکان، ئۆتۆماتیکیی لەپاڵ زمانەکەی خۆیشیاندا ( کانتەنیز – Cantonese )، ئێستا بەفەرمیی ماندەرین دەخوێنن و بەشانازیشەوە خۆیان بە خەڵکی چین دەزانن و خۆبەخۆ بووە بە لینگوا فرانکای تەواوی چین بە هۆنگ کۆنگیشەوە. بۆچیی دەبێ رۆشنبیرانی بادینان، شانازیی نەکەن بەوەی کە لەهەرێمی کوردستاندا لەگەڵ سێ شارەکەی تردا لینگوا فرانکایەکی هاوبەشیان بۆ نووسین ( تەنیا بۆ پەروەردەو کارگێڕیی) هەبێ؟

زمانی ستاندەردی نووسینی کوردیی کە بەم قۆناغەی ئێرە گەیشتووە، ناکرێ مامەڵەی پێوە بکرێ و وەک دانەوەی چاکە ( Reciprocation ) بەرامبەر هەندێ خەڵکی هاوشێوەی هاشم عەقراویی کۆنە جاش و بەعسیی و هەندێ چەورەی کوردستان و هەندەران کە لەدەسەڵات و حکومەتی هەرێم، بەهرەمەند بوونە و لێی لەوەڕاون، لەبەرچاو بگیردرێ. ئەم هەنگاوەی خوێندن( pedagogy ) بە زاراوەیەکی بەکارنەهاتوو، دابڕاو لەناوچەیەکی هەرێمی کوردستاندا لەبری زمانی ستاندەرد و باڵا و کەڵەگەتی کوردیی، کارێکە پێچەوانەی هەموو بیردۆزە زمانەوانیی و کۆمەڵایەتییەکانی سۆسیۆزمانەوانەکانە( Thompson 1984: 100; Hewitt 1986:200-201;Cameron 1990:81;Bernstein 1996:14…etc). ئەمە سەپاندنی ئایدیۆلۆژیایە بەسەر لۆژیکی زمان، ئایدێنتیتیی نیشتمانیی، مێژووی تێکستی کوردیی و ئیرادەی زۆرینەی گەلی کورد لەکوردستانی باشووردا. ئەمە دەستدرێژییەکی ئەوەندە کوێرانە و ئایدیۆلۆژیایانەیە، لە بڕیارەکەی جەلادەتی بەدرخان مەترسییدارترە کە بەکەڵەگایی و تاکڕۆیی، سکریپتی نووسینی بەشێک لە کرمانجیی، بۆ لاتینیی- پانتۆرانیی گۆڕیی.

لە رێی پرۆگرامی خوێندنەوەیە، ئایدێنتیتی مەوداکانی خۆی دادەکوتێ و رەنگوڕووی لە مێشکی منداڵاندا دەردەکەوێ. زمانیش یەکێکە لەهەرە کارێکتەرە سەرەکییەکانی جڤاک کە ئایدێنتیتی تێدا دەڕوێ. لەرێی خوێندنەوە، لاوان و گەنجان سیمبوڵی ئەو ئایدێنتیتییە بۆ بوارەکانی تری ژیان دەگوازنەوە ( Bernstein, 1996 ) . ئەگەر لاوان و گەنجانی بادینان ئەو ئایدێنتیتییە بە ستایڵێکی تر وەربگرن، بەدڵنیاییەوە سبەی لەکوردبوونی خۆیشیان گومان دروست دەکەن و ئەوەندەی خۆیان بە کوردی کرمانجیی دەزانن خۆیان بە کوردی نیشتمانیی ( لەئاستی کوردستانی باشووردا) نازانن. مەگەر ئەوە نییە رابەری رۆحیی بزوتنەوەی لاتینیی و کرمانجیی ( د. کەنداڵ نەزان)، ئەوەندەی "کورمانجیی" بۆ مەبەستە، کورد و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی، یاخود نەتەوەیی بۆ مەبەست نییە.

ئەگەر بڕیارە زمان بە ئایدیۆلۆژیا بارگاویی نەکرێ، ئەگەر بڕیارە دەسەڵاتی سیاسیی لەمپەر نەخاتە سەر رێڕەوی گەشەی سروشتی زمانی ستاندەردی کوردیی، ئەم پرۆسێسە ئایدیۆلۆژییە بۆچیی دەکات؟ ئەم خۆتێهەڵقورتاندنە ژێر بەژێر و ئاشکرایەی دەسەڵاتی سیاسیی کارێکە تا سەر ئێسقان ئایدیۆلۆژییانەیە، تا سەر مۆخی کوردایەتییەکەی کە بانگەشەی دەکەن، دژی داهاتووی سیاسیی کوردە. ئەم بڕیاری خوێندنە بە بادینانیی

بڕیارێکە مۆتیڤێکی تەواو ئایدیۆلۆژییەو خۆجیاکردنەوەیەکی مەبەستدارە و سەپاندنی بیرێکی تۆتالیتارییانە کە هیچ پێوەندییەک و شارەزاییەکی بە زمانی نەتەوەیی و ئەجێندای نیشتمانیی و ئایدێنتیتیی نیشتمانییەوە نییە(Thompson, 1984 ).

هیچ زانستێک بەئەندازەی زانستی زمان پانوپۆڕ نییە، هەموو لق و پۆپی زانستەکانی تری تێدا بەکار دەهێنرێ. کارەساتی راستەقینە ئەوەیە، رێگە بدرێ بەچەند کەسانێك کە کوشتەی نۆستالژیای شۆڤینیزمی لەهجەییین و چاویان لینگوا فرانکای ستاندەردی کوردیی نەبینێ. ئەم نووسینە بە وردەکاریی و قووڵیی و ئاگاییەکی زۆرەوە لەو بڕوایەدایە، ئەوەی هەنووکە زمانی فەرمیی، سیاسیی، کولتووریی، کۆمەڵایەتیی، یاسایی، زانستیی، فەلسەفیی........ کوردییە، زمانی ستاندەردی خۆرسك و پێگەییوی کوردییە، ئەم زمانەیە. سەرجەم زاراوەکانی تری زمانی کوردیی ، سەبستاندەردن( Substandard ). بەواتایەکی تر تەنیا زمانی هەنووکەی نووسینی کوردیی، تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانی تێدا بەرجەستە بووەتەوەو سەرلەبەری زاراوەکانی تر ( بە زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاستیشەوە) لەرووی زمانەوانییەوە ، زاراوەگەلێکن بەتەنیا ناتوانن وەک زمانی سەرەکیی و فەرمیی هەرێمی کوردستانی عێراق رۆڵ بگێڕن. ناتوانن ببن بەبناغەی زمانی ستاندەردی کوردیی و بەگژ ئەم زمانە ستاندەردەی ئێستادا (کە تەنیا بناغەکەی کرمانجیی ناوەڕاستە) بچنەوە.

پرسیاری سەرەکیی ئەوەیە، ئێمە رووبارێکی گەورەمان هەیە، ناوی لینگوا فرانکای کوردییە، راستە رێڕەوەکەی ،جیۆگرافیاکەی، باڵادەستییەکەی لەو ناوچانەدایە کە بەهەڵە پێیان دەگوترێ ناوچەکانی سۆران، بۆچیی هەموو ئەو جۆگەلە سەبزمان و سەبدایەلێکتانەی تر نارژێنرێنە ناو ئەم رووبارەوە؟ بۆچیی رۆژ بەڕۆژ شەلەگە و بەربەستی زیاتر بۆ ئەو جۆگەلانە دروست دەکەن کە نەیەنەوە ناو رووباری لینگوا فرانکای کوردییەوە؟ وەڵامەکە زۆر رۆشنە، بناغەی زمانی کوردیی ستاندەرد ، ئۆنتۆڵەجی (زانستی بوون- ontology ) ی ئەم زمانە لەسەروو سەت ساڵەوە دانراوە، تازە هیچ هێزێک ناتوانێ هەرەسی پێبێنێ، تەنیا دەتوانێ گشتگیری بکات و لەرووی سیاسییەوە بەفەرمیی ددانی پێدابنێ ( to be recognised ). ئەوە خۆکوژییەکی سیاسیی و ئایدیۆلۆژییە تازە بەتازە لەکوردستانی باشووردا دڵی ئەم عەشیرەت و ئەو دەڤەرو ئەم گاران و ئەو هۆزی نووسەرو ئەکادیمستە دایەلێکتپەرستانە، بە مینۆی (خوێندن بە بادینانیی) و چاکەی سیاسیی بدرێتەوە. درێژەدان بەم دۆخە زمانی کوردیی نەک ناکات بە زمانێکی جووتستاندەرد یان فرەستاندەرد، بەڵکو دەیکات بە چەند زمانێکی تەواو سەربەخۆو جیاواز لەیەکتری.

کورد چەند نەتەوەیەک نییە، کورد یەک نەتەوەو یەک خاک و یەک کولتووری هەیە بەکەمێک جیاوازیی بەشە جیۆگرافییەکانییەوە. ئەگەر بڕیارە دوو نەتەوە یان چەند نەتەوەیەکی جیاواز بین، ئەوە باسێکی ترە، بەڵام لە ئێستای کوردستاندا بەتایبەت کوردستانی باشوور کورد پێویستی بەوە نییە چەند زمانێک یان چەند دایەلێکتێک بخوێنێ . کورد پێویستی بە چەندزمانیی( Multilanguage ) نییە ، بەڵکو بە پێچەوانەوە پێویستی بە یەک زمانی گشتگیر و ستاندەرد هەیە لەسەرتاسەری جیۆگرافیای سیاسیی کوردستانی

باشووردا. ئەمە هیچ حیکمەت و کاریزماییەکی ناوێ، تەنیا سەرکردەیەکی سیاسیی ئازا وبوێرو نیشتمانیی دەوێ، نیشتمانیی بەو واتایەی تەواوی رایەڵ و تەون و ئەفسانەکانی عەشیرەتگەریی و بەرەبابیی و ناوچەگەریی و حیزبگەرایی و ئایدیۆلۆژیگەرایی تێپەڕاندبێ، بە مۆراڵی سەرکردەیەکی سیاسیی نیشتمانییەوە بۆ ئەجێنداکانی دوورمەودای کورد و خەونی سیاسیی کورد بڕوانێ. ئەمەش بۆیە گرینگە، چونکە سەرئەنجام بە بڕیاری سیاسیی یەکلایی دەکرێتەوە.

ئەم مێنتالێتییە دژ بە ستاندەردبوونەی زمانی کوردیی، بە شێوەیەکی ئەوەندە خەستوخۆڵ بە ڕەگوریشەی هەندێ لەنووسەران و ڕۆشنبیرانی بادینان و هەندێ کرمانجییدا شۆڕبووەتەوە، ئەوەندەی دژایەتی لینگوا فرانکای هەنووکەی کوردیی دەکەن، ئەوەندە دژایەتی هەڵکشانی زمانی عەرەبیی، فارسیی و تورکیی لە کوردستانەکاندا ناکەن کە هەرسێکیان سێ زمانی نەتەوەی سەردەست و دەوڵەتی داگیرکاری کوردستانن. ئەو تورکیی - لاتینپەرستانە بۆیان گرینگ نییە کە زۆرینەی کوردانی کوردستانی باکوور، لە بری زمانی کوردیی زمانی تورکیی بە زمانی خۆیان دەزانن، کەچیی لە هەرێمی کوردستاندا دەیانەوێ لە ڕێگای پارتییەوە، بادینانیی بخوێنرێت و زمانی کوردییی لەت و پەت بکەن. ئەمە هۆکاری مێژوویی و سیاسیی لەپشتەوەیە و هیچ پێوەندییەکی بە جیاوازیی کولتووریی و زمانەوانییەوە نییە. سەرۆکایەتی هەرێم و شەخسی بارزانییش لەم دڕدۆنگیی و بوغزکردنە بەرامبەر بەزمانی کوردیی بەرپرسیارن.

کار بەڕادەیەک گەیشتووە لە نکۆڵییکردن دەرچووە، بەشوێنێک گەیشتووە بە تێرمۆنۆلۆجی زمانناسەکان پێی دەگوترێ حاشالێکردنی "ستاندەرد" ( Negation Standard)، ئەم حاشالێکردنە بە تێڕوانینی Anderwald لەئەنجامی هەستنەکردن بە گرینگیی و بەهای سیاسیی زمانی ستاندەردەوە سەرچاوە دەگرێ و هەمیشە چاوی لەوەیە چۆن زاراوە کۆرپەلەکەی خۆی بپارێزێ و بەگژ زمانی ستاندەردا بچێتەوە، چاوی لەوەیە خۆی عەنتەر بێت و خۆی هەمەکارە بێت( Anderwald,2002 ). ئەم هەمەکارەیی و خۆبەزلزانین و خۆبەعەنتەرزانینە، بەتەواویی لە ئەجێنداو هەڵسوکەوتەکانی ئەو مەحشەرە لە پیتزافرۆش و کەبابفرۆشە زمانزانەکانی هەندەران و پیاوەکانی دەسەڵاتی سیاسیی کورد و حکومەتی هەرێمدا، چ لەدژایەتییکردنی جێکەوتکردنی زمانی کوردیی و چ لە دەستپێوەگرتن بە زاراوەیەکی لۆکاڵیی لەئاست زمانی ستاندەردی کوردییدا، ڕەنگی داوەتەوە. لەوەش زیاتر، بەشێک لەو دژایەییکردنەی ئەو لاتینییی و دایەلێکتپەرستانە، درێژەدانە بەو سیاسەتە داڕێژراوەی ڕژێمی کەمالیستی تورکیی، کە لە سڕینەوەی ئایدینتیتیی کوردیی و ڕق لە زمانی کوردیی بەرجەستە دەبێتەوە.

زمانی هەنووکەی کوردیی، زمانێکی کۆلێکتیڤ و سەقامگیرو پانوپۆڕە، تەنیا لەڕێی زاراوەکانی ترەوە دەوڵەمەندکردنی دەوێ، بڕینەوەی درەختی ئەم زمانە ستاندەردەو ڕوواندنی نەمامێکی تر بە زاراوەیەکی تر، نەک هەر شتێکی بێمانایە، بەڵکو شێتیی و

نەزانییەکی ئەوەندە کوشندەیە، هەموو شتێکی کورد دەخاتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت ئایدێنتیتیی کورد و بوونی نەتەوەی کوردیش دەخاتە ژێر پرسیاری یەکجار قووڵەوە. ئەوانەی دەیانەوێ لەناو شکارتەی ئەو پەڵەگەنمە جوانەی بەزمانی کوردیی ستاندەرد ناوی دەرکردووەو بوونی خۆی سەلماندووە، زیوان بچێنن و ئاسمانی لێبگرن ( لای دەسەڵاتی سیاسیی کوردەوە) بۆ ئەوەی بارانی لێ ببڕێ، خزمەتێکی زۆر بەئەجێنداکانی کەمالیزم دەکەن، لەوەی کورد توانای ئەوەی نییە یەک زمانی ستاندەردی نووسینی هەبێت.

هاوکات ئەوانەی دەیانەوێ بە نەزانیی خۆیان ،خەڵکیش نەزان بکەن، گوایە بوونی دوو یان چەند زمانێک گرفت نییە، دەبێ ئەو راستییەیان تێبگەیەنرێ، هیچ نەتەوەیەک ( بەبناغەی ئێسنیکیی و نیشتمانیی ) نەک ( بەبناغەی هاوڵاتیبوون و هاودەوڵەتیی وەک بەلجیکا و کانەدا...تاد، جگە لەوەی ئەوانە زمانی سەربەخۆن و زاراوە نیین ) لەم دنیایەدا دوو جۆرە زمانی نووسین بەکار ناهێنێ و تەنیا و تەنیا یەک زمانی نووسینیان هەیە. ئەو وڕێنەیەی باسی جووتستاندەردیی نەرویژ و ئەلبانیاش دەکات، لەسەر ئەرزی واقیع بوونی نییە.

کورد چ وەک گەل ، چ وەک ئەوەی لە قۆناغی چێکردنی نەتەوە- دەوڵەتدایە، یان لە سەرەتای ئەم قۆناغەدایە، پێویستییەکی زۆر مێژووییە کە یەک زمانی ستاندەردی نووسینی هەبێ، بەردەوامیش دەوڵەمەند بکرێ. ئەم زمانە ستاندەردە لەسەروو سەت ساڵی رەبەقەوە زۆرینەی رەهای تێکستی کوردیی پێدەنووسرێتەوە، ئایا تاوان نییە، جارێکی تر دوای ئەو مێنتاڵێتییە هەرزەکارانەیەی هەندێ ئایدیۆلێکت idiolect ی نەتەوەپەرستی تا سەر ئێسقان شۆڤینیست و نەژادپەرستی کوردیی بکەوین و پاچ و خاکەناز هەڵگرین بۆ چێکردنی زمانێکی تر! ئەمە خۆتراندنە، ئەمە خۆکوشتنەو پێویستە عەقڵ بکرێتەوە بە گیانی ئەو کەس و لایەنانەی ئەم وڕێنە منداڵانەیە دەکەن.

کەس نەیگوتووە زاراوەی کرمانجیی یان هەر زاراوەیەکی تر قەدەغە بکرێ، بەڵام زۆرینەی هەوڵەکان بۆ ناساندن و گشتیگیردنی زمانی ستاندەرد لەسەر ئەوە جەخت دەکەنە کە زمانی پەروەردە، فێرکردن، دامودەسگا حکومیی و فەرمییەکانی دەوڵەوت دەبێ یەک زمانی ستاندەردی نووسین بێت. لەدەرەوەی ئەم چوارچێوانە، با رەشبەڵەکی زاراوە کوردییەکان بێت و هەرچییان پێخۆشە ئەوە بکەن.

گەلی کورد و بزوتنەوەی سیاسیی و کولتووریی و کۆمەڵایەتیی ئەم گەلە، دەیان ساڵە درێژەی هەیە، لە قۆناغی پری-کۆلۆنیالیزمەوە تا پۆست-کۆلۆنیالیزم ، لە سەردەمی دارِشتنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر لاشەی رزیوی دەوڵەتی عوسمانیی و چێکردنی دەوڵەتانی عێراق و سوریا و تورکیای کەمالیستدا ، کورد وەک یەک نەتەوە بەڵام لە چەندین دەوڵەتی جیاوازدا، لەچەندین هەرێمی جیۆگرافیی جیاوازدا فەنکشنی خەباتی خۆی درێژە پێداوە. ئەوەی لە رابردوودا گرفتێکی ئەوتۆ نەبووبێ زمانێکی ستاندەرد بووە، بەڵام ئەم زمانە ستاندەردەی هەرێمی کوردستان، بەدرێژایی دەیان ساڵ، بووەتە قاڵەوەبووترین توخم و داینەمۆی شۆڕشە نیشتمانییەکان، هەمیشەش پێشەنگی ئەم مەیدانەو پەرچەمی

راپەرینەکان بووە. زۆرینەی ڕەهای ئەدەبی کوردیی بەم زمانە ستانده‌ردەی ئێستا بووە، دیارە قۆناغ بەقۆناغ گەشەی کردووەو بەئێرە گەیشتووە.

تەواوی وڵاتەکانی ئیستۆنیا، لاتڤیا،یوکرەین( ئۆکرانیا)،بیلەرووس، ئۆزبەکستان، کیرگیزستان، کازاخستان و جۆرجیا لە قۆناغی پۆستکۆڵۆنیالیزمی سۆڤێتدا، بزوتنەوە ناسیۆنالیستییەکانیان توانیتیان مەسەلەی زمان یەکلابکەنەوە لە ڕێی بڕیاری سیاسیی ئازایانەوە، بناغەی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان ڕۆبنێن و بەتەواویی سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیەنن( Smith, Law, Wilson, Bohr and Allworth,1998 ) . بۆ زۆرینەی ئەم وڵاتە نوێیانە ، مەسەلەی زمان ، شتێکی مان و نەمان بوو، پێوەندییەکی قووڵی بە ئایدێنتیتیی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە هەبوو( ibid ). بەهەمان شێوەش، بۆ کوردیش لەم قۆناغە ستراتیژییەی ڕۆنانی بناغەی نەتەوەبوون و چێکردنی ئایدێنتیتییەکی نیشتمانیی هاوبەش، بەبێ فەرمییکردن و سیاسییکردنی زمانی باڵای کوردیی، لینگوا فرانکای کوردیی، تا دێت بۆ دواوە دەگەڕێینەوە.

چەمکی نەتەوە- دەوڵەت( دەوڵەتی نەتەوەیی) چێکردن چەمکێکە لەگەڵ دەستووری ئەمێریکاو شۆڕشی فڕانسییدا سەروسامانی پەیدا کردووە، لەدوای شۆڕشی فڕانسییەوە، ناسیۆنالیزم لەسەرتاسەری ئەوروپادا گڕی گرت، زۆرینەی ئەم ناسیۆنالیزمە جیاوازانە، زمانیان کردبووە بناغەیەکی کۆنکریتیی بۆ بنیاتنانی نەتەوەو نیشتمان و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی ( Stevenson, 1997 and Hobsbawm 1990 ). هەرچەندە زۆر لە سکۆلارەکان پێیانوایە، کورد ڕەوتی ناسیۆنالیزمێکی بەرچاوڕۆشن و شارەزای نییە لەناو گەمە سیاسییەکاندا، بەڵام لە ئاست پرسە نیشتمانییەکانی ناوخۆشدا، ئەم ناسیۆنالیزمەی کورد ئەوەندە دەستەپاچە و نەزانە، خەریکە خۆی سەری خۆی دەخوات. ئاخر چ سەرکردەیەکی نیشتمانیی، لە سەتەی بیست ویەکدا، دەچێ زاراوەیەکی لۆکاڵیی لەبەرامبەر زمانی ستانده‌ردی کوردییدا قوت دەکاتەوە، ئەمە گاڵتەی منداڵان و خەلانۆچکە چێکردن نییە، ئەمە پرسێکی ستراتیژیی و چارەنووسسازە لەسەر ئایدێنتیتیی کورد، بەڵام ئەوەی نەی بینی و نەی بیستی لەم سەرکردایەتییە سیاسییەی کورد، دەیبینی و دەبیستی.

کوردستان وڵاتی سینگاپۆر ( Singapore ) نییە ، نە لەڕووی کولتوورییەوە، نە لە رووی زمان و نەتەوە هەمە جۆرەکانییەوە. وێڕای کۆمەڵێ زمانی فەرمیی لەچەشنی ئینگلیزیی، ماندەرین، مالەی ( Malay ) و تامیل، کۆمەڵێ نەتەوەی تەواو جیاواز لەیەکتر لەڕووی کولتووریی و مێژوویی و باکگراوندەوە لەو وڵاتەدا دەژین. بەڵام لەکوردستاندا، وێڕای ئەوەی زۆرینەی ئەو نەتەوەو ئێسنیک و گەلانەی لەسەر خاکی کوردستان، شانبەشانی کورد دەژین، زۆرینەی تەواویان زمانیان ستانده‌ردەو لەرووی سیاسییەوە سەقامگیرن، کەچیی کورد بەو بارە خوارەشەوە، سەرکردەیەکی نیشتمانیی بەرچاوڕۆشنی تێدا هەڵناکەوێ کە لەڕووی سیاسییەوە لە کوردستانی باشووردا ئەمە یەکلایی بکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە سەرکردەکان خۆیان دەدەنە دەم لافاوی شەڕە کۆڵان و گاڕانی دایەلێکتەکانەوە. چونکە

بەڕاستیی لەشەڕە گەڕەکیش دەرچووە. ئەم دۆخە بووە بەشەڕە کۆڵان، هۆکارەکەیشی ئەوەیە نێوەندێکی سیاسیی لەکوردستاندا نییە سنوور بۆ ئەو بەرەڵایی و سەرگەردانییە دابنێ. زمانی ستانده‌ردی کوردیی، داهاتووی سیاسیی و ئەجێندای نیشتمانیی کورد شتێکەو ئەفسانەی زاراوە بەخێوکردنیش شتێکی ترە.

لە پرۆگرامەکانی خوێندنی سینگاپۆردا، هەموو نەتەوەو ئێسنیکێک بە هەردوو زمانی ئینگلیزیی و زمانە لۆکاڵییەکەی خۆیان ( زمانە نەک دایەلێکت ) دەخوێنن، بۆ ئێسنیکەکان زمان لەو وڵاتەدا ئایدێنتیتیی ئێسنیکییان دەپارێزێ، بەڵام هەمووشیان لە ئایدێنتیتییەکی نیشتمانییدا هاوبەشن (Stewart,1968: 540-541 ). کەچیی کۆمەڵێ نەژادپەرست پەیدابوونەو بانگەشەی گەڕەلاوژەی زاراوە دابڕاوەکانی کورد دەکەن، ئەگەر زمانی ستانده‌ردی ئێستای کوردیی لە هاوکێشەکەدا دەرکرێ، هەموو زاراوەکان سەقەتن، بەو زاراوەیەی خۆییشان بە "سۆرانیی" ناوزەدیان کردووە، چونکە ئەوەی هەیە زمانی ستانده‌ردی کوردییەو تەنیا بناغەکەی سۆرانییە. پێچەوانەی هەموو بنەمایەکی زانستیی و زمانەوانییە لە ناو یەک گەلدا، ڕێگە بە زاراوەیەکی لۆکاڵیی بدرێ لەسەر حیسابی لینگوا فرانکای نیشتمانیی بلەوەڕێت. ئەمە لە لۆژیکی هیچ نێوەندێکی بڕیارداندا نییە، مەگەر تەنیا لە مێنتاڵی سەرکردایەتی و دەسەڵاتی سیاسیی کورد و پارتیی و بنەماڵەی بارزانییدا هەبێ.

زمان کاکڵەی بیر و هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤ فێری دەبێت ، زانینی لێ بەرهەم دەهێنێت و هەموو شتێکیش هەر لە ڕێگەی زمانەوە فێر دەبێت( Ryle,1949). بۆچیی دەسەڵاتی سیاسیی کورد، ئەو مافە بەزمانی خەملیو و گەشەکردووی کوردیی نادات؟ کە کاکڵەی بیری کوردەو زۆرینەی ئەو شتانەی مرۆڤی کورد فێری بووە ، زانین و زانیاریی لێوە بەرهەم هاتووە، ئایدێنتیتیی نیشتمانیی ڕەنگرێژ کردووە، ئەو زمانەیە کە زۆرینەمان پێی دەنووسین. بۆچیی بەفەرمیی و سیاسیی ناپەژرێنێ؟ ئەم مێنتاڵیزمی چەواشەکاریی و سەرلەخۆشێواندنە پێویستی بەو هەناسە قووڵانە هەیە کە چۆمسکی لەسەر سایکۆلۆژیای زمان، دەیان لێکۆڵینەوەی قووڵی لەسەر کردووە، زمانێکی یەکگرتوو، ریاڵیزمی زمان و زمانەوانیی، و سروشتیی زمانی شیکردووەتەوە و بۆچوونە ترادیسیۆنەکان و کۆنسێرڤەتیڤەکانی شیتاڵ شیتاڵ کردووە(Smith,1999 ).

هەموو زمانێکی ستانده‌رد کۆمەڵێ یاسای زمانەوانیی هەیە، ئەوانەی پێیانوایە دایەلێکتی کرمانجیی یان بادینانیی لەگەڵ زمانی ستانده‌ردی کوردیی هەنووکەدا دەکرێ تێکەڵ بکرێن، یان وەک ئەو وڕێنەیەی وەزارەتی پەروەردە، کە پێیوایە ئیدیەمەکانی Idiom زاراوەی کرمانجیی و سۆرانیی تێکەڵ دەکرێن و لێک نزیک دەکرێنەوە! لە خەوێکی قووڵی نائاگاییدا مرخەیان دێت. ناکرێ بەهیچ شێوەیەک زمانی ستانده‌ردو هیچ زاراوەیەکی دی لەبنەوە تێکەڵ بکرێن. دەکرێ لەسەرەوە تێکەڵ بکرێن و ئیدیەمەکانیشیان لەسەرەوە تێکەڵ بکرێن، وشەو دەربڕینە جۆراوجۆرەکانی زاراوەکان بۆ ناو زمانی ستانده‌رد بهێنرێن.

به روانگەی سمیس و چۆمسکی بێ " بۆ ئەوەی زمانێک بزانی دەبێ مێنتالیتیت نوێنەرایەتی ڕێزمانی ئەو زمانە بکات"( Smith,1999:29). ڕێزمانی زۆرینەی زاراوە کوردییە جۆراوجۆرەکان لایەنی ڕێزمانیی وستراکتۆری گراماتیکییان لەگەڵ زمانی ستاندەردی کوردییدا جیاوازیی هەیە. لەم دیدەوە دەکرێ بەشی سەرەوەی ئەم درەختە بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر موتوربە بکرێ و برازێنرێتەوە، بەڵام رەگوریشەی ئەم زمانە ناکرێ دەستکارییەکی ریشەیی بکرێ. دەشێ دەستی پێدا بهێنرێ ، بەڵام ناکرێ هەڵبوەشێنرێتەوە لەبەر خاتری چاوی کاڵی هیچ زاراوەیەکی تر ( هەندێک لە زاراوەکان چاویشیان نەپووشکاوە ).

ئەم نووسینە داوای ئەوە ناکات کە زمانی ستاندەرد بکرێ بە زمانێکی تایبەت و پیرۆز، بەڵکو بەشوێن ئەوەدا دەگەڕێ کە کورد زمانێکی گشتگیر و پانوپۆڕ و دەوڵەمەندی هەیە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانی باشوور، بەهاوکاریی زاراوەکانی تر بەپرۆسەی گشتاندندا ببرێ . بە ئارگیومێنتێکی بەرینترەوە، زمانی ستاندەرد وێنە( نەک وێنا ) نەکرێ بەو زمانە تایبەت و تاک و تەنیایەی private language کە ڤینگیشتاین Wittgenstein بەرپەرچی دەدایەوە ، چونکە ئەو پێی وابوو زمانێکی پانوپۆرو ئازاد و گشتێنراو دەتوانێ دەربڕی ئەو هەست و نەستانە بێت کە جڤاک دەیەوێ دەریبڕێت( Wittgenstein,1953 ).

بەپشت ئەستووریی بە بۆچوونەکانی چۆمسکی، لەسەر گشتاندنی زمان و زمانی گشتیی جڤاک، سمیس پێیوایە زمانی گشتیی لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، کە قەڵەم و تێکست پێکەوە دەیسەپێنن و بەئامادەکراویی دەبرێتە بەردەم دامودەسگای سیاسیی بۆ گشتاندنێکی سیاسیی و یەکجاریی( Smith,1999 ) . هەوڵێکی زۆر لەلایەن کەسانێکی زۆری کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتەوە دراوە و ئەم "عەریزەیە" دەمێکە لە نووسینگەی دەسەڵاتدارانی سیاسیی کوردستان کەوتووە بۆ واژۆکردن، کەچیی نەک هەر واژۆیان نەکرد، بەڵکو پاشقولیان لە هەموو ئەو هەوڵانە دا و عەنتەریاتی ناوچەگەرییەتییان سەپاند. ئەمەش ئامادەیەکی پڕ مەترسییە بۆ ئەوەی لەبنەوە بە ئەجێندایەکی تر کار بکرێ و لەسەریشەوە کڵاو لەسەر هەموو دڵسۆزانی زمانی ستاندەردی کوردیی ، مێژووی کورد، لینگوا فرانکای کورد و ئایدێنتیتیی نیشتمانیی بنرێ.

### ئەنجامی باسەکە

لە هەرێمی کوردستاندا ( کوردستانی باشوور)، قەوارەیەکی سیاسیی هەیە و حکومەتی هەرێمی کوردستان( وەک نوێنەرایەتیی هەردوو مەکتەبی سیاسیی پدک و ینک ) فەنکشنی خۆی دەکات. ئەم دەسەڵاتە سیاسییە نغرۆ بووە لەگەندەڵییدا، بەدەیان جۆر گەندەڵییەوە لە نووکەوە بۆ نووک ، لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەتلێتەوە و گەندەڵیی وەک خۆرە لێیداوە. لەم هەرێمەدا زمانی سەرەکیی و فەرمیی، لینگوافرانکای ستاندەرد بوونی هەیە و بەهەڵەیەک

کە چەندین مۆتیڤی ناوچەگەریی و شۆڤینیزم و ئایدیۆلۆژیاگەریی لەپشتەوەیە  وەک زمانی ستاندەردی کوردیی، نایسەلمێنن . بەڵکو بە "سۆرانیی" دەیچوێنن، کە لەڕاستییدا، هەردوو کرمانجیی ناوەڕاست و خواروو دەگرێتەوە. لە بەرامبەریشدا، دایەلێکتێکی لۆکاڵیی ( بادینانیی ) وەک مڵۆزم لەبەرامبەر زمانی ستاندەردی کوردییدا قوت دەکەنەوە و دەیخەنە پرۆگرامی خوێندنەوە.

ئەم پلانە، پلانێکی داڕێژراوە، بەهزرێکی ناوچەگەریی و دەستووری خێڵ و هۆز بەڕێوە دەچێ ، دوورە لەهەموو پێوەرە نیشتمانیی و ئەجێندا نیشتمانیی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد. ئەوەندە بڕیارێکی تەسکبینانە و حیزبگەراییە، ئەگەر لە وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکراسییدا بووایە، خەڵکی ئەو وڵاتە لە ریفەرێندەمێکدا، نەک هەر بە زۆرینە رەتیان دەکردەوە، بەڵکو داوای لابردن و لێپێچینەوەشیان لەو کەس و لایەنانە دەکرد کە لە پشت باکگراوندی ئەو بڕیارەوە وەستاون. لێرەوە بێدەنگبوون لەو پاشەگەردانییەی زاراوەپەرستیی و سیاسەتە خێڵگەراییەی پارتیی و بێ هەڵوێستییەی یەکێتیی نیشتمانیی، وەک دوو هێزی بەرپرسیاریی سەرەکیی لە بەرامبەر غەمخۆرییەکانی دەیان نووسەر و کوردانی دڵسۆز، کە لە پێناو زمانێکی یەکگرتوو و ئامانجە مێژووییەکانی کورددا قوربانییان داوە، کەمتەرخەمییەکی مەترسییدارە.

خوێندن بە زاراوەیەکی لۆکاڵیی، تەنیا لەیەک دۆخدا دەشێ بکرێ، ئەگەر بادینان هەرێمێکی سەربەخۆ بێ و فیدراڵیی پارێزگاکان سیستمی ئیداریی بێ و دایەلێکتەیشیان، دایەلێکتێکی کوردیی نەبێ. بەڵام کاتێ بادینان بەشێکە لەهەرێمێکی بەرفراوانتر ( هەرێمی کوردستان)، ئەو مافەی نییە ئەم زیانە گەورەیە بە زمانی ستاندەردی کوردیی بگەیەنێ کە لەسەرجەم هەرێمەکەدا بەبادینانیشەوە گرفتێکی ئەوتۆی نییە. ئەو کەسانەی لەپشت ئەم بڕیارەوە وەستاون، بۆ مێژوو سەلماندیانەوە، کە کورد کەرەستەو توخمەکانی سەربەخۆییبوون و نیشتمانییبوون و نەتەوەییبوونی تەواو نییە و هێشتا بەرژەوەندیی عەشیرەت و  هۆز و ناوچەکان دەخەنە سەروو بەرژەوەندییە نیشتمانیی و کۆلێکتیڤەکانەوە. بۆ ئەم ئەجێندا ئایدۆلۆژییانەش دەسەڵاتی سیاسیی بەدەست لەپشتدانی گرووپی جووتساندەردەکان کە زۆرینەیان کوردی کوردستانی ئێرانن ئەفسانەی ئایدۆلۆژیی " مافی زمانیی" دەهێننەوە. لەڕاستییشدا ئەوان " مافی دایەلێکت" و مافی زمانییان تێکەڵکردووە. ئەوانە لەیەک شتدا راست دەکەن، ئەگەر بادینانیی زاراوەیەکی زمانی کوردیی نەبێ، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆ یان دایەلێکتێکی سەربەخۆ بێت.

## References


1. Anderwald, L. (2002). *Negation in Non-Standard British English: Gaps, Regularizations and Asymmetries*. London/New York: Routledge
2. Barzani, M (2003), *Interview with Barzani*, Turkish Daily News, Wednesday, November 5,2003, No:104345
3. Bernstein, B. (1996) *Sociolinguistics A personal view. In Pedagogy, Symbolic Control and Identity*. London: Taylor and Francis, 147-156.
4. Bex, T and Watts, R.J (1999) Standard English: The Widening Debate, London, Routledge.
5. Cameron, D. (1990) *Demythologising Sociolinguistics: Why Language does not reflect Society*. In J. Joseph and T. Taylor (eds) Ideologies of Language. London: Routledge, 79-96.
6. Defrancis, J ( 1986 ), *The Chinese Language: Fact and Fantasy*, Honolulu, University of Hawaii Press.
7. Heidegger, M ( 1990 ) *Höldrlin och diktandets väsen*, svensk Övers. Hans Ruin, tiskriften *Kris*
8. Heidegger, M (1982) *On the way to language*, translated by Peter D. Hertz: San Francisco, Harper.
9. Hewitt, R. ( 1986) *White Talk Black Talk*. Cambridge: Cambridge University Press.
10. Hobsbawm, E.J. (1990) *Nations and Nationalism since 1780: Programme, Myth, Reality*, Cambridge: Cambridge University Press.
11. Hudson, Richard A. (1996). *Sociolinguistics*, 2nd ed., Cambridge: Cambridge University Press.
12. Kloss, H (1967) "Abstand languages and Ausbau languages" in *Anthropological Linguistics* (Harvard : Harvard Press)
13. *NIETZSCHE, F. ( 1978), "Jenseits von Gut und Böse", in Werke in zwei Bänden ( Munich: Carl Hanser Verlag), ii. 11-173*
14. Norton Pierce, B. (1995). Social identity, investment, and language learning. *TESOL Quarterly*, 29 (1), 9-31
15. Rubin, M (2008), *Is Iraqi Kurdistan a Good Ally*, USA, American Enterprise Institute for Public Policy Research, Accessed 20-01-2008, available at: http://www.aei.org/publications/pubID.27327,filter.all/pub_detail.asp


ئەم بابەتە لەهەمان سایتدا بەکوردییش هەیە

16. Ryle G. (1949) *The Concept of Mind*. London, Hutchinson.
17. Smith, G. Law, V. Wilson, A. Bohr A and Allworth , A. ( 1998 ) , *Nation-building in the Post-Soviet Borderlands: The Politics of National Identities*, Cambridge, Cambridge University Press
18. Smith, N.( 1999*) Chomsky Ideas and Ideals*, Cambridge, New York, Melbourne , Cambridge University Press.
19. Stevenson, P (1997) The German Language and the Real World: Sociolinguistic, Cultural, and Pragmatic Perspectives on Contemporary German, Oxford, Clarendon Press.
20. Stewart, William A (1968) “An outline Sociolinguistic Typology for Describing National Multi-lingualism,” in *Readings in the Sociology of Language*, ed. J. A, Fishman, the Hague: Mouton
21. Thompson, J.(1984) *Studies in the Theory of Ideology*. Oxford: Polity Press
22. Turville-Petre, T (1996) England the Nation: Language, Literature, and National Identity, 1290-1340.Oxford, Clarendon Press.
23. Wittgenstein, L.( 1953) *Philosophical Investigations*, Translation, G.E.M. Anscombe. Oxford, Blackwell.

24.النادری،م .ا ( ٢٠٠٥)، فقه الغه مناهلهو و مسائله، صیدا- بیروت،شرکه ابنا شریف الانصاری

End Notes


1- http://www.chrysalisinternational.org/assets/pdfs/Power_of_Language.pdf

2 - هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە 103، لا2، سێشەممە 8-1-2008، سلێمانیی-کوردستان.

3 - هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە 105، لا2، سێشەممە 15-1-2008، سلێمانیی-کوردستان.

4 - "مەسعود محەمەدی زانا لە گەشتیکی فەلسەفە و سیاسەت و زماندا" ئامادەکردنی شوکور مستەفا. گۆڤاری رامان، ساڵی 2000، ژمارە: 54، لاپەڕە 5-12

5 - گۆڤاری کورمانجیی لەسەر ئەم لینگە دەیگەیتێ.

http://www.institutkurde.org/en/publications/kurmanci/download

6- رۆژنامەی رۆژنامە، ژمارە 147، سێشەممە، 29-01-2008 ،سلێمانیی، کۆمپانیای وشە.